# لێرەی بێشوێندا

## دەبوو من ماڵێك لە وێنەی ژنی بادینان بۆ (ئیوان) چێبکەم.

**گفتوگوی: ئەرسەلان مەحمود**

**هەندرێن بوونێکی بێدەنگکراو، ئۆقرە نەگرو نادیاریی ناو، هەڵاتن لە ماڵ، بوون بەپێشمەرگە، پەراگەندە بوون لە هەندەران و ... تاد، زادەی ئەو نامۆبوونەی منداڵێتی هەندرێنن .**
**ئەو تا ئێستاش نازانێ ئەو نامۆبوونەی لە هاوپۆڵ، ماڵەوەو دانیشتوانی گوندەکەی، لەوانیتر بۆ نیگەرانهێنەرترە..**
**لەوە دەچێ بە تێشکێکی بزاوی ئەم کۆ پرس و وەڵامانەوە، ئەو نادیارییەی ناوو شوێنگەی هەندرێن بەدیار بکەون، هەرچۆنێک بێت، لەم ئاخاوتنەدا ئاکام و ڕەهەندگەلێک دەردەکەون.**
**بەرلەوەش بچینە ناو گفتوگۆ، دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەم ئاخاتنە لەسەرەتادا بۆ ئەوە بوو دواجار لەشێوەی چاپکراوێکی تایبەتدا بڵاوبکرێتەوە، لێ لەبەر وەخۆگرتنی ئەرکی چاپکردنی دوا دیوانە شیعریەکەی ( تەوتەم .....) ئەو کارە پێدەچێت مەوداکانی زیاتر خۆی لێبکێشێتەوە، هەروەک چۆن بەشێکی سەرەتایی ئەم گفتوگۆیەش لەیەکێک لەگۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوە، دیارە هەندرێن خاوەن 15 چاپکراوو دەیان وتارو چەندین توێژینەوەی جیایەو، روناکبیرێکە هەردەم ئەوەندی دەنوسێ زیاتر دەخوێنێتەوە..**

**ئەرسەلان مەحمود: زۆربەی خەڵک، یا بابڵێم خوێنەری نووسین و بەرهەمەکانت، نازانن هەندرێن کێیە، ناوی تەواوی چییە، لەکوێ لەدایکبووە، منداڵی و، قۆناغەکانی هەرزەکاری لەچدۆخوو ژیانێکی خێزانی کۆمەڵایەتی و....هتد، بەسەر بردووە، وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ نەبۆتە جێگەی بایەخپێدانی ئێوە، ئایا ناکرێ ڕۆشنایی بخەیتە سەر لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی پەیوەست بەو باسە؟..**

**هەندرێن: راستییەکەی ئەو پرسیارە لەیەک کاتدا هەم دڵبزوێن و هەمیش خەمهێنەرە؛ چونکە بەدیوێکەوە، ئەو پرسیارە ئاسۆیەکمان بۆ ئاوەڵا دەکا کە سەفەرە بەرەو لاواندنەوە، کولانەوە یان ئاوەڵاکردنەوە، بەگۆهێنانی ئەو ئەزموونە بێدەنگکراو، پەنگخواردوو داستان ئاسایە یان نەگوتراوە بکەین کە رۆژگاری منداڵیی و هەرزەکاری پێدەڵێن، بەدیوێکی دیکەشەوە، ئاماژە بۆ رۆژگارێک بکەین کە دەکرێ بەقەدەرێک لەنامۆبوون لەشوێنی خۆت یان خەیاڵاندنی ئەو خودە رەسەنەی کە لەکەسێکی تری گشتییدا دەناسرێتەوە ناودێری بکەین.**

**ئەو رۆژگارەی کە رەنگە ئەو نەوەیەی ئێستا، بەهۆی ئەو دۆخە شلەژاوەی کە ئەمڕۆ تێیدا دەژی، کەرەنگە بەشێک لەهۆکردەکانی ئەو شلەژاوییە، بەجۆرێک لەجۆرەکان، بۆ دەستکورتی نەوەی ئەو رۆژگارەی**

مــن بگەڕێنێتــەوە، کــە دەســتکورتبوو لــەوەی کــە وەرچــەرخانێکی ژێرەکییانــەی جڤــاکیی و ژیــانێکی بەختــەوەر بــۆ نەوەی ئێستا دابهێنێ.

بەهەمــە حــاڵ، مــن ســەرچاوەی پــرس یــان ئــەو نادیارییــەی ژیــانی منــداڵیی، نــاوی خــۆم و شــوێنکاتەی کــە تــۆ ســۆراغی دەکــەیت بەرەهەنــدی جــۆرە تاراوگەیــەک لەشــوێنی خــۆت یــان ســەرەتای ڕەتکردنــەوەی نــاوو شــوێنگەیەک کــە بەویســتی خــۆم نــەبووە یــان ئــەو منــە ڕەســەنە نــەبوو کــە کەســایەتی نــاوەکیی ئــەو منــە خــۆکردە بەئاوێنــە بکاتەوە .

هــەر ئێســتا کــە لەهــەوڵی ئــەوەدام وەڵامێکــی ســادەی بڕواهێنــەر بــۆ ئــەو پرســیارەت بدۆزمــەوە، شــەپۆلگەلێک لەهەســت و بیرۆکــەی خــاو لەزەینمــدا گنگــڵ دەدەن، کــە شــرۆڤەکردن یــان بەرجەســتەکردنەوەیان وەک نــامۆیی منداڵیی شــوێنگەی مــن ئــاڵۆزن. بــەکورتی ئــاڵۆزی نــاو، ژیــان و شــوێنکاتی لــەدایکبوونی مــن، پێویســتی بەســەفەرێکی هێــور بــەرەو ڕاڕەوەکــانی ئــەو مێــژووە نادیــارو دۆخــە نامۆیــەی ڕۆژگــاری منداڵییمــەوە هەیــە. بــەڵام بــەهۆی ئــازار یــان ســەختی ئــەو ســەفەرەوە، تــەنیا دەتــوانم بــەگوزەرێکی بەلــەز چەنــد دیمــەنێک لــەو "نەزانراو"ییەی منداڵیی خۆم و ئەو شوێنکاتە، یان ئەو ڕۆژگارە نامۆیە بچنمەوە.

نادیــاریی ژیــانی مــن، وەک منــداڵی زۆرێــک لەمنــداڵانی ئــاوزەی خــۆم لــەو ڕەوشــە دڕدۆنگــەی ســەرەتای حەفتاکانــدا، بەشــێکی پەیوەنــدی بەئاســتی خوێنــدەواریی خێــزان و گۆشــەگیریی ئــەو دەڤــەرە بــوو کــە منــی تێــدا لــەدایکبووم و هــەراش بــووم، بەشێکیشــی پەیوەنــدی بەچارەنووســی بندەســتیی و وابەســتەیی بــوونی کــوردەوە هەیــە. لــەو ڕەوشــەدا تــۆ خــۆت نیــت بــەدڵی خــۆت و زمانەکــەت نــاوی خــۆت و ناســنامەکەت رادەگەیــەنی، بــەڵکوو هێــزی کولتــوورو دەســەڵاتێکی بێگانەیــە ئــەوەت بەســەردا دەســەپێنێت. بــەمجۆرە بــەدەم ئــەو ڕەوتــەوە ناســنامەی تۆ دەبێت بەبوونێکی بێدەنگکراو یان بە نامۆکراو؛ واتا تۆ هەمیشە کەسێکی تریت .

بــەڵێ ئــەو دۆخــەی ئامــاژەم پێکــرد، چاوگــەی ئــەو ناســنامە نادیارییــەی منــە کــە هــەتا ئێســتاش لەئارادایــە. بۆیــە مــن هــەر لەتەمــەنێکی زووی منداڵییــدا بەشــێوەیەکی خۆڕســک هەمیشــە بەرانبــەر بــەماڵ، نــاو، نــەریت و پەیوەندییــەکانی مــاڵ، مەکتــەب دەوروبەرەکــەم هەســتم بــەنامۆیی نــاو و شــوێنگە، ناســنامە خودییەکــەم و هاونیشــتمانییەکانم دەکــرد. ئەڵبەتــە، تــۆش دەزانــی، لەبنەڕەتــدا نــاوی ئێمــە، ناســنامەکەمان بەئێمــە نەبەخشــراوە. بەواتایــەکی دیکــە: گەوهــەرێک نییــە لەســەرەتاوە ئــەو نــاو و ناســنامەی کــە خــودە ڕەســەنەکەمان دەردەبڕێــت، بەئێمــەی بەخشــی بێــت، بــەڵکوو ئــەو نــاو و ناســنامە کەســایەتییە ڕەســەنە گشــتییەمان لــەئاکامی پرۆســەیەک لەپەیوەنــدیی ڕۆشــنبیرییەکەماندا بەرهــەم دێــت. پرۆســەی ئــەو تــەرزە ناســنامەی کــە هــی خۆمانــە؛ ئەو کەسایەتییەی کە خودی خۆمانە، هەمیشە بەرێگاوەیە، کۆتایی نایێ .

هــەرچۆنێک بێــت، مــن هــەر لەمنداڵییــەوە چێــژم لەگەمــەکردن لەگــەڵ منــداڵی هاوتەمــەنی خۆمــدا نــەدەبینی. نەمــدەتوانی نەریتــەکانی ماڵــەوە قــەبووڵ بکــەم، بــۆ نموونــە، کــە میوانمــان دەهــات حــەزم نــەدەکرد وەک بچــووکترین منــداڵی ماڵــەوە خزمــەتی میــوان بکــەم، حــەزم دەکــرد وەک یاخیبوونێــک لەبەرانبــەر بــرا گــەورەکانم و بــاوکم جگــەرە بکێشــم و ئــەو شــتانە نەکــەم کــە ســەپێنراو بــوون ... تــاد. بــۆ نموونــە، لــەدوای 1975وە کــە ڕژێــم لەزۆربــەی قوتابخانەکانــدا ڕۆژانــە شــیرو پــەنیری سێگۆشــەو خواردەمــەنی بەســەر قوتابیانــدا دابەشــدەکرد، کــەچی مــن چونکــە، وابــزانم پــۆلی ســێ یــان چــواری ســەرەتایی بــووم، بــێ ئــەوەی ئاگاییــەکی سیاســیی ئــەوتۆم هــەبێ، حــەزم دەکــرد ئــەو پــەنیرو شیرە ڕەتبکەمــەوە، کــە ئەمــە بــەجۆرێک لــەجۆرەکان لای مــن یــاخیبوون بــەدژی ڕژێمــی بەعســی بــوو. جــا ڕۆژێکیــان کــە "فــەڕاش"ەکــەی مەکتــەبمان شــیر، پــەنیری سێگۆشــەو خورمــای بەســەردا

دابەش دەکردین، لەخۆمەوە چەند قوتابییەکی هاوپۆلەکەم رازی کرد، کە لەبەر دەرگای پۆلەکەمانەوە ئەو پەنیرانە بەرەو ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەماندا فڕێ بدەین. دواجار هەموو پەنیرەکانمان بەدوای یەکدا هاویژا. یەکسەر بەڕێوەبەرەکەمان بەخۆی و دار حەیزەرانەکەیەوە هاتە دەرو ئێمەش چووینەوە ناو پۆلەکەمانەوە. ئەو مودیرە کە چەند حەیزەرانێکی لەناو لەپم دا، لەخۆمەوە پەلامارم دا. ئەوە یەکەم جارم بوو بەئاشکرا رووبەڕووی دەسەڵاتدارێک ببمەوە، کە بەئاگاییەکی سافیلکانە لای من هێمای ئەو رژێم و سەرچاوەی ئەو نامۆبوونە کەسایەتییەم بوو. هەروەک هەموو ئەو ئیشانەی کە براو باوکم پێیان دەسپاردم، هەموویانم رەتدەکردنەوە یان ملکەچکردن بەرانبەریان ئازاری دەدام. بەکورتی هەستم دەکرد کۆی ئەو ژیانە، ژیانێکی ساختەیە بۆ من .

شایەنی گوتنە، لەو تەمەنە بچووکەدا، زۆر حەزم دەکرد ناوێکی کوردییم هەبێ. ئەمەش رەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو هەستە نامۆییە ساوایەوە هەبوو، کە بەرانبەر هەموو ژیان هەمبوو، هاوکاتیش لەو تەمەندا مامۆستایەکمان هەبوو ناوی یوسف بوو خەڵکی کەرکوک بوو، هەمیشە دەیگوت تۆ برای بچووکمی، بەناوی فەرهاد بانگی دەکردم. هەر لەخوێندنی سەرەتاییدا زۆرێک لەمامۆستاو ئەو یەک دوو هاوڕێیەی کە هاوپۆلم بوون حەزیان دەکرد ناوێکی دیکەم هەبووایە، بۆیە بەناوی تر بانگیان دەکردم .

لەپۆلی پێنج یان شەشەمی سەرەتاییەوە دەستم بەشیعر نووسینکرد، بەڵام بەنازناوێک شیعرم دەنووسی. ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لەو قۆناغەدا هاوڕێی هاوپۆلم ناسیح ئیمام، کە تا پۆلی چواری ئامادەیی پێکەوە بووین، شیعرێکی منی بەنازناوێک، کە نازانم "ئاوارە" یان "دڵدانەوە" بوو نارد بۆ بەرنامەیەک، کە وابزانم ناوی "شیعری لاوان"، کە ئەگەر زەینم هەڵە نەکا، شاعیرێک بەناوی مەدهۆش لەرادیۆی کوردی بەغدا بەڕێوەی دەبرد. ئەوکات قەت هێندە وەک ئەو ئێوارەیە دڵخۆش نەبووم کە لەدەرەوە لەگەڵ ناسیح گوێمان لەو بەرنامەیە گرتبوو، لە هیکرا مەدهۆش بەشێک لەشیعرەکانی منی خوێندمەوە. وامدەزانی دونیا هەموو هی منە. هیچ شتێک هێندەی بڵاوبوونەوەی ئەو پارچە شیعرەم مەستی نەکردم. بەڵام لەوە دەترسام ماڵەوەمان بزانن. ئەوکات و ئیستاش بۆ ماڵی ئێمە کتێب خوێندنەوەو شیعر نووسین بڵاوکردنەوە، مەترسیی یان فێرە بەرەڵایی یان بێ مانایی بوو. ئەمەش لەئاستی ماڵەوەدا، تووشی نامۆییەکی گەورەی کردبووم. بەمجۆرە من بەهۆی ماڵەوەو دەرەوە هەمیشە ناوێکی ترم لەبری ناوەکەی خۆم لەسەر شیعرەکانم دەنووسی. بەمجۆرە کوڕی برایەکم هەبوو کە لەخۆشم گەورەتر بوو هەمیشە بەزۆری شیعرەکانمی لەگیرفانم دەردەهێناو بۆ برایەکانمی دەیخوێندنەوە. ئەمەش شێوەیەک بوو لە گاڵتەکردن بەشیعرو بێزارکردنی من .

کە تەمەنم کەمێک هەراشتر بوو، حەزم دەکرد بەرەو تەنیایی و شوێنێک هەڵبێم، تاکوو بتوانم لەو شوێنگە داخراوەو ناوە نابەدڵە رزگار بم و ئەو ناسنامە کەسایەتییە رەسەنەی خۆم بم و پەرەی پێبدەم. دواجار رۆژێک بێ پارە سەرم بەرەو بەغدا هەڵگرت. لەوێ ئیشی بەردەستی نەجارییم کرد. بەڵام جارێک ماڵی عەرەبێکی دەوڵەمەند داوایان لەو قۆنتەراتچییەی کە من ئیشم لەگەڵدادەکرد کرد کە لەماڵەکەیدا بناخەی ژوورێکی بۆ دابنێ، ئەو قۆنتەراتچییە منی برد بۆ ئەو ماڵەو کارەکەی بۆ دیاریکردم. ئەوەبوو دەبوو نزیک دەمژمێر چواری دوای نیوەڕۆ بێتە دوام و بمابەتەوە بۆ ئەو هوتێلەی کە لێی دەخەوتم، بەڵام من دوای چەند سەعات کە هەستم بەوەکرد خزمەتی دەوڵەمەندێک دەکەم، وازم لە کارەکە هێناو هەتا سەعات چوار لەدەوری ئەو ماڵە دەسووڕامەوە. کاتێک قۆنتەراتچییەکە هات و بینی کارەکەم نەکردووە، حەپەساو وتی ئەوە بۆ ئەو کارەت نەکردووە؟ منیش وتم من نامەوێ خزمەتی عەرەبێکی دەوڵەمەند بکەم.

کابرای قۆنتەراتچی کە کوردێکی کۆیێ بوو دەمێک بوو لەبەغداش دەژیا، بەدەم وەڵامەکەی منەوە پێکەنی و وتی تۆ لێت تێکچووە .

مەبەستم لەوە ئەوەبوو بڵێم، من تا بەر لە پێشمەرگایەتیی، هەمیشە هەستم دەکرد لەو شوێنە نامۆم؛ لەشوێنێکی ترم؛ ناسنامەی بوونی من لەکەسایەتییەکی تردایە. ئەمەش هەمیشە هەستی نیگەرانیی تێدا دەفرازاندم، دواجاریش ئەوە وایلێدەکردم هەمیشە ئۆقرە نەگرم .

بەکورتی هەر لەتەمەنی منداڵییمەوە تا هەرزەکارییش بەرانبەر هەموو تشتێک هەستم بەنامۆییەکی گەورە دەکرد، کە ئێستاش ئەو هەستە بوو بەژیانێکی واقیعی. وابزانم ئەو بارە دەروونییە بوو کە لەتەمەنی منداڵییەتییدا تووشی سەر ئێشەیەکی سەختی کردم، کە دواجار لە پێشمەرگایەتی زانینم ئەوە"میگرێن"ە، کە بەعەرەبی "شەقیقە"ی پێدەڵێن. ئەو سەر ئێشەیە لەو تەمەنەدا وایلێکردم یەک مانگ لەخەستەخانەبم و ئاگاشم لێ نەبێت. ئەڵبەت تا ئێستاش ئەو سەر ئێشە کە هات وەک کورەی ئاسن وایە.

وێڕای ئەمانەش، بەهۆی بوونی چەند مامۆستایەکی جوانی وەک، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، عومەر مەعروف بەرزەنجی بۆ یەکمجار کتێبم خوێندەوەو هەستم بەچێژی شیعرو خوێندنەوە کرد. هەر ئەو مامۆستایەش هانی ئێمەی قوتابی دەدا رۆژانە شیعر بنووسن و بخوێننەوە. لەو رۆژەوە شیعر بووە پەنا یان سێبوورییەک بۆ ئەو هەستە نامۆییەی کە هەمبوو. لەوێوە شیعر بوو بەفەنایەک بۆ ئەو ناسنامە کەسایەتییە رەسەنەی من یان سێبوورییەک بۆ ئەو تەنیاییە روحییە لەئاگایی منداڵیی من بەدەرە. ئەوەبوو یەکەم جار لەرێگای ئەو مامۆستایەوە داستانی خەج و سیامەندم ناسی. دوای مەکتەب چوومە دەرەوەی گوند تا ئێوارە هەموویم لەبەر کرد. شەوانە کە لەژوورێکدا دەیان لەبرا گەورەو خوشک و باوک و دوو دایکم دەخەوتن، لەبری ئەوەی ئەرکی مەکتەب بخوێنمەوەو بنووسمەوە، کەچی لەبەر فانۆسێکدا بەدزی ماڵەوە ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە کە مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزەنجی پێی دەداین.

لەو روانگەیەوە ئەو نادیارییەی ناو و شوێنگەی من، پەیوەندی بەو سەرەتا نامۆییەی منداڵیی بەرانبەر بوونەکەی خۆیەوە هەیە. دواجار لای من ئەو نامۆ بوونە بوو بەخود ئاگاییەک و سەرهەڵگرتن لەو ناوەو شوێنگە داسەپاوە، یان دابڕانێک لەو ناسنامە کەسایەتییەی کە هی من نەبوو، بەڵکوو هێزێکی دەرەوەی من سازیی کردبوو. ئەمەش بوو بەسەفەرێکی رۆشنبیریی بەرەو داهێنان و بەرجەستەکردنەوەی ئەو ناسنامە کەسایەتییەی کە لەمنداڵییەوە ببوو بە پرسیارێک لەناخی مندا .

بەمجۆرە، ئێستا لام وایە، هۆکردی نادیاریی ناو، شوێنەکەم، خودی نووسین، هەڵاتن لەماڵ، بوون بە پێشمەرگە، پەراگەندە بوون لەهەندەران و ... تاد، زادەی ئەو نامۆبوونەی منداڵییەتی من بوو بێت. بەڵام ئێستاش نازانم بۆ ئەو نامۆبوونەی من لەهاوپۆڵ، ماڵەوەو دانیشتوانی گوندەکەمان لەوانیتر نیگەراهێنەرتر بوو! چونکە هیچێک لەهاوپۆڵەکان، ماڵەوەمان و خەڵکی گوندەکەمان، وەک من، تووشی ئەو نامۆبوونەو ئەو ئاکامە نەبوون کە من تووشی بووم. لەوە دەچێ بە تێشکێکی بزاوی ئەم وەڵامانەوە، ئەو نادیارییەی ناو و شوێنگەی منی بەدیار خستبێت؟ هەرچۆنێک بێت، لەئاخاوتنەکانی داهاتوومانەدا ئاکام و رەهەندەکانی ئەو پرۆسەی نامۆبوونە لەژیانی مندا دەردەکەون.

بەڵام وەڵامە فەرمیی یان سادەکەی ئەو پرسیارە ئەوەیە، کە پێناسەی من بەگوێرەی " دەفتەر نفوس"ی رژێمی رابردوو، کە لە 1976 بە هۆی داوای قوتابخانە بوو یان نازانم، بێ ئەوەی خۆشم ئاگام لێ

بێت، ئەو دەفتەر نفوسەم هەبوو). هەر بۆیە تا لە شار دەژیام بە یادم نایێ ، مەگەر ناچاری نەبێ، نە ئەو دەفتەر نفووسەم هەڵگرتبێ و نە بەهی ناسنامەی خۆشم دەزانی، ناوی من: مەهدی حوسێن ئەحمەد، لەساڵی 1963، لەدەڤەری کەندێناوەی هەولێر لەدایک بووم .

**ئەرسەلان مەحمود:** کەوابوو منداڵ ، منداڵێتی، ئەو پەڕە کاغەزە سپیە نییە، دڵخوازانە چیت بووێت لەسەری بنووسرێت، دواجار ئەویش بوونەوەرێکە ڕوانین و، هەستی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمەیەک کەخاوەنی ئەو خوێندنەوەو تێگەیشتنە نین و، ژیانێکی تەژی لەئازار یا دایک و باوکێکی بەمانا مەعریفیەکەی نا تەندروستمان هەیە، چۆن دەتوانین خۆمان لەوە ڕزگار بکەین، پێتان وا نییە ئەوە بێت کرۆکی گرفتەکە؟

**هەندرێن:** روانگەی منداڵ وەک بوونەوەرێکی بێئاگا، یان وەک "پەڕە کاغەزێکی سپی"، پەیوەندی بەجیهانبینی هزرڤانانی ناوەڕاست یان پێش ڕۆشنگەرییەوە هەیە. لەوێدا بەگشتی گریمانە فەلسەفییەکانی مرۆڤخوازیی (هومانیزم) و لایەنی هەستەکی بەسەر بیرکردنەوەی فێلەسووفاندا زاڵبوو. بەمجۆرە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی چاک و گەردوونی وێنادەکرا. دیدی فێلەسووفانی ئەو سەردەمە ئەوە بوو، کە منداڵ "کاغەزێکی سپی"یە، کە بەلاتینی "تابولە راسە"ی پێدەڵێن، بێ هیچ تایبەتمەندییەکی کەسایەتی لەدایک دەبێ و مرۆڤە هەراشەکان، باوک، براو دەوروبەر بە کەیفی خۆیان ئەو "کاغەزە سپی"یە پڕ دەکەنەوە. لەسەدەی دوازەدا توماس ئەکیونۆ ئەو دەستەواژەی بەکارهێناو پاشان جۆن لوک لەسەدەی شانزەدا ئەو پێناسەی کرد کە تا ئەمڕۆش لەئارادایە. بەکورتی لوک پێی وابوو کە چۆن سەرەتا تێگەیشتنەکان بەرێگای بینین و دواجاریش کۆی ئەزموونەکانە کە ئەو شێوە لەمنداڵ دەسازێنێ کە بتوانێ بیر بکاتەوە. هاوکاتیش، ئەگەر بەبیرت بێت، رۆسۆ لەرۆمانی "ئەمیلا"دا هەمان بیرۆکەی هەیە، لێ ئەو پێی وایە، چونکە منداڵ وابەستەی مرۆڤە هەراشەکانە، بۆیە مرۆڤ هەراشەکان چۆن حەز بکەن بەمجۆرە منداڵ پەروەردە دەکەن .

ئەم کورتیلە ئاماژەمان بۆ ئەوە بوو، کە بزانین سەرچاوەی وێناندنی منداڵ وەک "کاغەزێکی سپی"، لەکوێوە هاتووە. دیارە دوای ئەو روانگەیە، لەسەدەی بیستدا لەئاستی پەروەردە، کۆمەڵناسیی و ... تاد روانگەگەلی جیاواز سەبارەت بەمنداڵ و منداڵیی لەدایک بوون، کە لێرەدا ئەرکی ئەم ئاخاوتنەی ئێمە نییە لەمەڕ ئەو روانگانەوە بپەیڤێ. لێ ئەوەی بەلای منەوە گرینگە، سەرنجدان یان ئاوڕدانەوەیە لەو منداڵ و منداڵییەی کە وەک تاکەکەسی جیاواز هەڵگری سروشت و تایبەتمەندیی هەستەکیی و بنەماگەلێکی نامۆن، مرۆڤە هەراشەکان ناتوانن بەمەیلی خۆیان پڕی بکەنەوە.

سەبارەت بەمنداڵیی خۆشمەوە، وەک لەوەڵامی پرسیاریی یەکەمدا گوتم، من لەژینگەیەکی یەک ڕەنگ، داخراو و ژیانێکی وشک و بەرتەنگدا لەدایکبووم و لەوێشدا تەمەنی منداڵییم بەسەر برد. لەو ژینگەیەدا کە پێکهاتبوو لەماڵێکی ئازاراویی، دەوروبەرێکی نەریتی. بەڵام، وەک گوتم، هەر زوو حەزم دەکرد هەموو ئەو پەیوەندییە قەتیسماوو نەگۆڕانە ڕەتبکەمەوە کە لەنێوان کۆی پەیوەندی ئەندامەکانی ماڵەکەمان لەئارادا بوو، هەرچەندە من بچووکترین منداڵی ئەو ماڵە بووم. لەمنداڵییەکی زوودا باوک و براکانم ناچاریان کردم هەم بچمە مەکتەب و هەمیش لای مەلای گوندەکەمان ببمە فەقێ. من هەر لەسەرەتاوە، بێ هیچ هاندانێک لەدەوروبەرم و سەرچاوەیەکی رۆشنبیریی، هاوکاتیش کۆی خەڵکی گوندەکەمان و هاوتەمەنەکانم دیندارو مرۆڤی سادە بوون، حەزم لەو گوێگرتنی مەلای گوندەکەمان نەبوو، کە رۆژانە دەبوو لەدوای ئەووە "جزووی عەممە" بڵێمەوە تا ئەزبەریان بکەم. لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەوکات منێکی

منداڵ و بێ کاریگەریی سەرچاوەیەکی جیاوازتر لەوەی کە ژینگەی ماڵ و گوندەکەمان بوو، نەدەچوومە باری ئەو فشارانەی کە دەیانویست وەک "کاغەزێکی سپی" پڕم بکەنەوە؟

لەو هەستە سەرەتاییەوە، ڕۆژێکیان لاسارانە، وەک جۆرە گاڵتەکردنێک، بەهەڵە چەند دێرێک لەدوای ئەو مەلایە گوتەوە، وابزانم دێرەکە ئەوها دەستی پێدەکرد "سیراتەل موستەقیم..."، منیش وتم "وسیراتەل سابوونە..."، ئەویش یەکسەر شەقێکی لێدام. منیش هەڵاتم بۆ ماڵەوە. پاشان لەماڵەوەش دارکاریی کرام. بەمجۆرە ئەو خوێندنی فەقێیاتییەم لا ببوو بەدێوەزمە. لەخۆمەوە زۆر لێی دەترسام. هەر بۆیە، وابزانم، دواجار هەموو شتێکی ئیسلامم لەبەرچاو کەوت. دواجار هەرچەند ماڵەوە زۆریان لێکردم، بەڵام من ڕازی نەبووم لەو خوێندنە بەردەوام بم. هاوکاتیش دەروێشەکانی گوند لەشەوانی چوارشەممەدا لەناو حەوشەی مزگەوتی گوندەکەماندا زیکریان دەکرد. بەڵام نازانم بۆچی زۆر حەزم لەدیمەنی زیکرو بوونی دەروێشەکان دەکرد. بۆیە ئەو شەوانە بەدزی ماڵەوە دەچوومە مزگەوت و لەپشت دەروێشەکان بە ترسەوە لەگەڵ ئەواندا سەرم بادەدا. ئەوەبوو شەوێکیان کە دەروێشەکان لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا زیکریان دەکردو زۆر گەرمم ببوون، لەحەوشەی مزگەوتەکەدا بیرێک هەبوو کە سەری کراوە بوو زۆریش قووڵ بوو، لەکاتی سەر بادانەدا کە خەریکبوو گێژ دەبووم، لەپڕ ئاورم دایەوە، قاچێکم لەسەر دەرگای بیرکە بوو. ئەگەر بە ڕێککەوت ئاورم نەدابایەوە، ڕەنگە بکەوتبامە ناو بیرەکە. سەیر لەوەیە هیچێک لەمنداڵە هاوتەمەنەکانی خۆم وەک من حەزیان لەسرووتی (تەقس) دەروێشەکان نەدەکرد کە شەوانی چوارشەممە نمایشیان دەکرد! بەگشتی ئەو دیمەنانەی دەروێشەکان ئەوکات هەم جۆرە ترسێکی لای من هەبوو، هەمیش جۆرە جادوویەک بوو منی ئاوێزانی خۆی کردبوو. بەمجۆرە لەتەواوی ژیانمدا ئەو دیمەنەی دەروێشەکانم بە یاد دێنەوە. بۆیە لێرە لەسوێد ماوەیەکی زۆر لەسەر سۆفیزم و دەروێشم خوێندەوە. دواجار لەزانکۆ لەبەشی مێژووی هزردا کە کۆرسێک لەسەر جیهانبینی ڕۆژهەڵات هەبوو، من وەک ئەرکێکی ئەو کۆرسە، وتارێکم لەسەر سۆفیزم نووسی. کەواتە ئەو هەستە سەرەتاییانە لەیادەوەرییدا کەڵەکە دەبن و دواجاریش ئێمە لەتەمەنێکی تردا بەرامانێکی تر دەیانخەملێنینەوە. یان ڕۆژانی هەینی کە مەلا لە مزگەوت خوتبەی تایبەتی دەدا، هەموو خەڵک دەچوونە نوێژو پاشان نانیان دەخوارد. ئەگەر ئێمەی منداڵیش بچووباین بۆ نوێژی هەینی، لەماڵەوەو دەوروبەری خۆشەویست دەبووین. ڕۆژێک لەگەڵ هاوپۆڵ و هاوڕێیەکی گوندیم، کە ناوی هاشم نووری بوو، چووینە نوێژی هەینی و لەناو مزگەوتەکەدا لەتەنیشت یەکتر نوێژمان کرد. لەکاتی دوعا خوێندندا مەلاکە باسی خێری کرد، منیش ڕەمەکییانە، بێ بیرکردنەوە دە فلووسی ئەوکاتم هەبوو لەگیرفانم دەرهێناو خستمە ناو دەستی هاشم کە دەستی کردبۆوەو دوعای دەخوێند. خۆشی ئەوەیە هاشم بە پێچەوانەی من زۆر دەم بە پێکەنین بوو بۆیە بەسادەترین شت دەتریقایەوە. جا کە دە فلووسەکەم خستە ناو لەپییەوە، پڕماندی و تریقایەوە. لەگەڵ ئەو پێکەنینەدا پیاوێکی تەمەنداری گوندەکەمان لەتەنیشت ئەو نوێژی دەکرد، یەکسەر بەر شەقی دا. لەوکاتەی کە خەڵکانی گوند بەدڵ دوعایان دەکرد، ئێمەش هەردووکمان بەپێکەنینەوە دەرپەڕین بۆ دەرەوە .

هەر لەو تەمەنەدا کە وابزانم پۆلی سێ و چوار بووم، مامۆستاکان وەک باوکم جەلاد بوون. بۆیە دوای مەکتەبیش نەدەبوو ئێمەی قوتابی بەرانبەریان گەمە بکەین. ڕۆژێکی بەهار بوو، وەک لێم تێکچوو بێت، تۆپێکی پەڕۆیینم دروست کرد، چونکە ئەوکات ماڵەوە تۆپی پێیان بۆ نەدەکڕین، هەوەک کەرەستەی هیچ گەمەیەکی منداڵیشم نەبوو، حەزم دەکرد وەک پەرچەکردارێک لەبەر چاوی مامۆستاکان تۆپانێ بکەم. کوڕی برایەکم هەبوو لەتەمەنی خۆم بوو، زۆرم هەوڵدا یارییم لەگەڵ بکا، بەڵام ئەو لە ترسی

مامۆستاکان نەیوێرا. پاشان من بەتەنیا لەدەروەی ماڵەوە لەسەر ڕێگایەک کە بەرانبەر ماڵی مامۆستاکان بوو، دەستم کرد بە یاریکردن بەو تۆپە پەڕۆینە. ئێستاش لەیادمە کات دەمەو عەسر بوو، کە مامۆستاکان بۆ پیاسە هاتنە دەرەوەو سەیری منیان دەکرد، منیش تاکوو زیاتر یاخی بوونی خۆم نیشانبدەم، بەگوڕو جۆشتر شووتم لە تۆپەکە دەدا. بەڵام کە شەو داهات، لای من هاتنی بەیانی دۆزەخ بوو، بۆیە حەزم نەدەکرد شەو کۆتایی بێت. سبەینێکەی کە چوومە مەکتەب مامۆستایەکیان زوو بانگی کردم و تێری لێدام. سەیر لەوەیە، ئەو تۆپانێیە هەر تەنیا منی تووشی ترس لەتۆڵەی مامۆستاکان نەکرد، بەڵکوو ئەو هاوپۆلانەی کە لەکاتی گەمەی تۆپانێی تەنیای خۆمدا نەدەوێران نزیکم ببنەوە، هەترەشیان چوو بوو .

خۆتان دەزانن، ئازار یان ڕووداوە تراژیدیە کۆمیدییەکانی هەر یەک لەمنداڵی ئێمە، سەیرو سەمەرەن. لێرەدا یەکێک لەو ڕووداوە سەیرانەی کە لەو تەمەنە منداڵییەدا تاقیکردنەوەیەکی یەکجار سەخت بوو، ناکرێ نەیگێڕمەوە: شەوێکیان دایکێکم دووپشکی پێوەدا، بەو شەوە لەماڵەوە پیاڵەیەکی بەتاڵیان دامێ و ناچاریان کردم بیبەم بۆ لای مەلای گوندەکەمان تاکوو پڕی ئاوی بکاو دوعای لەسەر بخوێنێ و پاشان دایکم ئاوەکە بخواتەوەو ئەو شوێنەی پێ بشوا کە دووپشکەکە پێیوەدابوو. منیش لەناخەوە هەم زۆر گاڵتەیەکی ساویلکانەم بەو بڕوایە دەهات و هەمیش زۆر شەرمم دەکرد بچمە ماڵی ئەو مەلایە. بەڵام ناچار لەگەڵ کوڕی برایەکم بەرەو ماڵی مەلا سابیر بەڕێکەوتین. کاتێک چووینە دەرەوە نە ئەو و نە منیش حەزمان نەکرد بچینە ماڵی مەلا. لەپڕ ئەوەم بەخەیاڵ داهات کە بچین لەحەوزی بیرەکەی بەر دەرگای ماڵەکەمان پڕی ئاوی بکەین و دوای بگەڕێینەوە ماڵ و بیدەینە ماڵەوە کە بەدیار ئازاری دایکم وەستابوون. من بەکوڕی براکەم گوت ئەوە بۆ ماڵەوە نەگێڕینەوە، ئەویش ڕازی بوو. کاتێک کە ماڵەوە بەدەم دوعا خوێندنەوە ئاوی پیاڵەکەیان بە دەم دایکمەوە دەکرد، وێڕای ئەو دیمە خەمگینەش، پێکەنین منی داگرتبوو. دیارە ئەو چارەسەرییە دەبێ هۆکارێکی ئایینیی یان سرووشتی هەبێت. هاوکاتیش بەهۆی ئەوەی کە ئەوکات لەو گوندەدا هیچ خەستەخانەو دەرمانێک نەبوو. بۆیە خەڵک کە دووپشک یان ماری پێوەدەدا، یانیش نەخۆش دەکەوت دەبوو پیاڵە ئاوێک ببەنە لای مەلای مزگەوت یان پیاوچاکێک و ئەویش دوعای لەسەر بخوێنێ و دواجاریش ئەو کەسە ئەو ئاوە بخواتەوە .

گێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی منداڵی بێکۆتایین. بەڵام ئەو نموونانەم بۆ ئەوە هێنایەوە، کە سەرنج لەو هۆکردانە بدەین، کە بۆ منداڵی نەبوو بەو "کاغەزە سپی"یە. دیارە من وێڕای ئەو واقیعەی ماڵ و دەوروبەر، دڵگیرییەکی زۆرم بەرانبەر نهێنییەکانی سروشت هەبوو. دیمەنی ئەستێرە و ناوەکانیان. بەتایبەتیش لەشەوانی هاویندا کە لەسەر بانی ماڵەکەماندا لەسەر پشت درێژ دەبووم، تا درەنگی شەوان لەجمەو بریقەی ئەستێران ورد دەبوومەوە. لەوێ کشانی ئەستێران لەشەوانی هاویندا گیانی پڕ موچڕکە دەکردم. چونکە لەحیکایەتەکانی دایکمەوە وا تێگەیشتبووم کە ئەستێرە جۆرە بوونەوەرێکی ئاسمانین. هەروەک نهێنی هەڵاتن و ئاوابوونی هەتاو، پرسیارێک بوو هەراسانی دەکردم. باران و گەواڵە، ڕاکردنی خێرای تەمی دوای باران، شین بوون و بۆنی گەرم و شێداری گیاو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بەهاران، زەوی قاوەیی و خۆڵەپۆکی هاوینان، کە ڕۆژانە وەک بە هانا چوونێک میزم بەو شوێنە خۆڵەپۆکانەدا دەکرد، وامدەزانی تێنوویەتی ئەو زەوییە دەشکێنم. لەبۆیە من لە"زەمەنە سەرابییەکانی سەر پشتی مانگایەک"دا، هەستەکانی ئەو ڕۆژگارەم لەو دەقە پەخشانییەدا وێنە کێشاوە. گێژەلوولکی هاوینان کە وەک وێنەیەکی سیحری هەموو جۆرە شتە کەوتووەکانی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت و بەتیژی خلۆر دەبۆوەو منی منداڵیش بە تاسەوە بە دوایدا غارم دەدا تاکوو لەگەڵ خۆیدا بەرەو دوور دوور هەڵمبگرێت. لەوێدا لەو تەمەنەدا زۆر

حەزم لەسەیرکردن و تێگەیشتنی هەندێ لەزیندەوەرە، خشۆک، باڵندەو چۆڵەکان بوو. لەوانە هاتنی قەتێ، کە لای من باڵدارێکی تا حەز بکەی جوان و ناسک، بێدەنگ و دڵبزوێن بوو، لەهاوینان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنە دوورەکان لەپاییزدا، ببووە پرسیارێک تا تەمەنێکی تەواو تێی نەگەیشتم. ئەوکات خۆزگەم بە سەفەری ئەو قەتێیانە دەخوارد. هەمیشە کێویەتیی و تەنیایی ئەو باڵندە زیندەوەرانە خەیاڵیان داگیر کردبووم .

ئەو هەست و ئەزموونە ساوایانە، لەپاڵ ئەو رووداوە ئازاراوییانەی نێوان پەیوەندییەکانی ماڵ، نادادپەروەریی نێوان خەڵکە هەژار و بێهێزەکان و دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارەکانی گوندەکەمان و ... تاد، وەک دوو جیهان لەگیان و یادەوەریی مندا لەململانێیەکی ئاڵۆزدا دەژین. ئەو یادەوەرییەش سەرچاوەیەکە کە دواجار تۆ ناسنامەکەی خۆتی لەسەر بونیات دەنێی.

لەو روانگەیەوە، دیدی من، منداڵ لەژێر ئەو ئازارو فشارانەی کە تۆ باسیان دەکەی، دوو تەرزە منداڵ و منداڵیی بەرهەم دەهێنن:

1. منداڵ و منداڵییەکی کەمۆ (ماڵیی) و ملکەچ بەرانبەر مرۆڤە هەراشەکان؛ واتا ئەو "کاغەزە سپی"یەیە کە مرۆڤە هەراشەکان بەکەیفی خۆیان پڕی دەکەنەوە.

2. منداڵ و منداڵییەکی یاخی. سەرەتا ئەو چەشنە منداڵە کۆمەڵێک تایبەتمەندنی خۆڕسکی تێدایە، کە نامۆیە بەشوێنگەکەی. ئەو منداڵە بە ویستێک لەهێزێکی ناوەکی کە بەشێکی تایبەتمەندیی خۆیەتیی و بەشێکیشی کاریگەریی بوونەوەرە جیاوازەکانی سروشت و ئەو هەستە بینراوو ئەزموونە چکۆڵانەن کە وا لەمنداڵییمان دەکەن نە مەیلی وابەستە بوون بەدەسەڵاتدارانمان تێدا بڕسکێ و نەخۆشمان خولیای دەسڵاتخوازیمان هەبێت.

لێرەوە دەکرێ ئەو ئازارو فشارانەی کە لەژیانی خێزان و دەوروبەرمان هەن و ئەوانیش بەوانەوە ئێمە فرچکدەدەن، وەک هەستێک لەبینینە دەرەکییەکان سەیریان بکەین. ئەو ئەزموونگەلە لەئازارو ژانەی خێزان و دەوروبەرمانیش لەیادەوەرییماندا کەڵەکە دەبن و دواجاریش لەو ململانێیەی کە لەنێوان هێزی ناوەکیی و هێزی دەرەکیی ئێمەدا دەستپێدەکا، یان ئەو شێوەمان لێ دەسازێنێ کە نەریتی ماڵ و ژینگەکەمان سازاندوویانە یانیش ئێمە بەو هێزە ناوەکیی، ئەو هەستی بینین و ئەزموونە زیندووانەی کە لەیادەوەرییماندا شوێنپێیان بەجێهێشتووە ناسنامە خودییەکەی خۆمان بەرهەمدەهێنین. ئەمەش جۆرە دابڕانێکی تاکەکەسییە لەو ئازارانەی خێزان و دەوروبەرەکەمان، کە رەنگە شەڕی ئەو ئازارانەو ئەو ناسنامە خودییەمان، لەتاراوگەی شوێنیش هەرگیر هەدادانمان نەدا.

لێرەدا، بە تەرزە شرۆڤەیەکی ئاوەڵا لەروانگەی دێڤید هیومەوە، بڕوام وایە کاتێک یادەورەریی ئێمەی منداڵ وەک "کاغەزێکی سپی" بەو ئازارانەی، کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەی، تژی دەکرێن، ئیتر ئێمەی منداڵ بە گوێرەی رادەی ویستی ناوەکیمانەوە هێدی هێدی لەو ئەزموونە هەستەکییانەوە جۆرە تێگەیشتنێک لەرەنگ، شێوە مەیلی تایبەت بە خۆمانیان لێ دەسازێنین. ئەو هەستکردنانەش لەیادەوەریی ئێمەدا دەژین و دواجاریش ئەوانە بەشێوەی جیاوازەوە لەخەیاڵماندا ئاوێتەیان دەبن و دەیانخەملێنین. بەمجۆرە روانین و بیرۆکەکانمان لەهەمبەر بوونی خۆمان و دەوروبەرماندا دەخەملێن. دیارە لەدەستپێکدا ئەو بیرۆکانە بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆچوونگەلێکی نەخەملیوون کە لەو تێگەیشتنە سەرەتاییانەوە هەڵقووڵاون. لێرەوە

ئەو بیرۆکە ساوایانەی منداڵیی و بگرە تا دەگاتە قۆناغی دوای هەرزەکاریی و پێگەیشتن، لەو کێشمەکێشە ناوەکیی و دەرەکییەکانەوە لەدایک دەبن. دواجاریش لەتەمەنی هەراشییدا ئەو بیرۆکانە لەئاستێکی رۆشنبیرییدا کاریان لەسەر دەکەین و دەیانکەین بە بنەمایەک بۆ ناسنامەی کەسایەتی خۆمان روانگەگەلێک لەژیانماندا.

لەو روانگەیەوە، دەکرێ رزگار بوون لەو ئازارو فشارانەی خێزان و دەوروبەرماندا، کارێکی مەحاڵ نەبێت. بۆیە دەبێ ئێمە لەوە بهزرین کە یاخی بوونی منداڵ و منداڵیی لەبەرانبەر ئەو ئازارو خواستانەی خێزان و دەوروبەر، کە دەخوازن یادەوەریی منداڵیی ئێمە بەدڵی خۆیان پڕبکەنەوە، وەک ئەوەی چۆن ئەوە کارە کاریگەریی لەسەر منداڵیماندا دادەنێ، بەهەمان شێوەش دەکرێ بەپێچەوانەیەکەیەوە بێ هیچ هۆکردێک بەرجەستە ئێمە نەبینە ئەو منداڵەی کە خێزان و دەوروبەرمان دەیخوازن. لێرەوە هیچ پەیوەندییەکی سەپێنراو لەنێوان ئەو جۆرە منداڵ و منداڵییە جیاوازنەدا نییە کە رۆڵی خێزان و دەوروبەر، وەک هۆکردێک، لە وێنەی خۆیاندا بەرهەمیاندەهێننەوە .

کەواتە ئەو ناسنامە منداڵییە دابڕاوە لەو ئازارە خێزانیی و فشارە جڤاکییانەدا، بەرەو ئەو ئاراستەیەدا دەڕوا کە لەنێوان ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکانماندا لەئارادایە. بنەمای ئەو ناسنامە تاکەکەسییە یان تایبەتە لەو هەستپێکردنانەوە لەدایک دەبێ، کە سەرەتا وەک پرسیارو گومان لەپەیوەندییە باوەکاندا سەرهەڵدەدا. بەمجۆرە لەتەمەنی هەراشیماندا کار لەگەڵ بیرۆکەکاندا دەکەین، تاکوو ناسنامە تاکەکەسییەکەمان بخەملێنین. بەمجۆرە ئێمە لەنێوان بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئازارانە و فشارانەی خێزان و دەوروبەرمان و مەیل و ئیشکردن لەگەڵ یادەوەرییمانەوە، ناسنامەیەک دەستبەر دەکەین کە هی خۆمانە، یان وەک ئەوەی خۆمان دەخوازین، ئەوها ئەو "کاغەزە سپی"یەی منداڵییمان پڕ دەنەخشێنین.

دیارە منداڵیی ئێمە هەڵگری هیچ ئەزموونێکی لێکچوو ئاسانی راستەوخۆ نین، کە بتوانێ هەڵگری تاقیکردنەوە جیاوازەکانمان بێت. کاتێک ناوەڕۆکی ئاگایی من لەشوێنێکدا ئامادەیی نەبێت، کەواتە منەکەی خۆشم بوونی نییە. ئەوە یادەوەرییە کە وامانلێدەکا شەپۆلی هەمیشەی هەستکردنەکانمان بناسینەوە، دواجاریش هەر ئەو هەستکردنانەشن بەناسنامەی کەسایەتی، ناسنامەی من ناودێر دەکرێن. کەواتە گفتوگۆکردنێکی هەمیشە یان ئاگاییەکی رۆشنبیریی لەگەڵ یادەوەریی منداڵیی، وامانلێدەکا بچینەوە ناو خۆمانەوە، ئەمەش لەدواجاردا ناچارمان دەکا ناسنامەیەکی جیاواز لەو ناسنامانەی، کە بەرێگای پەروەردەی خوێندن، ماڵ و جڤاکەوە بەسەرماندا دەسەپێنرێن، بۆ خۆمان بەرهەمبهێنین.

بەهەمە حاڵ، پەرۆشخۆریی بەرەو ئەو منداڵییەتە، وەک پەرۆشیخۆریی بۆ ناسنامەیەکی بێگەردمان، هەرگیز کۆتایی نایێ. کەواتە لێرەدا با ئێمەش، بەئاوڕدانەوەیەک لەچرپاندن بۆ ئەو یادەوەرییەی منداڵیی، لەنیوەرێی ئەو سەفەرەدا پشووێک بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پەرۆشخۆری گاڤی داهاتووی ئەو سەفەرە هەڵکێشین.

ئەرسەلان مەحمود: بەم وەڵامەتان گوتەیەکی ( بۆرخێس ) هاتەوە بیرم، ئەو دەڵێ " گەورەترین ساحیر ئەو کەسەیە سیحرێکی وا لەخۆی بکات کە وەهمەکانی خۆی لەشێوەی تارمایی سەربەخۆدا بێتە بەرچاو"، ئایا هەر لەسەرەتاوە ئەوە حاڵی ڕاستەقینەی ئێوەش نەبووە ؟ هەر بەراست تائێستاش خەونی لەو جۆرە دەبینن؟ ئایا شڵەژاندن و خوڵقاندنی گومانبینی ژیان لەمناڵی و هەرزەیدا ڕەنگدانەوەی بۆ؟

هەندرێن: خولیای بۆرخیس وەک "ساحیر"ێکی دانسقەو ڕێزپەڕ ئەوەبوو، سنووری نێوان خەون و ژیان مەفحبکاتەوە، بۆیە مرۆ کە دەقە خەونزانەکانی دەخوێنێتەوە وا دەزانێ زنجیرەیەک لەزیندەخەو یان جیهانێکی ساحیرانەی سەربەخۆی دەخوێنێتەوە. بەمجۆرە خودی بۆرخیس توانی ببێتە ئەو ساحیرە کە"تارمایی" خۆی و زمانەکەی بکاتە مەتەڵێکی سەربەخۆ .

راستت دەوێ، دوور لەبەراوردکاریی، دەکرێ بڵێین، من لەو ژینگەیەی کە ئەزموونی منداڵیی ، هەرزەییم تێدا بەسەر برد، هیچی ترم نەبوو لەوەی زیاتر بچمەوە ناوەوەی خۆم. دواجار بۆ ئەوەی ئەو جیهانە ناوەکییە هۆگریی و ئاشتبوونەوەیەک لەگەڵ خۆیدا دروست بکا، لەباڵەفڕییەکی ڕەمەکیی زیاتر، هیچی تری نەبوو سێبووریم پێ ببەخشێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا شۆڕبوونەوەیە بەناو تەنیاییدا. سەرەتا وتمان، لاتەریک بوونی من لەروشی باوی منداڵانی ئاوزەی خۆم و بێزار بوون لەپەیوەندییە داڕێژراوەکانی ماڵ و دەوروبەر، جۆرە فڕێدانێکی گۆشەگیریی و فڕێدانێکی ناچاری من بوو بەناو خەیاڵاندن. ئەمەش دۆخێکی تژی لەژانی دەروونیی دروستکرد. ئاکامی ئەمەش گیرۆدەی ناخێکی راماوی کردم، کە لەو تەمەنەدا ترسناک بوو. ئەو چوونە ناو خودە، رامانە بەچاوی ناخ، سەرەتای تارمایی ئەو تەنیاییە بوو کە 27 ساڵە بەدوامەوەیە. کەواتە ئێستا، بیجگە لە نووسینەوەی ئەو تارماییە، خۆ کردن بەتەرزە تەرماییەک نەبێت، ڕێگایەکی تر لەبەردەم ئەو ئەو بوونە ناوەکییە تەنیاییە نەماوەتەوە. سەرچاوەی ئەو دۆخەی بوونی من، هەڵکەوتی ئەو منڵییەتییە، کە گەڕانەوە بۆی مەحاڵە. هەرچەندە لەوەتەی لەسوێدم بەدوای دۆزینەوەی هۆکردێکی لۆژیکی ئەو هەڵکەوتەی مندڵیی خۆم سەرقاڵم، بەڵام هەموو ئەو بیانۆیە لۆژیکیی و هەستەکیانەی کە هەن، هەدادانم نادەن .

دیارە لەبەراییڕا، لەمنداڵییدا ئەو "وەهم'انە سیحرێک نەبوون کە منداڵی لەئاستی ئاگاییەکی رۆشنبیرییدا فامی کرد بن، بەڵکوو مەحاڵی ئەو ئاشتبوونەوەی منداڵی بوو لەگەڵ ئەو ژینگەی کە بۆ منی منداڵ و هەرزە بە تاڵ بوو لەهەموو دڵبزواندنێک .

لێرەدا بۆ ئەوەی بە دەست نەبوونی وەڵامێکی سێبووری بەخش بۆ کێشەی چارەنووسی ئەو دڕدۆنگیی و گومانە منداڵییەی، کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەیت، سەرگەردان نەبین، هانا بۆ ئەو کۆپلە شیعرانە دەبەین کە لەکاتی جیاوازدا سۆراغی ئەو "تارماییە سەربەخۆ"یەیان کردووە:

"تۆ ناخێکی راماویت و لەراڕەوی چۆڵستانێکدا،

کات لەسەمتی رۆژێکی سەرقاڵ بە ناوەختییەکەی دەچنێتەوە.

منداڵێک تا چاوبڕکا لەرێچکەی ناو درەختەکانەوە غاردەدا.

بێدەنگی لەناو یەکەی خۆیدا دەپچڕێ و بەناو نادیاریدا پەرشدەبێتەوە.

غەڵبەغەڵبێک بەرەو دواوە هەڵتدەگرێ:

ئایا دەگەیتەوە ئەوێ؟" (شیعری، ئاوێنەکانی خوێن، 2003)

بەمجۆرە دواجار رەنگە سیحری ئەو منداڵییە، ئێستاش وەک "تارماییەکی سەربەخۆیی"، هەمیشە، وەک چۆن لەمنداڵییدا وامدەزانی هەڵاتن لەماڵ و چوون بۆ ناو ئاپۆرەی شارێکی دووری وەک بەغدا، کە یەکەم

تاقیکردنەوەی هەڵاتنی من بوو، دواجار بەرەو چیاکان، بوونە پێشمەرگە، لەمەیلی فڕین، هەمیشە سەرهەڵگرتن بەرەو جیهانێکی دیکەی نادیار یان بێکۆتاییدا خۆی بنوێنێ :

لەناوەکمرا: باڵگەلی پەیڤەکان؛

کۆچگەلی ناوەکی،

ئاورێکی لەسەر سەربانی هاوینییە.

ها ئەوە رژانی ئەستێران،

لە گەمەی کۆچکوچەی ڕێگای کاکێشان،

برووسکەی گلۆپی کۆلارەی بن ئاسمان،

چاوشلکێی ئەستێرەی گەلاوێژ،

لەمدیوی غوباری شەوانی پێدەشتان،

شاگەشکەت دەکا:

منداڵی ئەم ناوەت. (شیعری، هەندرێن، 2007)

ئەرسەلان مەحمود: لەلاویتی و هەرزەکاریدا، هەڵاتن جۆرێک سەرکێشی و، فڕینیش باڵێکی بەرەو چیاو پێشمەرگایەتی پێبەخشی، بەرلەوەی جارێ باسەکەمان بەرەو ئەوێ بەرین، دەمەوێ بزانم چی لێسەندی، چی لەخەم و ئازارەکانت زیادو کەمکردن ؟..

هەندرێن: لەوەدەچێ چارەنووسی مرۆڤ، ئازارو چێژی خۆشییەکانی، لەو سەرەتای منداڵییەوە رەنگبگرێت کە هەوڵماندا لەسەرەتای گفتوگۆکەماندا پێناسەیەکی بۆ بکەین. لێرەوە چارەنووسەی، ئەو لەدەست چوون و "خەم و ئازار"انەی کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەی لەو سەرەتای منداڵییەوە دەستیان پێکرد کە هەستمکرد ئەو ژینگە، ماڵ، گەمەکانی منداڵان، نەریتی دەوروبەر، قوتابخانەو ... تاد نامۆن بە من. بەمجۆرە من بەهۆی ئەو هەستە دژە بەرانبەر ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییە، وەک منداڵێکی لاتەریک لەجیهانی منداڵانی ئەو ژینگەیەدا بێبەش بووم و هەمیش لەنازی ماڵ. دیارە شتێکی بەڵگەنەویستە، ئەگەر مرۆڤ لەهەر تەمەنێک بێت لەگەڵ رەوت، نۆرمەکانی ماڵ و ژینگەکەی نەگونجێ، خوێن تاڵ دەکرێ. ئاکامی ئەمەش گیرۆدەبوونی ئازارێکی ناوەکیی، شەرێکی نەبڕاوەیە لەگەڵ خودی خۆیی و ژینگەکەیدا. مرۆڤ لەهەمووو جیهاندا داوای لێدەکرێ تۆ ئەو کەسایەتییە بیت کە گشت خەڵک بە دڵیانە: گوێڕایەڵی باوک، برا، مامۆستا، پیاو "نەک ژن" ە دەسەڵاتدارەکانی دەوروبەر و جڤاکەکەت بیت. ئەگەر وا نەبوویت ئەوە تۆ هەمیشە سەرکۆنە دەکرێی، لەهەموو مافێکت بێبەشت دەکەن، هەوڵدەدەن ریسوات بکەن.

بەمجۆرە من وەک چۆن لەتەمەنی منداڵییدا کاتەکانم بە خۆزگەو خەونبینین بەهەورە کۆچکردووەکان، گێژەلوولکەی هاوینە گەرمەکان، لاوفاوی ئەو بارانە بەخووڕانەی کە بە ناو کەندەکانی ئەو دەڤەرەدا سەریانهەڵدەگرت، ئەستێرە دوورەکانی ژێر رێگای کاکیشان، سەرابی سەر رووخساری چیایە دوورەکان و ...

تاد بەسەر دەبرد، ئیستاش، بەهەمان روحەوە، بەئاوێتەیەک لەهەستەوەریی و ویستێکی هزریی، کوشتەی ئەو خەیالاندن و مەیلە مەحالانەم .

ئێستا بەدەم ئەو ئاخاوتنەوە دەربڕینیکی نیکۆس کانتزاکیسم بەیاد هاتەوە کە نزیکەی 20 ساڵ لەمەوبەر خوێندوومەتەوە. کانتزاکسی لە"راپۆرتێک بۆ گریکۆ"دا، بەرێگای راناوی "تۆ"وە باسی ئەوە دەکا، کە مرۆڤە ئاساییەکان، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئاپۆرەی ئەو مرۆڤانەی کە لەمنداڵییەوە وەک " کاغەزێکی سپی" بەدەستی گەورەکان پڕکراوەنەتەوە دەکرێنەوە هەر لەسەرەتاوە پرسیارەکانیان؛ واتا خەون، حەز و ئامانجەکانیان دیاریکراو و ئاسانن: جێبەجێکردنی ئەرکە نەریتییەکانی ژیان، ماڵدانان، ژن هێنان/ شووکردن، منداڵ دروستکردن و ئیش و خواردن، بەڵام، وەک کانتزاکسی دەڵێ، پرسیارەکانی تۆ، کەسێکی پەرۆشخۆر، مەیلدار بەژیانێکی سەربەخۆ، هەرگیز کۆتاییان نایێ .

کەواتە کاتێک ئەو گومانی منداڵییەی من ژینگەو نەریتەکانییەوە سادەیی ژیانی منداڵیی و لاوایەتییەکەی لێسەندمەوە، ئیتر ئەو ئازارو خەمانە دوای ئەوەو ئیستاش هەمیشە لەزیاد بووندایە. چونکە من لەو تەمەنەوە هاوڕەوتی منداڵ و هاوپۆلەکانی ئەو ژینگەیە نەبووم، کە بەچالاکیی و نەریتەکانی ماڵەویاندا بەختەوەر بوون. لەوێوە من بەتەنیا مامەوە. ئاکامی ئەو تەنیاییەش بێماڵیی، لەدەرەوەی سرووتی ماڵ و ژینگە سرووتەکەی، برسییەتی، بێ پارەیی و ژیانێکی سەهەندەیی بوو. دواجار هاوپۆڵەکانم نە لەگەڵ نەریت و پێکهاتە هارارکییەکانی ماڵ، گوندو قوتابخانە تووشی گرفت بوون، نە لەماڵ تۆران، نە بوونە پیشمەرگە. هەموویان وەک میراتگریی خێزانەکانیان کاسبییەکیان دۆزیەوە، ژنیان هێنا، منداڵیان دروستکرد، (ئێستاش هەندێکیان، وەک میراتگرانی پێشمەرگایەتی، خاوەن دەسەلاتی سیاسیی، ئیداریی و مووچەی باشن! پیرۆزیان بێت(.

ئەو دۆخە لەتەنیایی و یاخیبوونە هەستەکییەش بەوەندە کۆتایی نەهات کە بەردەوامی ژیانی رۆژانەی سەختتر دەکرم، بەڵکوو لەهەمووو ئەوانەش مەترسیدارتر، تێکەڵاوبوونی من بوو بەرێکخستنی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" و نواندنی چالاکی سیاسیی و عەسکەریی لەو تەمەنە هەرزەییەدا. ئاکامی ئەمەش، دوای ماوەیەکی کەم، ئاشکرابوونی ئەو چالاکییە سیاسییەی من و هاتنە دوام بۆ قوتابخانە و راوەدوونانم لەلایەن ئەمنەکانی رژێمی لێکەوتەوە. ئەمەش دواجار، وەک ئەزموونی منداڵیی، رووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەختی کردمەوە: یان دەبوو بە شێوەیەکی سەرکێشانە بەرەو چیا و بوون بە پێشمەرگە سەرهەڵگرم، یانیش خۆم رادەستی قەدەری رژێمی بەعس و لۆمەکانی ماڵەوە بکەمەوە. بەمجۆرە، وەک بەردەوامییەک لەسەنگەساریی منداڵییم، رەمەکیی و هەستەکییانە، بێ بوونی ئاگاییەکی رۆشنبیریی و سیاسیی، بێ ئەوەی وێنەیەکم لەئاکامەکانی ئەو سەرهەڵگرتنە هەبێت، رێگای یەکەمم هەڵبژارد .

لەدەستپێکدا ئەو تەرزە لاملییەی منداڵیی بەتێکەڵاوییەک لەچێژی ئازادیی، دوور لەسنوورو مەرجەکانی ماڵ و دەوروبەر، ئازارو خەم دەستی پێکرد: لەژیانی سادەی گوندەوە بۆ ژیانی نادیاریی شار، ئازاد بوون لەکۆنترۆڵی ماڵ و ژینگەیەکی بەرتەنگ، بەرهەڵدانی هەست و خۆدانە دەست سەرەسووڕەو رزگار بوون لەژیانێکی بندەستییەوە بۆ چەشنە ژیانێکی مەیلەو سەربەخۆو ... تاد . هاوکاتیش ئەگەرچی لەمەرجی نەریت و سنوورەکانی ماڵ و دەورووبەر رزگار بووم، بەڵام ئەو ژیانە سەربەخۆیەی ناو شار مەرجێکی دیکەی لەبەرانبەر ئازادی ژیانم قووتکردەوە ئەویش: مەرجی ئابووریی بوو. لێرەوە ئەو ئازارەی ژیان لەچوارچێوەی ماڵەوە بوو بەئازاری کۆی جڤاک. کەواتە ئەو لامليی، گومان و دژایەتییەی منداڵیی من بەرانبەر ماڵ

گەیاندمی بە دورپانێک، کە هەم گەڕانەوە بۆ ماڵی منداڵیی مەحاڵ بوو هەمیش دڵنیایی لەڕێکردن بەرەو ماڵێکی سەربەخۆی داهاتوو .

بەمجۆرە بە دەم ئەو مرکێش مڕکیشە ناوەکیی و سەرمەستییە دەرەکییەی ئەو ژیانەوە نارەزایی و ململانێییەکان هەر لەئاستی ماڵ و ژینگەیەکی گوندییەوە نەمایەوە، بەڵکوو بوو بەنارەزایی و ململانێییەکی مەتریسداتر لەگەڵ کۆی سیستەمی سیاسیی و جڤاکییدا. هاوکاتیش بەدەم ئەو دۆخەوە سرووتی ژیان و شتەکانی گوند، بۆن و رەنگی وەرزەکان، نووستن لەسەر بانی ماڵەوە، کشانی ئەستێرەکان، رۆچوون لەدرێژایی رێگای کاکێشان، بۆنی خۆڵەپۆکی گەرمی هاوینان بەدەم میزکردنی رۆژانەی منداڵی بەسەریا، پەنگدانەوەی بۆنی دوای بارانی خاک لەپاییزان، شەپۆلی سەوزی کێڵگەی گەنم و جۆکان، خوێندنەوەی ئەو کتێبە پەڕ مەیلەو بۆرو ئەزبەرکردنی ئەو کۆپلە شیعرانەی کە مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزەنجی بە قەرز پێ دەدایـن، سەردوولکە ناخگیرەکانی دایکم کە نەمدەزانی ئەو پەرۆشیی و وەڕسییانە بۆ کام یادگاردیی بوون و ئەو سۆزانە لەکام سەرچاوەوە هەڵدەقوولان و بەرەو کوێش منیان هەڵدەگرت، جریوە جریوی بەیانیانی پەرەسێلکە نیرەو مێکانی ناو هێلانەی بنمیچی ماڵەکەمان، غوبار، هورەبای هاوینان کە هەمیشە تووشی سەر ئێشە، بوورانەوەی دەکردم و ... تاد بوون بەجیهانێکی خەیاڵیی و وەڕسییەکی روحیی، رۆژگارێکی کە گەڕانەی مەحاڵ بوو .

لێرەوە، بە واتای سارتەریی، چارەنووسی ئەو منداڵییەی من لەو جیهانە راڕایەدا، وەک هەتیوێک، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو خود ئازادە، بێجگە لەتاقیکردنەوەو چێژوەرگرتن لەو بوونە سەهەندەو گەڕان و سەرکێشییانە، هیچ بوارێکی دیکەی لەبەردەم نەماویەوە .

کەواتە چێژی ئەو منداڵییەی من لەناو ئەو ژینگە سنووردارە و رۆژگارەدا، لە هەستکردن و ئاگاییەکی ناوەکیی لە هەمبەر ئەو هەتیووییەدا بەرجەستەدەبێتەوە، کە ئەو خودئاگاییە لەو رۆژگارەو ژینگە بەرتەنگەدا، دیاردەیەکی دەگمەن بوو . لێ زیانەکانی ئەو هەڵشاخانانەی منداڵیی و هەرزەیی، یان خودئاگاییەی منداڵیی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ من دوای 27 ساڵ زیاتر بەسەر بردنی کۆی ژیانی لاویەتی بە پێشمەرگایەتیی و تەمەنی هەراشی بە ژیانی تاراوگەیی، لە ماڵ و کۆی کوردستاندا نامۆم؛ لە ماڵ و دەوروبەری رۆشنبیریی و سیاسیی کوردستاندا هەروەک کەسێکی تر بم، تارماییەکی پێناسە نەکراو بم.

ئەرسەلان مەحمود: ئەگەرچی سەبارەت بەخوێندن و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیتان، چییەکتان بۆ باسنەکردووم، سەرەڕاش پێم وایە هەندرێن زۆرتر ئاوێتەیەک بێت لەخەیالات و ئەزموون وەک لەوەی تارماییەکی پێناسە نەکراو، ئێوە بیرورایەکی جیاواتان هەیە؟

هەندرێن: ئەوە بەسەرچوو کە ئێمە بەدوای لێکجیاکردنەوە یان ئاوێتەکردنی خەیاڵ و تارمایی خۆمانەوە بین. تارمایی خۆی سێبەری خەیاڵە، هەروەک ئەزموونەکانی من لە چڕی یان پەرتەوازەیی خەیاڵەکانن. بێئۆقرەیی منداڵیی من، هەروەک بوون بە منداڵێکی بێئۆقرە، لە جێنشین بوونی خەیاڵەوەیە. لەوێدا ئەو منە هەمیشە لەگەڵ تارماییەکانی خەیاڵەکانی خۆیدا لە گفتوگۆیەکی بێکۆتایی، تۆران و ئاشتبوونەوەیەکی نیگەران دایە .

دەمویست بڵێم، خەیاڵ رووی دەرەوە؛ دەرکەوتنی یەکەم دیمانەی تارماییە. وەلێ گرینگی ئەو"ئەزموون و خەیاڵە"ی من لەوەدایە، کە ئەو"ئاوێتە"یە بێت هەمیشە رەسەنایەتی یان شوێنپێیەکانی خۆی

ئاوێنەبکاتەوە. لێرەوە من پێم خۆشە هەرگیز لە پێناسەیەکدا بەرجەستە نەکرێمەوە. چونکە مرۆڤ کە پێناسەکرا، نە بەخۆی مەیلی گەڕان بەدوای پەنامەکی پرسیارەکانی تێدا دەمێنێ و نە بۆ ئەوانیتریش وەک بوونەوەرێکی نادیار، دڵبزوێن دەمێنێتەوە. بەمجۆرە حەزی من هەمیشە بەرێوەبوونە؛ بەرەو ئەو کەسەی دیکە، خودە ڕەسەنەکەی خۆم سەفەر بکەم. جێنشینبوون لەخەیاڵ، ئەو جووڵەیە کە بوون بەباو، یان بودا واتانی: لەباخچەی ماڵەکەمدا چوارچمکی روونیشم؛ واتا مەرگ ڕەتبکەمەوە، بۆ ئەوەی شوێنپێی ئەزموونەکانی ژیان و ڕامانەکانم، بوونم شەبەنگی بنوێنن .

لێ ئەگەر تۆ، بە لای کەمییەوە، بە تیلەی چاوێکتەوە شیعرەکانی منت خوێندبێتەوە، دەتوانی شەبەنگی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونانە"ی ژیانی بەدیبکەیت. دەبا وەک هانایەک پەنا بۆ ئەو ڕامانە شیعرییانە بەرین، کە لەوێدا وردتر شەبەنگەلی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونانە" خۆیان نمایشدەکەن:

"باڵێک لە ڕۆح و

جەستەشم ڕۆناکی هەنار.

من چیتر بە ڕاڤەی سەرهاتی هەبوونێک سەرقاڵ نیم

ماڵەکەم دەنگێکە،

لە سرووەی باڵندە و زایاڵەی ئەزموونێک." (باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم ڕووتبونەوەی هەنارەوە)

بۆ ئەوەی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونە" منداڵییە ببنە شەبەنگێک لەئەزموونی پیرییەتیدا، پێویستە بەرەو زمان بگەڕێینەوە، کە جەستەی شیعرە:

"منداڵێک لە جیاتی گۆڵئەستێرەیەک،

شەوبۆیەک بۆ هەتاو درێژ دەکا ".

بەناو بارانی یادوەرییەوە هاتی،

تۆ ئەی بەرەبەیانی پیریی." (باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم ڕووتبونەوەی هەنارەوە)

تۆ دەزانی لەجڤاکێکی وەک کورددا، ئەگەر تۆ لەبارتدا بێت ببیتە ئەو "کاغەزە سپی"یە، مەیسەرکردنی پێناسەکەت کارێکی سەخت نییە. چونکە ئەوە خۆت نیت ئەو پێناسەیە دیاریکراوە دەستەبەر دەکەیتەوە، بەڵکوو ئەوە بنەماڵە و مەرجە ڕەمەکییەکانی جڤاک، نەریتە باوەکانی جڤاکە کە ئەو پێناسەیە بە تۆ دەبەخشن. ئەمرۆش ئەو پێناسەیە باوە لە چەند شتی مایەکییدا بەرجەستە دەبنەوە: بوون بە کەسێکی تەڵەکەباز، وابەستەبوون بە حیزبێک، خاوەن ترومبێلێک، خانووەکی کەمێک گران، ژن هێنان. ئەگەر نووسەر یان شاعیرێک بوویت ئەوەی دەتوانی بە نووسینی چەند شیعرێکی "ئاشقانە" و بەکارهێنانی زمان و شێوازێکی ئاسۆیی، جار جارەش ڕەخنە لە گەندەڵیی و هاوکاتیش پەسندانی سەرۆکێک و ... تاد، ناسنامەکەت ناسراو بێت و ببیە کەسێکی بەختەوەر.

من لەوەتەی هەم بە دژی ئەو ڕەوتەوە ڕۆیشتووم. بۆیە من هەر لەو تەمەنە ساوایەی منداڵییەوە هەمیشە خوێندکارێکی لامل بووم، گرینگیم بە ئەرکی مەکتەب نەداوە و لە خۆشمەوە ئەو خوێندکارە گوێڕایەڵ و مۆدەخوازە نەبوومە .

لە دەستپێکی گفتوگۆکەمانەوە هەوڵمدا، وەک خۆی و زۆر ساکارانە، تیرێژێک لەو ئەزموونی منداڵیی و هەرزەیی خۆم بچنمەوە، لێ وێدەچێ نەمتوانیبێت لەمدیو ئەو بوونە نمایشکراوەی خۆمدا کۆی وردەکارییەکان یان ژیانەکانی ئەو قۆناغانە ڕۆشنبکەمەوە. لەوەدا ویستم بێژم، من تایبەتمەندیی ئەو کەسایەتییەی خۆم لە پرینسیپێک دەبینی کە هەموو ژیانی دەگرتەوە، واتا لای من، هەڵوێست وەرگرتن هەر تەنیا لە بوارێکدا نەبووە، بەڵکوو کۆی نەریتە جێگیرەکان بوو. لەوێدا ئەو شێوە ژن هێنانە بۆ من زیندان یان نەریتێکی پووچ بوو، هەروەک ئێستاش لام پووچە. چونکە ئەوە نەریتێکی جڤاکیی و ئاییینی باوەو مرۆڤ خۆی دەکاتە دیلێکی ئەو سنوورانەوە. لەوێدا ئەڤینداریی دەبێتە سەرەتایەک بۆ کۆتکردنی مەیلەکانی مرۆڤ. بەکورتی ئەو ژنهێنانە بەشێکی بنەڕەتییە لەوەی کە تۆ خۆت بدەیتە دەست ئەو نەریتە بۆماوانەی کە وەک ئەو "کاغەزە سپی"یە، ئەو خودەی تۆ پڕ بکرێتەوە . من ئەوکاتیش، نەک ئێستا بەهۆی ئەوە نییە کە لەسوێددا دەژیم، گاڵتەم بەو شێوە ژنهێنانە نەریتییەوە دەهات و دێت. بۆیە مەحاڵ بوو ژن بەوجۆرە بێنم کە باو بوو و ئێستاش هەر وا باوە. من حەزم دەکرد ئەڤینداری کیژێک بم، کە دانسقە بێت، ئازاد بێت، بڕوای بە ژن و مێردایەتییەکی نەریتیی نەبێت، شۆڕشگێڕ، دژی بەعس بێت، بە کورتی بە مانای ڕوحی ئەوکاتەم یاخی بێت. دیارە ئەو ژیانە ئیدیالییەو کیژە یاخییە کوردەشم ئێستاش نەبینیوەتەوە .

بەڵێ، پێشتر وتم، لەتەمەنی پانزە شانزە ساڵیدا لەماڵەوە سەرمهەڵگرت، ماوەی ساڵێک لەکۆنە خانوویەک ژیام کە وێدەچێ تەمەنی بە قەد قەڵای هەولێر بێت. ئەو تەلارە هوتێلێک بوو کە ئەوکات ناوی "هوتێل خانزاد" بوو. ئەو هوتێلە دەکەوێتە سەر "چایخانەی مەچکۆ". من لەو ژوورە دەژیام کە دەکەوێتە سەرەتای ئەو پەیژانەی کە بەرەو پەیکەرە "داماوەکەی"ی ئێستای ئیبن مستەوفی دەچێت. ژیان لەو هوتێلە زەنگینترین و سەرمەسترین ئەزموونی لاویەتی من بوو. ئەوکات ئەو "هوتێل خانزادە" لانەی مرۆڤە لانەوازەکان، شێتە جوانەکانی هەولێر، ئەو خەڵکە گوندییانەی کە بۆ سەردان یان شت فرۆشتن دەهاتنە هەولێر کە زۆربەیان هی لای خۆشناوەتی بوون، کوڕباز و ژنی لاونەوازە و هەموو مرۆڤە سەیرەکانی کوردستان و بگرە عێراق و میسریش بوو. ڕووداوە سەیرەکانی شەوانەی ئەو هوتێلە بۆ من دڵفڕێن بوون. شەوانە درەنگ هەمیشە ئەو شێتە گەنج و جەستە ساغ و سەر سفرە، چورچە، کە یەکێک لە شێتە سەیرەکانی هەولێر بوو، دەهات لەو هوتێلە بخەوێ. کاتێک ئەو پیاوەی کە لە پرسگەی ئەو هوتێلە کاری دەکرد، ڕێگای بە چورچە شێت نەدەدا، چورچەش دەیکردە ڕۆژی عەشر، هاواری دەکرد و شەڕە قۆچانێی لەگەڵ دیوار دەکرد و تا دەرگای لێ نەکراباوە وازی نەدەهێنا. ئای کە زۆر گوناح بوو. ئەو کابرایە لیقنەی کە خۆی هۆمۆسێکسوال بوو، هێندە بێ ڕەحم بوو، تا چورچە سەری خوێنی لێنەچۆڕاباوە، نەیدەهێشت بێتە ژوورەوە. کاتێک چورچە دەهاتە ناو هوتێلەکە، من دەمهێنا بۆ ژورەکەی خۆمان، کە وابزانم لەو ژوورە بچووکەدا سێ چوار کەس بوو دەژیاین. ئیتر چورچە دەستی دەکرد بە قسە سەیرەکانی خۆی. یەکێک لەو سەربردانەی کە چورچە بۆی دەگێڕاینەوە، گانکردن بوو لەگەڵ ژنە هەولێرییەکان. چورچە چونکە لەشێکی تۆکمە و جوانی هەبوو، دیار بوو ئەو لەشە ڕێک و سەرە سفرەکەی بۆ ژنانی ئەوکات زۆر سێکسی بوو. چورچە ڕۆژانە بە ناو کۆڵانی گەڕەکانی "تەعجیل"، "عەرەبان"، "ناو قەڵات" و ئەو دەوروبەرە دەسووڕایەوە، جا کە چورچە، بە تایبەتی نیوەڕۆیان، بەو کۆڵانانە تێدەپەڕیی، جا وەک

چوورچە خۆی باسیدکرد، ئەو ژنە دەوڵەمەندانەی کە مێردەکانیان لە ماڵ نەدەبوون، دەینابردە ژوورەوە سواری خۆیان دەکرد. دیارە ئەو توێژە دەوڵەمەند و تورکمانانەی ناو هەولێر هەمیشە داخراون، بۆیە ژنەکانیان بواریان نەبوو وەک ژنی گەڕەکە هەژارەکانی تر بێنە ناو شار و چاوبازیی خۆیان بکەن .

هەرەوەک لەو هوتێلەدا پیاوێکی جوامێرم ناسی، کە ناوی عەبدولڕەحمان بوو، بۆ ئەوکات سەرنجکێشترین مرۆڤی کورد بوو کە ناسیبێتم. ئەو پیاوە بە هۆی بێکەسییەوە 20 ساڵ زیاتر بوو لە ژوورێکی 10 یان 15 مەتری تاریکدا دەژیا. عەبدولڕەحمان رۆژانە، بە قسەی خۆی، تەنیا دوو سەعات لە نزیک پارێزگای هەولێر لە ژێر قەڵاتێ کاری وێنگرتنی شەمسی دەکرد. نزیک نیوەڕۆیان بە خۆی بوتێلێک ئارەقەوە دەهاتەوە و کەمێک دەخەوت و پاشان تا ئێوارە دەیخواردەوە. دوای ئەوە دەچوو بۆ "نادی مامۆستایان" و لەوێ دەیخواردەوە و شەو بە خۆی بوتێلێکی تری عارەقەوە دەهاتەوە. ئەو کابرایە، ئەوکات، بۆ من زۆر سەرنجکێش بوو، چونکە دوای ئەوەندە خواردنەوە نەک هەر وەک سەرخۆشان تێکنەدەچوو، بەڵکوو دەبوو بە جوانترین قسەکەر و پیاوێکی هێمن. شەوانە دەچووم لەگەڵی دادەنیشتم و ئەویش باسی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ژیانی سەیر و بێکەسی ئەو بۆ من لە رۆمانێکی سەیر دەچوو. بە کورتی یەکەمجار لە شەوێکی بەهاردا لای ئەو پیاوە ئارەقم خواردەوە. دوای خواردنەوە کە لە حەوشەکەی هوتێلەکە، کە وەک بالکۆنێکی گەورە وابوو، خەوتم، تەواوی شەو گێژ بووم. بەیانی کە هەستامەوە، لەسەر قەلەوێرەکەم کەوتبوومە سەر زەوی. بەهەمە حاڵ، چنینەوەی ئەزموونی ئەو چیرۆکانە و کاریگەرییەکانیان لەسەر من، لێرەدا باسناکرێن .

پیش ئەو ساڵەی کە هاتمە ئەو "هوتێل خانزادە"، لە دیبگە پۆلی چوارەمی ئەدەبیی بووم. بەڵام کۆتایی ئەوساڵە، بە هۆی فشاری ماڵەوە و بێپارەییەوە، چووم بۆ "ئامادەیی برینپێچی" کە لە هەولێر تازە دەستپێکردبوو. گوایە دوای تەواوکردنی سێ ساڵ، دەمتوانی یەکسەر کار بکەم. من زۆر رقم لەو خوێندنە دەبۆوە. چونکە حەزم دەکرد بەشی ئەدەبی بخوێنم و دوای بچم لە زانستگا ئەدەب یان بابەتێک بە دڵی خۆم بخوێنم. هەرچۆنێک بێت، لەو ماوەیەی کە لەو هوتێلەدا دەژیام، بێ پارە بووم، بۆیە ماوەی ساڵێک بەیانیان نابەدڵ بێ نان خواردن دەچوومە مەکتەب و ئێواران یان دوای مەکتەب گەزێکم دەخوارد. ئەوکات رۆستەم حەمەدەمین، کە برادەرێکی دڵسۆزی هاوپۆلم بوو، کە دوایش بووین بە هاوخەبات و پێکەوەش چووینە شاخ ، زۆر جار یارمەتی ئابووریی دەدام .

پاشان ئەو ساڵە لە پشووی هاویندا چوومە بۆ بەغدا و لەوێ کارم کرد. بەمجۆرە بووم بە خاوەن کەمێک پارە. پاییزەکەی کە هاتمەوە، ماڵی خوشکێکم خانوویەکیان لە گەڕەکی "کوران" کڕیبوو کە بە هۆی نەفرۆشتنی خانووە کۆنەکەیان، ئەو خانوویەیان بۆ من ئاوەڵاکرد کە لێی بژیم. هۆی ئەوە بەوەبوو کە گوایە من لەو بەرەڵاییە رزگار دەکەن. ئەوکات ئاسایی نەبوو لەو گەڕەکەدا کوڕێکی لاوی وەک من بە تەنیا بژیت. لەوێدا ماڵێک بەرانبەر ماڵەکەی من بوو، ئەو ماڵە کیژێکی ژێکەڵەی هەرزەکاریان هەبوو، ئاشقم بوو. ئەو کیژە رۆژانە دەهاتە سەر بانی ماڵەکەیانەوە، کە دەیڕوانییە ناو حەوشەی ماڵەکەی من. راستییەکەی ئەو کیژە زۆر سەرکیش بوو، چەندین جار بە شەو و رۆژ لە دەرگاکەی دەدام و دەهاتە لام. جا خۆشی لەوەدا بوو، ئەو کچە حەزی لە دەستبازیی دەکرد، کەچی من باسی کتێب و شۆڕشم بۆ دەکرد. ئەویش دەیگوت تۆ چیت پێخۆشە من وا دەکەم. جا من بۆ ئەوەی لێم دوور کەوێتەوە، دەمگوت ئەگەر بچمە شاخ لەگەڵم دێیت، ئەویش دەیگوت من دڵم نایێ تۆ بە تەنیا بژیت، کێت حەز لێیە، دێم لەگەڵتدا. بەڵێ لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەندان کیژو ژن ئەڤینداریم کردووە، بەڵام من لە ناخەوە مەیلێکم بۆ ژنهێنان نەبووە .

هاوکاتیش هەر لەو هوتێلە و ئەو خانووەی کە تەنیا تێیدا دەژیام، کەوتمە ناو سیاسەت و خەباتی نهێنییەوە. لەوێدا نەخشەی ئەوەمان هەبوو کیژی دەوڵەمەندترین پیاوی  هەولێر، کەماڵیان نزیک "ئاوی کەس و سۆر" بوو بفڕێنین و لە ماڵە تەنیاکەی مندا دیلی بکەین، تاکوو پارەیەکی زۆر لە باوکی وەربگرین و بینێرین بۆ "کۆمەڵەی ڕەنجدەران"، کە ئەوکات وا فێرکرابووین، کۆمەڵە لە یەکێتی جیاوازەو بەشێک لە گفتوگۆکانی ناو کۆبوونەوەکانمان، ڕەتکردنەوەی مام جەلال و جەلالی بوو! بەهەمەحاڵ، من کە لە 1981 دا پەیوەندییم لەگەڵ "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئاشکرا بوو، لە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی"ئامادەیی برینپێچی هەولێر" بووم.

بۆ مەسەلەی ژنهێنان، کە سۆراغی دەکەی، گوتم کە من ئەو ڕۆژگارە، هەروەک ئێستاش، ڕوانینێکی زۆر ئایدیالانە یان ڕادیکالانەم هەبوو بۆ ژیان بە گشتی و بە تایبەتیش پەیوەندی خۆشەویستی. بۆیە ئێستاش لەو چوارچێوەدا من ژنم نەهێناوە. بەڵام هەم لە شاخ ئاشق بوومەو هەمیش لەوەتەی لەسوێد دەژیم، بە شێوازێکی ئاوەڵا، هاوڕێیانە، لەگەڵ چەندان ژن ژیاوم و ئیستاش ئازادانە لەگەڵ ژنێکی سوێدیی دەژیم، کە لەخوێندنی فەلسەفەدا هاوپۆلم بوو.

کەواتە من لەکۆی ئەو "خەیاڵات و ئەزموون"نانەوە، لە ئاوێتەبوونێکی نێوان "خەیاڵ" و "تارماییەکی سەربەخۆ"دا،  شەبەنگێکی بزواوم. بەڵام من، بە پێچەوانەی نەریتی مێگەلیی نووسەریی کورد، ئەوکاتە بوونم دەناسرێتەوە، کە شەو چاوی لێکنا؛ کە بێدەنگی دەستپێیکرد. لێرەوە من هەر لە منداڵییەوە وەک چۆن دژی هەموو هەرارکیی، دەمراستیی دەسەڵاتدارەکانم، بە هەمان شێوەش مەیلێکم بۆ دەمڕاستیکردنی نییە. بۆیە لەوێ، ئەو شەبەنگەی من، نامۆیە.

لێرەدا، ئەگەر نەمتوانیبێت بەرسڤێکی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونە"  پەرتەوازانە چڕ بکەینەوە، دەکرێ دوای ئەو گفتوگۆیە بەر هەڵدراوەمان، بەنیگایەک لەو کۆپلانەوە، بە دیمانە شەبەنگێک لەو "خەیاڵات و ئەزموونانە"وە سێبووری خۆمان بدەینەوە:

"لە گەڕانتدایە مانایەک

لە مانا و لە یادتدایە کۆچەکەت.

باڵێک لە ڕابردوو و

ڕۆچوونێک لە دڵی داهاتوو:

جووتە باڵێکە هەبوونی پەیڤی من، ئاسۆکەم.

........

ئازارێک لە چریکەی جەستەوە

نمایشێک لە یادی شەڕەکان،

لێرەوە بۆ ئەوێ،

له خەودا رادەبی :

نە لێرە و نە لەوێی.

لە نێوان دوو ماوە؛ دوو وڵاتی نامۆدا،

خەونێکە پەرت و بڵاو دەجمێ، دەپەیڤێ:

ئەم منە! (هەروا باڵە دەرەوشاوەکان)

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەگەر باش لێتان تێگەیشتبم، هەندرێن لەمنداڵییەوە پێی وابووە مرۆڤ پشتی بەئاین و ئایدۆلۆژیەکان بەستووە تاژیان و، چارەنووسی دیاری بکەن کەدواجار ئەوەش نەبۆتە مایەی بەختەوەرتر بوونی ژیانی، بەهەردوو باردا پێتان وایە مرۆ دەبێ چ ئاڕاستەیەک وەربگرێ؟

**هەندرێن:** راستییەکەی مەبەستی من نە ئەوەیەو نە ئەمەی تریش. ئەوەندەی من هەوڵمدا ئاراستەی ئەم گفتوگۆیەمان دیارییبکا، کیشەی ئایین وەک خۆی یان تەرزە ئیدیۆلۆژییەک نەبووە، بەڵکوو پرسی ئێمە لەسەر منداڵییەکی لامل یان نەسازاو لەگەڵ ئەو نۆرم، سیستەمی نەریت و سنوورە دیاریکراوانەیە کە کۆمەڵ بە پاڵپشتی ئایین یان جۆرە ئایدیۆلۆژییەکی رەها و باڵادەست بەسەر ژیاندا، لە شێوەی نەریت و نۆرمە جڤاکییەکاندا دایدەرێژێت، ئەمەش دەبێتە جیهانبینییەکی باو و دواجاریش دەبێتە پێوانەیەک بۆ سەرکەوتن و بەختەوەریی یان نووشستییەکانی مرۆڤ .

دیارە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا، ئەگەر مرۆڤەکان لایەنگیر یان هاوڕای ئەو بڕوا ئایینی و ئیدیۆلۆژیانە بن کە جڵەوی جڤاک ئاراستە دەکەن و پێناسە باش و خراپەکان دەکەن، ئەوکاتە ئەو مرۆڤانە لە روانگەی بەها و پێوانەکانی ئەو ئایین و ئایدیۆلۆژییەوە، بەختەوەر و سەرکەوتوو دەژمێردێن. ئەڵبەتە لە کۆمەڵگای کوردییدا نەریتە کۆنەکان، دەسەڵاتی خێل، ئایدیۆلۆژیی حیزبەکان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی سەرەکیی پشت بە بەها، رەوشت و روانگە ئایینییەکان دەبەستن. هەر بۆیە تا ئێستاش ئایین "ئەفیون"ی کۆمەڵگای کوردییە. دەسەڵاتدارە تەڵەکەبازەکانی رۆژهەڵات بە گشتیی و بە تایبەتیش دەسەڵاتدارە ئایینی، خێڵەکیی، سێکولارەکان بە چەپ و راستەکانیانەوە بەردوامییەکن لەئاکارو پێکهاتەی دەمڕاستەکانی ئیسلامی سیاسیی. هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییانە دەست لە ناو دەست لەگەڵ بەها، پێوانە سیاسیی و ئەخلاقییەکانی ئایین سوورن لەسەر مانەوەی ئەبەدیی خۆیان، تاکوو بەردەوام توانا، روح و بەهرە جیاوازەکانی تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵ تێکبشکێنن. لێرەوە پرسی ئەو تاکەکەسانە دێتە ئاراوە کە بە پیچەوانەی ئەو پێوانەگەلە کە دەسەڵاتێکی بە رووکەش سێکولار و بە روح و ئاوەز هاوپەیمان لەگەڵ هێزە ئایینییەکان بۆ پرسی بەختەوەریی سەپاندوویانە.

بەڵێ ئەوکات و ئێستاش ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان و پێناسەکانی ژیان دیارییدەکا، هێزە کۆنخوازەکانی ناو جڤاکی کوردیین. ئەوکات ئەو هێزگەلە کۆنخوازە کوردییە، کە پێکهاتەیەکن لە دەمڕاستە ئیسلامییەکان، خێڵەکیی و بەناو نووسەرو سیاسییە تاڵەکەبازەکانی دیکەی جڤاکی کوردیی. ئەو هێزەش ئەوکات و ئێستاش دژی هەموو تاکەکەس و رەوتێکی نوێخوازی کورد بوونە. بۆیە هەمیشە هەوڵیانداوە بە رێگای بەها ئایینییەکان و درووژاندنی نەریتە قەتیسماوەکان، کە لەناخی جڤاکی ئێمەدا کاران، ئەو تاکەکەس و رەوتە نوێخوازانە تێکبشکێنن. بەمجۆرە چونکە ئەو هێزە کۆنخوازە خۆراکی بەهێزی خۆی لەو

پێکهاتە فرەوانەی ناو جڤاکی ئێمەوە وەردەگرێت، بۆیە توانیوویەتی ئەو تاکەکەس و رەوتە نوێخوازە هەمیشە تووشی شکست بکا. لێرەوە من یەکێکم لەو تاکەکەسانەی کە بە ختەوەری ژیان لە ئازادیی و ئاوەڵایی، بڕوابوون بە ویست، ئاوەز و توانا جیاوازەکانی مرۆڤەوە سەیرکردەوە نەک دەرەوەی مرۆڤ یان پەیوەندییەکی داڕێژراوی نەگۆڕ .

کەواتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نامۆبوونی مرۆڤگەل یان یاخی بوونی تاکەکەسگەل لە جڤاکی ئێمەدا، پەیوەندی بەو جیهانبینییە ئایینیی و نەریتخوازە قەتیسماوە هەیە کە بوار بۆ خۆی نەبێ بۆ کەسی تر ئاوەڵا ناکاتەوە کە چێژ لەو بەختەوەرییە وەربگرێ کە خۆی بڕوای پێیەتی .

بەمجۆرە ئاراستەی من هەر لە منداڵییەوە، وەک بەرتەکێکی هەستەکیی یان خودیی، لەو تێگەیشتنەوە دەستیپێکردووە. لە یادمان نەچێ، مرۆڤ کە دەبێ بێبەرییە لە سنوور و چوارچێوەکانی ژیان، لێ دواجار ئەوە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکانی جڤاکن بە ڕێگای ئایین و نەریتەکانەوە لە قاڵبی دەدەن. لێرەوە هەندێ مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە ئاسان نییە لەو قاڵبە داڕێژراوانەدا سندم بکرێن. بەو شێوەیە لە نێوان ئەو تاکەکەسە نەگونجاو یان ناڕازیی و دەسەڵاتدارانەی جڤاکەوە، ململانێ دەستپێدەکا. کەواتە رەنگە بەشێک لەو هۆیانە بێت کە من ئاراستەیەکی ترم بە دژی ئەو ئاراستە باوەی هاوپۆل و خەڵکە وابەستەکانی ئەو ژیانە سنووردارو سەپێنراوە گرتبێتەبەر. لەو روانگەیەوە، ئەو نۆرمە نەریتیی و ئایینیانەی کە لەتەمەنی منداڵیی مندا باو بوون، ئێستاش لە کوردستاندا ئەو نۆرمە نەریتیی و ئایینیانەن بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر و تەڵەکەبازانەتر باڵادەستن. لێرەوە ئەوکات و ئێستاش، ئازادی و بەختەوەریی یان سەروەریی و بەرهەمداریی مرۆڤی کورد لەوەدا دەبینمەوە، کە وەرچەرخانێک لە بەرهەمهێنانەوەی هەمیشەی ئەو دەسەڵاتە ئەخلاقییە ئایینیی و سیاسەتە تەڵەکەبازییەی دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییەکان دروستبکا .

وەلێ بە دەر لەو پەرۆشخۆرییەم بۆ کۆی مرۆڤی کورد، من هەستدەکەم هەمیشە بەرەو ئەو ئاقارەم کە لە چێژی نامۆییەکی هەڵبژێردراو بترازێ، چاوەڕوایی ئامانجێکی تر نیم. ئەمەش بۆ خۆی رەوتێکە لە پرینسیپی تاکەکەسیی. لێ ئەم رەوتەش، بەلای کەمییەوە، بەهایەکی جوانناسیی بەرهەمدەهێنێ. ئەوەش، ئەگەر تەمەن و مەرجە قورسەکانی ژیان نەمگلێنن، بەختەوەرییە.

**ئەرسەلان مەحمود:** کەواتە رۆژهەڵاتنشینان و، لەو نێوەشدا ئێمەی کورد بەتایبەتی تەژیکراوین لەوێنەو بیروباوەڕو بۆچوونگەلێکی وەها کەکۆمەڵگەو ئاین و ئەوانی تر بەسەریاندا سەپاندوین، پێتان وانیە بشێ ئێمەش خاوەن مەزەندەیەکی سەربەخۆی خۆمان بین هەروەک مەزەندەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو؟

**هەندرێن:** دەکرێ لە گۆشەنیگای بەراییەوە هەمووما‌ن لەسەر ئەوە کۆک بین، کە ئێمەی کوردیش وەک بەشێک لە جڤاکە رۆژهەڵاتنشینەکان، لەناو چوارچێوەی نەریتی کۆنینە، جیهانبینییە قەتیسماو و بە پیرۆزکراوەکانی ئایین و بیرۆکەی رووکەشی دەرەکییەوە گیرمان خواردووە. لێ، من لە کۆپلەی دوایی پرسیارەکەت؛ واتا: "ئێمەش"، کە دەشێ "خاوەن مەزەندەیەکی سەربەخۆی خۆمان بین هەروەک مەزەندەی منداڵێکی تازە لە دایکبوو"، تێناگەم؟ ئایا مەبەستت لەو "ئێمەش"ە، تاکەکەسەکانی کوردە یان خودی جڤاکی کورد؟

لەوەش بترازێین، لە بنەمادا کێشەی رۆژهەڵاتنشینەکان ئەوە نییە کە بە روانگەگەلی ئەوانیتر و شرۆڤە نائاوەزییەکانی ئایینەوە گۆشکراوە، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە، ئێمەی رۆژهەڵاتیی ویستی ئەو جۆرە

بیرکردنەوەمان تێدا نییە کە ئەو روانگە و تێڕوانیینە ئایینییانە بکەین بە بنەمایەک بۆ رزگار بوون لەو شەڕە بەردەوام و توووند و تیژیانەی کە ژیانمانی وێرانکردووە. دیارە هەموو جڤاکەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە وەرگرتن و کاریگەریی روانگەکانی ئەوانیترەوە گەشەیان سەندووە. لێ کێشەی رۆژهەلات ئەوەیە نە دەتوانێ لە روانگە خۆماڵییەکانی خۆیەوە ناسنامەیەکی لایەق بە خۆی بسازێنێ و پێکڤە بە کۆویستێکی هاوبەش لە ژیانێکی ئازاددا بژیت و نە دەشتوانێ دەستبەرداری ئەو وابەستەبوونە بە روانگە و بۆچوونەکانی ئەوانیتریش بێت. لێرەوە قەدەریی، هێمنی شاعیر واتەنی، ئێمە "بە دەستی دیلەوە دیلە"؛ کورد کوشتەی روانگە و شێوەی دەسەلاتی ئایینێکە جڤاکگەلێکی وەک عەرەب، فارس و تورکە کە خۆیان پاشکۆی ئەو روانگە لە قوتووکراوانەی ئەویترە، هەروەک سەر بە شێوە جیهانبییەکی وشکەڕۆی ئایینێکی وەک ئیسلامە، کە خۆی هیچ رۆڵێکی لە شرۆڤەکردن و پیادەکردنی رەهەندە گونجاوەکانی ئەو ئایینەدا نییە. بۆیە "مەزەندەکانی ئێمەش" (ئەگەر پرسیارەکەتان، مەبەستی تاکەکەسی کورد بێت) لەگەڵ لە دایکبوون و گاگۆلکێکردنمانەوە بەو روانگە و پەیامە ئایینییە لە قاڵبدراوانە دەمکوت دەکرێن. هەڵبەتە لە دەسپێکەوە ئەو روانگە و پەیامە ئایینییانەی ئەویتر بە شێوەیەکی رەمەکی، خێزان و دەوروبەرمان بە شێوەیەکی دەڤۆکیی و مامەڵەکردن و پەیوەندییەکانیانەوە بەو روانگە و پەیامە بەستەڵەکانەی ئایین فرچکمان دەدەن و دواجاریش بە رێگای قوتابخانە، نەریتی دەمکوتکردن و شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا و سنوورەکانی کۆلان و ژینگەکەمانەوە، ئەو مەزندە خۆیەکییانەی خۆمان لێدەسنرێنەوە .

لەو روانگەیەوە، راستە، هەروەک پێشتریش گوتمان، سەرەتا ئێمەی زارۆک جیهانێکی ئاوەڵاین، هەندێکمان هەر زوو خاوەن خەیاڵ و بنەمای کەسایەتیی سەربەخۆی خۆمانین، ئەو روانگە و نەریتە باوانەی ئایین و جڤاکەکەمان ناتوانن کەوییمان بکەن، لێ لە دواجاردا زۆرینەمان شێوەی ئەو کەسایەتییانەمان لێ دروست دەبێ کە لە ماڵ، قوتابخانە و ژینگە گشتییەکەماندا بالادەست و نموونەی مرۆڤ یان بەهای سەرکەوتوون. لێرەوە، وەک مەرجێکی سروشتی، بەشێک لە ئێمە هەر لە منداڵییەوە دەبینە خاوەن مەزاندەیەک کە دژی ئەو وێنەیە لە ژیان بوەستییینەوە. هەڵبەت ئاشکرایە ئەو تەرزە منداڵە خاوەن مەزەندە و مەیلە رەمەکییە لە ئازادییە هەر زوو، بە هۆی ئەو رەوتارە توووند و تیژ و زاڵمانەی خێزان، خوێندگا و دەسەلاتی سیاسییەوە، تووشی پرۆسەیەک لە ژیانی خوێنتاڵکردن و چەوسانەوە دەبێتەوە. بۆیە، رەنگە، یەکێک لەو پەروەردە رەهایەی جڤاکی ئێمە بێت، کە هەمیشە نەوە دوای نەوە هەمان وێنە لە مرۆڤە وابەستە و نەریتخواز بەرهەمدەهێنێتەوە. بەمجۆرە منداڵێکی لەو چەشنە یاخییە لە جڤاکێکی وابەستە بە روانگەگەلی وابەستە و جیهانبینی ئایین وشکەڕۆ، پرۆسەیەک لە شەڕێکی هەمیشە کۆتایی نەهاتوو. کەواتە ئەگەر ئێمە لە بنەڕەتدا خاوەن مەزەندەی سەربەخۆی خۆشمان بین، بەلام لە دواجاردا سەربەخۆیی ئەو مەزاندانە لە ئاستێکی ناوەکیی نەبێت، هیچ بوارێکی دەرەکیمان بۆ ئەو سەربەخۆییە پێ نابەخشێ. لەو رەوشە ئێمە هەر لە منداڵییەوە ناچار دەبین خەون بە ژیانێکی خەیاڵیی یان ژیانێکی دوور لە ژینگەکەمان یان بوونێکی مێتافیزکیی ببینین. ئەو رەوشەش؛ وێنەی ئەو جڤاکە نەریتیی پاشکۆیەی روانگە دەرەکیی و ئایینییە پیادەکردنە وشکەڕۆیە، لە هەر قۆناغێکدا ئەو مرۆڤانەی ناچار کردووە یان لە گۆشەگیرییدا بتلێنەوە یان روو لە بزاڤێک بکەن کە گوایە هەلگری خەونەکانییەتی یانیش وەک ئێستا باوە سەر بۆ هەندەران هەڵبگرن. بەمجۆرە راستییەکەی هەبوونی مەزەندەی سەربەخۆ لە جڤاکی ئێمەدا، لە ئێستا و رەنگە داهاتووی نزیکیشدا، لە خوێنتاڵبوون زێتر هیچ ئاکامێکی دیکەی نییە و نابێت. لێ دەستەبەردار بوونی مرۆڤ لە مەیل و ویستە سەربەخۆکانی خۆی بە زۆرەکیی و ملکەچبوونی لە هەمبەر ئەو نەریت و روانگە لە قوتووکراوانەی دەرەکیی و ئایینییش، جۆرێکی ترە لە خوێنتاڵبوون و دەعەجانبوونی مرۆڤ، بۆیە دەکرێ

بوونی ئەو تاکەکەسگەلە خاوەن مەزەندە و ویستە سەربەخۆیانە لە پرۆسەیەکی درێژخەیاندا جڤاک تووشی لێکانگیربوونەوەیەکی ناوەکیی بکات و لە ئاکامی ئەمەشدا ئەو جڤاکە ناچار بێت گۆڕان و وەرچەرخانی بەسەردا بێت .

ئەرسەلان مەحمود : کەوابوو با هەڵوێستەیەک لەسەر کولتوبکەین، ئایا مەبەست لەکولتور چییە؟، کولتوری کوردەواری چجۆرە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر ئاڵوگۆڕە مەعنەوی و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەبووە هەیە؟، کولتور چ ڕۆڵ و کاریگەرییەک لەچەپاندن و سەرکوتکردنی کەسێتی تاک یان بەپێچەوانەوە دەگێڕێت؟، وێڕای ئەم کۆ پرسە ئالۆزە کورد خاوەنی کولتورێکی هاوبەش و جێگیرن یا ئاڵۆزو فرەچەشن ؟

هەندرێن: بەر لەوەی لەمەڕ پرسی کولتووری کوردییدا بپەیڤین، بە پێویستی دەزانم، بپرسین: ئاخۆ مەبەستمان لە کولتوور چییە؟ گەلۆ خودی کورد، چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا، لە ئاستی زانستییەوە، بۆ نموونە، لە روانگەی جڤاکناسیی (سۆسیۆلۆژیی)، کولتوورناسیی، خەڵکناسیی (ئەنترۆپۆلۆژیی) و... تاد پێناسەگەلێکی بۆ کولتووری خۆی کردووە، تاکوو لە دیدی ئەو خوێندنەوانەوە بتوانین راڤەیەک پێشکەش بکەینەوە؟ ئایا کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا "کولتوور"ێکی هاوبەشی هەیە؟ بەمجۆرە من کە رووبەڕووی ئەو پرسیارە ئێوە دەبمەوە، یەکسەر ئەو پرسیارانە و پرسیارگەلێکی لەو چەشنانەم لەلا دروست دەبن. چونکە ئەوەندەی من بزانم، لە بواریی رۆشنبیریی کوردیی و بە تایبەتیش لە بواری زانستگادا راڤەگەلێکی ئەوتۆمان نییە کە لە روانگە و میتۆدە جیاوازەکانەوە کولتووری کوردیان پێناسە کرد بێت. ئاشکرایە لە ئاستی زانستە مرۆییەکانی رۆژئاوادا لە هەر یەک لە قۆناغە جیاوازەکان، پێناسە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ کولتوور کراوە.

لەو روانگەیەوە ناچارین ئاماژەیەکی چڕ و خێرا بەو پیناسە و راڤە جیاوازانە بکەین کە لە بواری زانستگا و رۆشنبیریی رۆژئاوادا لە ئارادان .

رەنگە چەمکی "کولتوور" یەکێک بێت لەو چەمکە سەختانەی زمان، چونکە ئەو چەمکە هەڵگری واتاگەل و پێناسەگەلێکە، بۆیە لە هەر یەک لە سەردەمەکاندا پێناسەگەلی جیاوازی بۆ کراوە و بۆ مەستی جیاوازیش راڤە کراوە. لێ لەگەل دەستپێکی سەدەی بیستەمدا، چەمکی "کولتوور" بە واتای "کولتووری نەتەوەکان"، "کولتووری خەڵک"، " کولتووره بۆ ماوەکان" و ... تاد پێناسە دەکرا. لەوێدا نووسەر و ئەکادیمییە بۆرژوازییەکان باسیان لە فراژان و رسکانی کولتووری ژیاریی دەکرد و بەمەش هەوڵیاندەدا کولتووری جڤاک و نەتەوە بیانییەکان، غەیرە رۆژئاواییەکان بە دواکەوتوو سەرەتایی پێناسە بکەن. بە کورتی رووناکبیرە بۆرژوازییەکانی رۆژئاوا، جەختیان لە جڤاکە خاوەن کولتووره مۆدێرن و دەوڵەمەندەکان و جڤاکە خاوەن کولتووره کۆن و لاوازەکان دەکردەوە. دەبینی لەگەڵ لە دایکبوون و بالادەستبوونی چینی بۆرژوازیی لە رۆژئاوادا، کولتوورێکی دیکە و پێناسەیەکی دیکەی جیاواز بۆ چەمکی کولتوور هاتە کایەوە. پاشان کولتوور لە ئاستێکی بەرتەسکتردا چڕکرایەوە، لێ ئەو نارۆکەی جارانی هەر مایەوە. لەوێدا کولتوور وەک نەریتێکی بالا و جوان و چاندن وێنە دەکرا. بە واتایەکی دیکە: کولتوور لە ناوڕاستی سەدە بیستەمەوە بە ئەدەب، شانۆ، مۆسیک، هونەر پێناسە دەکرا. هەڵبەتە لە روانگەی زانستییشەوە هەروا بوو.

هاوکاتیش سەیر کردنی کولتوور، وەک شتێکی "بێگەرد"، وەک وێنەیەکی جیاواز بەرانبەر "بێکولتوور"یی، "کولتووری خەڵک" پۆلێنکرا. چونکە ئەو کولتووره بۆرژوازییە ئەو جۆره کولتووره گشتیی و کۆنەی وەک هەڕەشەیەک بە دژی کولتووری خۆی سەیر دەکرد .

دوا بە دوای ئەمەش، دوای بە هەڕمێنبوونی پۆستمۆدێرنیزم، پێناسەگەلێکی نوێ لە چەمکی کولتوور هایە کایەوە. ئەو پێناسانە لەو پێناسانەی کە نووسەر و ئەکادیمییە بۆرژوازییەکان دەیانکرد جیاواز بوو. بۆیە پێناسەگەلێکی وەک: "کولتووری باڵا"، "کولتووری رۆژانە"، "کولتووری کرێکار"، "کولتووری ژن"، "کولتووری منداڵ"، "کولتووری پەنابەران" و ... لە دایکبوون. ئەو پێناسەگەله بۆ کولتوور بە زانستیی ئەنترۆپۆلۆژیی و ئێتنۆلۆگییەوە بەسترایەوە. چونکە ئەنترۆپۆلۆژ و ئێتنۆلۆژەکان لە راڤەکانیاندا، بە تایبەتی لە مەڕ شێوازی ژیانی ئەو نەتەوە و گرووپە جیاوازانەی کە نیشتەجیی وڵاتانی رۆژئاوان و بە گشتیش دەرەوەی رۆژئاوادا، ئەو چەمکگەلەیان لە کولتوور داهێنا.

بەم شێوە، وەک دەبینین، ئاسان نییە لە روانگەیەکی زانستییەوە هەروا بە ئاسانی بتوانین پێناسەیەکی کولتووری کوردیی بکەین و پاشان بزانین ئەو شێوە کولتووره چتۆ کاریگەرییەکی لەسەر دەمبەستکردن و سازاندنی کەسایەتیی کوردییدا هەبووە و هەیە .

لەوەش بترازێین، کاتێ ئێمە بە گشتی باسی "کولتوور" دەکەین، مەبەستمان کوئاگایی و ئەو پەیوەندییانەیە کە کولتووری نەتەوەیەک، بۆ نموونە، کورد دەردەبڕێ. هاوکاتیش کولتوور بریتییە لە رۆشنبیریی گشتیی، چۆنییەتی پێوانەکردنی بەهایەکان، ئەزموون و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوی هاوبەشانەی کوردیی کە کەسایەتیی؛ رەفتار و جیهانبینیی کورد وێنە دەکا. بەڵام لە بیرمان نەچێ، کولتوور تەنیا لە ناخ و زەینی خەڵکدا خۆی دەرنابڕێ، بەڵکو کولتوور لە پرۆسەی پەیوەندییە جڤاکییەکاندا وەک کۆئاگاییەک لە زمانێکی هاوبەش، کۆدگەلێک و بەهاگەلێکیشەوە خۆی دەردەبڕێ. بەمەش کۆی نەتەوە پێکەوە گرێدەدا.

بەمجۆره کولتووری کوردیی، وەک نەتەوەیەکی بندەست، کولتوورێکی ئاڵۆزە، بۆیە پێناسەکردنی ئەو کولتووره، بە تایبەتیش لە دەرفەتێکی رۆژنامەوانییدا، کە کەسایەتی کورد دەسازێنێ یان پەیوەندییە جڤاکییەکان پێکەوە گرێدەدا و دەردەبڕێ یان لە زمانی کوردییەوە خۆی دەردەبڕێ و ... تاد، کارێکی ئاسان نییە. چونکە، بە رای من، ئەو وێنە کولتوورییە نەریتییەی کورد، بە تایبەتی ئەو کولتووره لە سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆش، لە ناوەڕۆکەوە هەمان کولتووره خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەوەی کە گۆڕانی بەسەر داهاتووە، تەنیا لە ئاستی رووکەشیدایە نەک ناوەڕۆکەوە. چونکە لە جڤاکیی کوردییدا، ئەوەی کە باڵادەستە بەسەر پەیوەندییە جڤاکیی، ئابووریی و سیاسییەکانەوە بریتین لە هێزە کۆنپارێزە یەک لە دوای یەکەکان. ئەو هێزە کۆنپارێزانەش بە هۆی ئەوەی خۆیان هەڵگری ئەو کولتووره نەریتییە خێڵەکییەن، بۆیە لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیی خۆیانەوە، هەوڵیانداوە ئەو کولتووره نەریتیی، هاراركییە؛ واتا خێڵەکیی و بۆ ماوەیە بپارێزن. دیارە ئەو هێزە کۆنپارێزانە، وەک توێژێک لە دەسەڵات، لە هەموو قۆناغەکاندا بە هۆی پایەی ئایینیی، سیاسیی، رۆشنبیریی و خێڵەکییەوە هەوڵیانداوە هەمیشە ئەو توێژە بچووکە نووسەر و تاکەکەسە پیشە جیاوازانەی کە هەڵگری ئاگایی و زمانی کولتوورێکی ئیدیالین، نوێخوازن، دەمکوت بکەن .

لەو روانگەیەوە، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بە هۆی کاریگەریی ئەو رۆشنبیرییە نوێیە دەرەکییانەوە، ئەو توێژە نوێخوازە لە جڤاکی کوردییدا هەوڵیانداوە ئەو دەسەڵاتە رەهایەی هێزە کۆنپارێزەکانی کورد

وەرچەرخێنن و کولتوورێکی نوێ لە ژیانی کورددا بچێنن. بەمەش ئەو کولتووره نوێیە وەک کۆئاگاییەک لە زمانی کوردییدا خۆی دەربڕێ. لێ ئەو بزاڤانە لە دواجاردا بە هۆی ئەو بونیاتە جڤاکییەی کە زۆرینەی نەخوێندەوارن و جووتیار و کاسبکارن، بۆیە دواجار ئەو هێزە کۆنپارێزەی بە سوود وەرگرتن لەو هێزە فرە نەخوێندەوار و نائاگایەوە، ئەو بزاڤە نوێخوازانە تێکبشکێنێ .

دیارە بندەستی کورد کاریگەرییەکی سەرەکی هەبووە لە سووڕانەوەی ئەو دۆخە سیاسیی و کولتووره نەگۆڕەی کورد. چونکە لە لایەکەوە داگیرکارانی کورد هەمیشە لە رووی ئابوورییەوە هەوڵیانداوە ژێرخانی ئابووی کوردستان لەو دۆخە وابەستەییەدا بمێنێتەوە. بۆیە دەبینین ئەو پەیوەندییە هارارکییە لە کوردستاندا کۆی پەیوەندییە ئابووریی، کولتووریی و سیاسییەکانی جڵەو کردووە. وێڕای ئەمەش، کورد بە هۆی ئەوەی کە هەمیشە لە شەڕ و ژیانێکی ناسەقامگیرییدا ژیاوە، بۆیە ئەو توێژە نووسەر و خوێنەرە لە ئاستێکی لاوازدا قەتیساماوەو بواری ئەوەی نەبووە لە ئاستی ئەکادیمییدا ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی رۆشنبیریی و ئابووریی. بەمجۆرە ئەو دۆخە رارا و ناسەقامگیرە زەمینەی بۆ لە دایکبوونی چینێکی بۆرژوازی تۆکمە نەسازاندووە. هەر بۆیە ئەو توێژە خوێندکارە ساوایەی کە لە قۆناغە جووداکاندا لە دایکبووە، بە هۆی ئەو شەڕ و ململانێیەی کە دەسەڵاتی نەتەوەکانی عەرە، تورک و فارس بەسەر کوردیان سەپاندووە، رێگربووە لەبەردەم ئەو توێژە خوێندکار و خاوەن پێشە مامناوەندییەی کورد کە بەرەو چینێکی بۆرژوا گەشە بکا و بەمەش کولتوورێکی نوێ دابهێنێ و بەسەر پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردستاندا بالادەست بێت. چونکە ئەو توێژە هەمیشە بە دەم رێگای گەشەکردنەوە ناچار بووە بچێتە رێزی خەباتی سیاسییەوە. ژینگەی ئەو خەباتەش، وەک دەزانین، لە دێهات و شاخەکانەوە بووە. بۆیە دواجار بە هۆی مەرجەکانی پێشمەرگایەتیی و ئەو کولتووره باوەی دێهاتەکان، ئەو توێژە نووسەر و خوێندکارە یان مەیلە و وردە بۆرژوازییە رۆڵی خۆی لە دەستداوە، ناچار بووە دەست و پەنجەی لەگەڵ هەڵ و مەرجی ئەو ژینگە نەرمبکاتەوە .

لە ناوکۆییەوە ئەو دۆخە هەمیشە نیگەران و لێوانڕێژ لە ململانێیە لە نێوان رژێمە داگیرکارەکان و بزاڤی کوردییدا، هەمیشە هەوڵیداوە ئەو هێزە کۆنپارێزانەی کورد بە هێز بکەن. بۆ نموونە، رژێمی بەعس بە رێگای پارە و دەسەڵاتدان بە سەرۆک خێڵەکان، توانی سوود لەو پێکهاتە هارارکییەی خێڵەکان وەربگرێ و لە رێگای ئەو سەرۆک خێڵانەوە زۆرینەی کورد بکاتە جاش و لە دژی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بەکاریان بهێنێ. رژێمی بەعس توانی بە سوود وەرگرتن لەو کولتووره نەریتییەی خێڵ کە بالادەستە بەسەر جڤاکیی کوردییدا، ئەو کولتووره زیاتر بشێوێنێ و هاوکاتیش ئەو پایەی دەسەڵاتی ئەو هێزە کۆنپارێزە بە هێزتر بکا .

دەمەوێ بڵێم، ئەو کولتووره نەریتییەی کە کەسایەتی کورد بەرهەمدەهێنێ، خۆراکی خۆی لەو پێکهاتە خێڵەکییەوە وەردەگرێ. ئەو پێکهاتەش، وەک زۆرینەک لە جڤاکیی کوردییدا، بە خێڵ و جوتیارەوە ئاستی ئاگایی و خوێندەواری زۆر لاوازە، بۆیە ملکەچە بەرانبەر هەموو پەیام و پێوانەیەک کە سەرۆک خێڵەکانیان ئاراستەیان دەکەن. ئەو خێڵانەش بۆ ئەوەی ئەو بالادەستییە سیاسیی و ئابوورییەی خۆیان بپارێزن، هەوڵیانداوە بەو کۆدە کولتوورییانەوە، رێگە نەدەن ئەو ئاگاییە لاوازە گۆڕانی بەسەر دابێ و بەمەش ئەو هارارکییە بەرهەمبهێننەوە. هەڵبەتە دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، کە رۆڵی ئایینی ئسلام لە رەوایەتی دان بەو کولتووره بالادەستەی خێڵ، زۆر بە هێزە. بۆیە ئەو دەسەڵاتدارە ئایینیانە، دیارە مەبەستم لەو مەلا و مامۆستە ئایینیە دەگمەنانە نییە کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا رۆڵی رۆشنگەریی کوردییان بینیوە، پەیوەندییە رەگئاژۆیەکانیان بە سەرۆک و خێڵی کورد و دەسەڵاتی رژێمە

داگیرکارەکانەوە، توانیوویانە بە بیانۆی و دەمامکی ئیسلامییەوە بە کەیفی خۆیان ئەو ڕێژە بەرزە لە نەخوێندەواری کورد بە کۆیلە بکەن و بە کاریان بهێنن. دیارە بە هۆی ئاستی دواکەوتووی بزاڤی کوردییەوە، پایەی ئەو سەرۆک خێڵانە هەمیشە پارێزراوە. وەک دەبینین ئێستا، وێڕای ئەو هەموو زارقەڵەباڵغییەی کە دەمڕاستەکانی حکومەتە حیزبییەکەی کوردستان لەمەڕ "کۆمەڵگای مەدەنیی"، "دیمۆکراتیی" و ... تاد، کەچی هاوکاتیش پایە و دەسەڵاتی سەرۆک خێڵەکان و سەرۆک جاشەکان، نەک هەر لاواز نەبوونە، بەڵکو دەسەڵاتیان لە سەردەمی بەعسدا باشترە و بگرە ئێستا پایەی خێڵێک لای حیزب و حکومەتەکەی کوردستان لە نووسەر، خوێندکارێکی زانستگا، مامۆستا، دکتۆرێکی بواری زانستی و ... تاد زۆر بالاترە. دەبینی ئەو دیاردانە لە خۆڕا ساز نەبوونە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆئاگاییانەی پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردن. ئەو کولتوورەی باشووری کوردستان، بە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، بە جیاوازییەکی رووکەشەوە، هەمان کولتوورە .

لێرەوە دەخوازم بێژم، دەکرێ کولتووری باڵادەستی کوردیی لەو پەیوەندییە هاراکیی و ئاڵۆزانەوە پێناسە بکەین. دیارە، وەک وتم، لەناو جیهانی ئەو کولتوورە ئاڵۆزەدا، تەرزە کولتوورێکی یان چەندان وێنەی دیکەی کولتووریی کراوەی کوردیمان هەیە، لێ ئەو کولتوورە چونکە لە سنوور و ئاستێکی چکۆڵەدا دەژی، بۆیە نەک هەر کاریگەرییەکی بەرجەستەی لە بەرهەمهێنانی کەسایەتیی کوردیی نییە، بەڵکو ئەو کولتوورە کراوەیە بە هۆی بەردەوامی پرۆسەی ئەو کولتوورە نەریتییە باڵادەستەوە، لە دواجاردا ناچار دەبێ لەگەڵ ئەو کولتوورە باڵادەستەوە سازش بکا یانیش خۆی رادەستی ئەو کولتوورە باوە بکا.

لێرەوە بە کورتیی و بە کوردیی ئەو کولتوورە باڵادەستەی کوردیی بریتییە لە کولتوورێکی دڕدۆنگ، دووڕوو (دۆبل مۆراڵ)، داخراو، بێگانە پەرست، شەرمنۆک، کولتوورێکی ویستکوژی تاکەکەسە ئازادیخواز و جیاوازەکانە، کولتوورێکە سیخناخ بە سۆز و مەیلی فریخواردن، وابەستەیی و ... تاد. ئەو خەسڵەتانەش پێکهاتەی کەسایەتی کوردیی و بگرە بزاڤە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کوردی ئاراستە دەکەن. لەو روانگەیەوە یەکێک لەهۆکردە سەرەکییەکانی مانەوەی کورد لە ژێر دەستی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەو کولتوورە لەرزۆک و پەڕپووتە باڵادەستەی خێڵە بەسەر ویستی کوردییدا. رازیبوونی کوردی باشوور بەو عێراقە گەڕەلاوژە فیدرالییە، دەسەڵاتی ئەو کولتوورە دووڕووەیە لە ناخی دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کورد. هاوکاتیش ئەو ئەتکردنەی ژن کە ئەمڕۆ بە شێوەی جیاواز بۆتە دیاردەیەکی رەوا، دەرهاوێشتەیەکە لەو چەپاندنەی کە یەکێکە لە خەسڵەتاکانی ئەو کولتوورە نەریتیی و خێڵەکییەی کورد .

لەو ناکۆییەوە دەکرێ لەو کاتەی کە کورد لە باشووردا خۆی حوکمڕانی خۆی دەکا، بە هۆی ئەو کولتوورە نوێیەی (هەرچەندە ئەو کولتوورە نوێیە هێشتا لە ئاستی رووکەش و مۆدەبازییدایە، کە رەنگە لەوەش زیاتر تێنەپەڕێ!) کە بە رێگای دیاردەی بە جیهانیبوون، مێدیا و تەکنیکەوە هاتۆتە کوردستانەوە گۆڕانێک لەو کولتوور و هێزە کۆنخوازە باڵادەستە دروستبکا. چونکە ئەو ئەو کولتوورە نوێیە جڤاکی کوردیی تووشی کێشمەکێشیکی دژواری ناوەکی کردووە و بەمەش ئەو کولتوورە باوە و هێزە کۆنخوازەی کورد تووشی فشارێکی سەخت بووە. بۆیە ئەگەر هێزێکی کارای رۆشنبیریی و سیاسیی لە کوردستاندا لە دایک بێ و بەرەو ئامانجی گۆڕینی ئەو کولتوورە دەمکوتکەرە، بە ویستێکی راستگۆیانە کار بۆ دارشتنی پرۆژەیەکی رۆشنبیریی، ئابووریی، سیاسیی کارا بکا، رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانرێ ئەو کولتوورە کۆنباوە و هێزە کۆنخوازە پەراوێز بخرێ و کولتوورێکی نوێی، کو ئاگاییەکی کارا و بەرهەمدار لە زمانی کوردییدا خۆی رابگەیەنێ و پەیوەندییەکی نوێی جڤاکیش بەرهەمبهێنێ .

هەرچەندە ئێستا لە کوردستاندا بە هۆی بوونی حیزب بە سەرچاوەی بازرگانیی دەسەڵات، ئەو هێزە کۆنخوازە لە پاڵ توێژێکی حیزبییەوە بە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان خۆی کردۆتە بە چینێکی سەرمایەداریی شێواو و قۆقز، بەمەش توانیوویەتی ئەو کولتووورە کۆنە بپارێزێ و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. بۆیە چاوەڕوانکردنی لە دایکبوونی ئەو چینە بۆرژوازییە رەسەنە، خاوەن کولتووورە مۆدێرنە، بیرکەرەوەش ساویلەکانەیە.

وێڕای ئەمەش، ئەگەر ئەو بزاڤە ئیدیالییە چاوگەکەی لە ئاستی زانستگایەکانی کوردستاندا نەبێ؛ واتا بەشی زانستە مرۆییەکان نەتوانێ راڤەگەلێک لە روانگەی جووداوە بۆ پاشاخان و مێژووی ئەو کولتووورە باڵادەستەی کورد نەکاو راڤەکانیشیان لە لایەن دەسەڵاتدارە سیاسییەکان و ئەو حکومەتە لە گەندەڵیی رۆچووەی کوردستان بە هەند وەر نەگیرێ و لە ئاستی دام و دەزگا و ژیانی جڤاکیی بە گشتیی و بە تایبەتیش ئاستی پەروەردەدا پیادە نەکرێ، هەر لەسەر دروشم یان وەک باوە بە خەڵک رابوواردن بمێنێتەوە... تاد، ئەو هێزە کۆنخواز و کولتووورە کۆنباوە دەتوانێ بە فێڵ و گۆڕینی دەمامکەکان خۆی بە هێزتر بکا و رەوایەتییەکی بەردەوام بێ...

ئەرسەلان مەحمود : زۆر باشە، دروست ئەوە وەڵامی تەواوەتی پرسیارەکەی من بوو، ئێستا دەمەوێ بپرسم تۆ هەرگیز لەرووبەڕوو بوونەوەی خۆت ترساوی، بەواتایەکی تر، ترست لەوە هەیە رۆژێک لەڕۆژان رووبەڕووی خۆت ببیتەوە؟..

هەندرێن: مرۆڤ ئەگەرچی زۆر جار و لە بەشێک لە قۆناغەکانی ژیاندا بە لاملییەکی زۆرەوە بڕوای بە خودی خۆی هەیە، لێ هاوکاتیش ئەگەر ئەو مرۆڤە سەر و کاری لە بواری خوێندنەوە یان جۆرە جیهانبینییەکی مرۆڤخوازیی ئیدیالیی گوزەراندبێت دوای ئەزموونگەلێک لە ژیان، خوێندن، خوێندنەوە، سەرکەوتن و دۆڕانەکان، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە شەڕ یان ململانێکی ناوەکی هەمیشەوە. چونکە کردەی نووسین و گەڕان بە دوای ژیانێکی بێگەرد، گەیشتن بە جڤاکێکی دادپەروەر، یەکسان، سەروەر و ... تاد بە پرینسیپێک لە ژیان، خۆی لە خۆیدا ئاراستەیەکە بە دژی خودی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین. بە واتایەکی تر: لەو رۆژەی کە من لە منداڵییدا لە ئاستێکی هەستەکییەوە لەو ژیانە باوەی ماڵەوە و ژینگەکەم بێزار بووم و دواجاریش ئەو بەرتەکە هەستەکییە بەرەو خەیاڵاندنی ژیانی ناو کتێبەکانی بردم، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرەو ژیانێکی سەختی پێشمەرگایەتی بردم تاکوو ئەو ژیانە لە خەیاڵاندنەوە بکاتە ژیانێکی ئەزموونیی، ئیتر ئەو "رووبەڕوو بوونەوە"ی خۆمە بۆتە ململانێیەکی ناوەکی من.

بەڵام وێڕای ئەمەش، بە گشتی"ترس لەو رووبەڕووبوونەوەی خۆم"، هەمیشە ئامادەیی هەبووە لە ژیانی مندا. لێرەوە ئێمە دەبێ بزانین کە لە کام جۆرە "رووبەڕووبوونەوەی خۆم ترساوم" و دەترسێم؟ ئایا ئەو ترسانە لە بەرانبەر ئەو بیرکردنەوانەیە کە گونجان لەگەڵ ئەو جیهانە باوەی دەوروبەرمان سەختدەکەن؟

راستییەکەی لە ئاستی ناوەکییەوە هاوکات لەگەڵ بڕوابوونم بەو ژیانەی کە وەک ئاکامێک لە رەفتار و تێگەیشتنەکانم و پرسیارانەی کە بە خۆیانەوە ئاوێزانم دەکەن، هەمیشە لە بڕوا و تێگەیشتنە جیاوازەکانی ئەوانیترم تێیدا ئامادە بووە. بەمجۆرە ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێک بێت لە گومان و یەقین، ئەگەر پرۆسەی ژیان بریتی بێت لە شادیی و دڵتەنگیی، ئەگەر تاکەکەسێک لەگەڵ کۆی ئەو تاکەکەسانەی کە هەڵگری پەرۆشخۆریی یان لایەنگریی گۆڕانی جڤاکەکەی بێت، دواجاریش دوای ئەوەی ئاکامی کۆی ئەو خەون و هەڵوێستە کردەییانە خاکەسار بوون، ئیتر مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، ناچار دەبێ بە

ئاورێک لەو ئەزموونگەلە بداتەوە کە روویانداوە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرە خوێندنەوەیەکە لە توانا، بڕوا و کردەکانت .

ئەگەر ئەوە بەشێک بێت لە پرسی "رووبەڕووبوونەوە"، ئەوە من دوای ماوەیەک لە پێشمەرگایەتیی، کۆتایی هاتنی ئەو پێشمەرگایەتییە بە هۆی خۆبەستانەوەی حیزبە کوردییەکان بە شەڕی ئێران-ئێراق و نەبوونی بنەما و پرینسیپی شۆڕش لە بەڕێوەبەرانی بزاڤی کوردیی و ... تاد، ئاکامی ئەمەش سەرگەردانیی و ئەوارەیی من وەک سەدان لەو پێشمەرگە و هاوولاتیانەی کە بە هۆی خەمخۆرییان بۆ زێد و سەروەریی خۆیان سەرگەردان بوون و دواجاریش گەیشتنی ئەو بزاڤە بەو ئاکامەی کە ئێستا دەیبینین، هەموو رۆژێک لە شەڕێکی بێدەنگ و سەختی خۆمدا بەسەر دەبەم. ئەو "رووبەڕووبوونەوە"ش هەر تەنیا لە ئاستێکی ماریفی یان رەخنەیی من لە هەمبەر ئەو رەوشە تاکەکەسیی و چارەنووسە بە کۆمەڵییەدا نییە، بەڵکوو لە ئاستی روحی و خەونەکانیشمدان .

بەڵێ، لەوەتەی تێگەیشتووم کە تیۆریی رووت کافی نییە بۆ گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵ و بەختەوەریی و کۆتایی پرسیارەکان، ئاوێزانبوون بە "زانین"، کە دواجار دەبێتە پرسیارێک لە "نەزانی" و دۆشداماں بەرانبەر پرۆسەی بوون ، تێگەیشتن لە سرووشتی مرۆڤ، چەقینی جڤاکی کورد لە سووڕانەوە بە دەوری نەریتە نەگۆڕەکانی، مەحاڵی ژیانێکی شکۆدار لە وڵاتەکەی خۆم، بێناسنامەیی، بێماڵیی و ... تاد، هەمیشە لەگەڵ خودی خۆم لە شەڕێکی بێدەنگدا دەژیم. لە هەندێ کاتدا ئەو "رووبەڕووبوونەوە"یە بەرەو هەوڵی خۆکوشتن، ئازاردانی خۆم و خەڵکانی دەوروبەرەکەمی پەلکێشکردووم .

بەمجۆرە ئەگەر مرۆڤ لەو "رووبەڕووبوونەوە"خودییە بە دەر بێت، ناکرێ هەڵگری بوێرییەکی ناوەکیی هزراندنی بوونەکەی و ئازادیی ژیانەکەی خۆیی و جڤاکەکەی و مرۆڤایەتیش بێت. بە کوردی سەرچاوەی "رووبەڕووبوونەوە"ی خود، لە ماڵی جیاواز بوون، گومان لەو رەوش و ئاستەی ژیانی مرۆڤەوە ریشاژۆیە. بەمجۆرە ئەو "رووبەڕووبوونەوە"یە بەشێکە لە تامی ئەو ژیانەی کە لە جیهانی بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ و بوونەکەیدا ئامادەیە. شەبەنگی ئەو ژیانەیە کە دواجار لەگەڵ رۆچوون بەناویدا، تووشی پرسیارمان دەکا. هەندێک جاریش دەکرێ ئەو "رووبەڕووبوونەوە"یە لە ترسمان بەرانبەر مەرجەکانی ژیانەوە سەرهەڵبدات. لەوێدا تۆ هەستدەکەی چیتر ناتوانێ بەرگەی ئەو ئەرکانە بگریت کە ژیان، یان جڤاک و نۆرمەکانی داوای دەکەن. هەندێ جاریش ئەو "رووبەڕووبوونەوە"یە لە نەمانی مانا، تام و بەهای ئەو ژیانەوە دەمتەنێتەوە، کە ئیتر ئومێدێکی نزیک بۆ گەڕانەوەی ئەو مانا، تام و بەهایانە لە ئارادا نییە.

بەمجۆرە من بوونەوەرێکم لە نێوان ترسی لە دەستدانی ئەو خود و یادەوەرییەکانیدا، هەمیشە لە شەڕێکی بێدەنگی ناوەکییدا دەژیت. ئەو شەڕەش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و زانینەکان، ئاڵۆزتر و دۆشداماوترە. لێ ئەو شەڕە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فشارانەی کە ئەو رۆژگارە بوودەڵە بە مەرجە رووکەشەکانی ناچارم دەکەن؛ واتا ئەو بە مێگەلبوون و بە کالابوونەی مرۆڤی کورد و جیهانەی کە بوارێکی بۆ شکۆمەندیی نەهێشتۆتەوە .

هاوکاتیش من هەمیشە هەست بە بەرپرسیارییەکی روحی دەکەم بەرانبەر بەو کەسانەی کە منیان خۆشویستووە و منیش نەمتوانیووە، بەر هەر هۆیەک بێت، وەک دەخوازێ ئەمەکدار بم بەرانبەریان یان ئەو ئەرکانە راپەڕێنم کە دەبێ رایانپەڕێنم .

کەواتە من لە ترسی مەحاڵبوونی ئەو ژیانە شکۆمەندەی کە من خوازیاریمە، دەشزانم مەیسەریش نابێت، ڕۆژانە لە "ڕووبەڕووبوونەوە"ی خۆمدام .

**ئەرسەلان مەحمود:** باسی ئەزموون و، پێشمەرگایەتی و، ئەندامێتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و، پێشوو تریش میوانخانەکەی هەولێرو سەردەمی خوێندنت وەک جۆرە شێتخانەیەک بۆکردم و، ئێستاش باسی خۆکوشتن، دەپرسم ئێوە لەکوێوە بۆکاری سیاسی و حزبی و، پاشان پێشمەرگایەتی دەستتان پێکردو لەکوێ و چۆن و لەبەرچی کۆتایی پێهات، مەبەستتان لەخۆبەستنەوەی سەرکردایەتی کورد بەشەڕی ئێران عیراق و بێ بنەمایی شۆڕش لەڕابردوو ئێستادا چی بوو چییە، لەلایەکی تر دەپرسم ئەوەی مرۆڤ بەرەو شێتی و، خۆکوشتن دەبات چییە، دواجار ئەی ئەم دوانە بەیەکەوە مرۆڤ بەرەو کوێ ڕاپێچ دەکەن ؟

**هەندرێن:** مرۆڤ، بە تایبەتیش مرۆڤی کورد کە لە خۆی دەپرینگێتەوە، پێیەکی لەناو ویست و پێیەکیشی لەسەر لێواری بۆشایی ناوەکیی خۆی دایە. دیارە لە بنەڕەتدا ئەوە هەستی لە دەست چوون و تەنیاییە کە مرۆڤ هاندەدەن روو لە نزیکبوونەوە و کار کردن لە کەسانی تر یان کاری هەرەوەزیی لەگەڵ گرووپ و ڕێکخراوەکان بکا. لێرەوە پەنابردنی مرۆڤ بۆ خۆکوشتنیش شێوازێکە لە پرۆسەی ئەو لە دەست چوون و تەنیاییە یان ڕۆچوون بەناو ئەو بۆشاییەی بووندا. بەمجۆرە مرۆڤ بۆ ئەوەی واتایەک بە بوونەکەی ببەخشێ یان لە سێبورییەک بەو لە دەست چوون و تەنیاییە رسکاوەی ناو روحی ببەخشێ، خۆی لەو تاکەکەس، گرووپ و ڕێکخراوانە دەبینێتەوە کە لە قۆناغەکانی ژیانیدا تاکوو واتایەک بە بوونەکەی ببەخشێ، یان لەو ململانێیەی نێوان ویست و بۆشاییە ناوەکییەی رزگاری دەکا. بەمجۆرە بەرەو شێتیی و خۆکوشتنیش، شێوەیەکە لە دووتابوونی ئەو شەڕەی نێوان ویست و بۆشاییە ناوەکییەی مرۆڤ. مرۆڤ بە ویست و هەوەسەوە بەناو واتایەک یان پرسیارێکی بوونەوە ڕۆ نەچێت، نە سێبەری شێتبوون و نە مەراقی خۆکوشتنیش بەرۆکی دەگرێت .

لێرەوە بەرەو شێتبوون و خۆکوشتن، تۆڵەکردنەوەی روحە لە ئاوەز؛ ڕاپسکانی روحە لە دەستی بیانۆ و گەمەکانی بە دەم لە دەست چوونی خەونی ئەو ژیانەی کە مرۆڤ دەیکات ماڵی روحی. بەڵێ ئەو مەیلە بۆ شێتبوون و خۆکوشتنە، ئاوڕدانەوەیەکی ئێستای حوزنباری مرۆڤێکی حوزنبارە بەرەو ڕابردووەکە کە وەک تەمێک یان سەرابێک بەسەر یادەوەرییدا کشاوە، ئەو سەرابەش هەڵمی روحە بەدەست چۆکدادانەکانی ئاوەزەوە. لەو دۆخەی بووندا مرۆڤ تارماییەکە لە تاراوگە، ناەمۆبوون و بێماڵیی. ڕەنگە لەو ڕۆچوونەی روح بەناو تاراوگەبوون، ناەمۆبوون و بێماڵییەدا، ئاوڕدانەوەی چاوە تەڕەکانی روح بەرەو ڕابردوویەکی لە دەست چوو، سێبووری مانەوە بدا، ئەگینا لەناخی ناخدا ژیان خۆڵەمێشکە لە سووتانە بێدەنگیەکانی ناوەکیی.

وێدچێ چرکردنەوەی پرسی شێتبوون و خۆکوشتن، مەحاڵ بێت، لێ:

"ساردییەک لە لۆچەکانی رووتدا دەچۆڕێتەوە.

چەقۆیەک تووڕدەدەیتە ناو گۆماوی بێدەنگییەوە:

تەرمێک بەسەر شانی کۆڵانێکەوە،

وەک کەشتیەوانێکی کارکەنار،

لە بورجەکانی زەریای ژێر کازیوەی مانفا دەڕوانێ.

بەرەو دواوە هەنگاو دەنێی:

گەرمییەک بە قاچەکانتەوە دەئاڵێ و

شنەیەک لە قووڵاییەکانی جەستەدا، ختۆکەت دەدا.

روخسارت دەخەیتە نێو لەپەکانتەوە،

تارماییەکی راپسکاو لە ئاوێنەی خوێنی سەر عەردی ژوورەکەتدا، خۆی دەنوێنێ.

.......

خەونەکان بەناو دەنگتەوە دادەڕمێن،

دەنگەکان بەناو خەونەکانتەوە رادەسێن." (ئاوێنەکانی خوێن، 1999.7، ستۆکهۆلم)

ئەمەیان تیشکێک لەمەڕ "بەرەو شێتبوون و خۆکوشتن" و ئاسۆیەکانی. لێ سەبارەت بەو سەرەتایەی تێکەڵاوبوونی من بە سیاسەت، پرسی: " بوون یان نەبوون"ە بوو. ئەمەش دواجار، بە هۆی ئامادەیی دڵبزوێنی تاکەکەسگەلێک لەو قۆناغەی تەمەنی مندا، بەرەو رێزی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"ی ئەوکات راپێچیکردم. ئەڵبەتە، لە کن من، هەر دوای سەرەتای هەشتەکانەوە ئەو "کۆمەڵەی رەنجدەران"ە مانای خۆی لە دەستدا. چونکە نەیتوانی وەک رێکخراوێکی سەربەخۆ ویستی ئەو گرووپ و تاکەکەسانە دەربڕێت کە وەک تاکەکەسگەلێکی مەیل وەرچەرخێنەر لەو نەریتە سیاسیی و کولتوورییەی جڤاکی کوردیی لەو قۆناغەدا لە دایکبوون. بەهەمە حاڵ، کاتێک تۆ وەک تاکەکەسێک دەگەیتە ئەو ئاستەی کە ئەو ژیانە تامی ئەو واتایە نابەخشێ کە بوونی تۆ بە دواییدا دەگەڕێ، ئیتر پرسیارگەلی وەک: گەلۆ ئەو ژیانە چ مانایەکی هەیە؟ بۆچی دەبێ ئەوە بکەین و ئەوە نەکەین و ... تاد؟ کەواتە لە بنەچەکەدا ئەو تەنیاییەی مرۆڤ لە بوونەکەیدا پەیوەندی بە ئامادەیی هەمیشەی "نەبوون"، مەرگەوە هەیە. کاتێک مرۆڤ وەک تاک یان کۆکەس بە هۆی مەرجگەل و هۆکارگەلێک ناتوانێ بەو شێوەیە بژی کە دەخوازێ ئەوددەمە ئامادەیی نەبوون، بێئومێد بوون بەرانبەر ئەو ژیانە قووڵتر دەبێتەوە .

کەواتە ئەو پێشهاتانە لە ژیانی مندا دەرهاوێشتەیەک بوون لەو پرسی "بوون و نەبوون"ەوە .

بەمجۆرە دۆخی تەنیایی مرۆڤ لەبەردەم پرسی بوون، یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی ژیان. ئێمە ئەوکاتە تووشی پەژارەیی و تەنیایی دەبین کاتێک بە ژینگە و دەسەڵاتێکی سیاسیی و نەریتی گەمارۆدەدرێن کە دواجار بۆ ئەوەی لەو تەنیاییە رزگار بین، بوونەکەمان فەرامۆش نەکەین، رەنگە پەنا بۆ کاری سیاسیی و بگرە نووسین و خۆکۆشتنیش ببەین. بەڵام هاوکاتیش ئەوەی کە وامانلێدەکا هەست بەو پەژارەیی و تەنیاییە، نەبوونگەراییە بکەین، هەر تەنیا هۆکردی سیاسیی و جڤاکییەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکوو دەکرێ ئەو هەستکردنە بە تەنیاییە لای من یان مرۆڤێکی دیکە هۆیەکی دیاریکراوی نەبێت. چونکە ئەو هەستە، بە واتای ڤالێری، بە شێکە لە تامی ژیانمان. ئەو دۆخە لە تەنیایی و نیگەرانییە کە وامانلێدەکا لەبەرانبەر ژیاندا هەست بە دەستەوەستاوی بکەین، تێگەیشتنە لەو ژیانە گەمارۆدراوەمان کە دواجار دەبێ

بە مەرگ کۆتایی بێت. هایدگەر ڕوونکردنەوەیەکی سەرنجکێش بۆ ئەو هەست بە پەژارەیی و بێئومێدییەی مرۆڤ دەکا: "پەژارەیی بریتییە لەوەی کە ژیان (پرۆسەی بوون) نزیکایەتییەک لە نەبوونی، شیانی بوونی نەبوونیی دەپۆشێ، بۆیە بوونی مەرگ سەرەکیترین پەژارەییە. بەمجۆرە شێتبوون و ڕوو کردنە خۆکوشتن لەوکاتەدا دەستپێدەکا کە مرۆڤ هەست دەکا نەبوونی، پرۆسەی بووناندن ژیانی پۆشیووە یان بوون ئەو شکۆمەندییەی خۆی نەماوە.

لێرەوە لە بنەڕەتدا پرسی بیرکردنەوە لە بوونێکی شکۆمەند، تۆ ببیتە خۆت یان لە بووندا بیت. ئەو دەمیش، لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتەکان بوونی من یان کۆی ئەو نەوەی بەو نەبوونەی کۆی کورد گرێدرابوو. ئەوکات ئەو تەنیاییەی مرۆڤ یان من، لە ڕوانگەی ئەو ڕۆشنبیرییەی کە من بەو تەمەنە لاوییەوە تێکەڵاوی بووم، بە کێشەی بندەستی کورد، باڵادەستی ڕژێمی بەعسەوە دەبەسترایەوە. من پێم وابوو، ئەو هەستە بە تەنیایی و بێزارییەی من بەرانبەر بە ژینگە و نەریتە باڵادەستەکانەوە، پەیوەندی بە کۆی سیستەمی سیاسیی یان دۆخی بندەستی کوردەوە هەیە، بۆیە ئەو تێگەیشتنە منی هاندا کە خۆم لەو تاکەکەس، گرووپ و دواجاریش "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" نزیک بکەمەوە، تاکوو ئەو دۆخە لە بنڕا بگۆڕدرێ کە منی تووشی ئەو تەنیاییە ناوەکییە کردبوو .

کاتێک من بڕیارمدا لە ماڵ و ژینگە بەرتەنگەکەی ماڵ و دەوروبەرەکەی ڕزگار بم، کەوتمە بەردەم ژیانێکی تر. ئەو ژیانەش، وەک وتم، لە "هوتێلی خانزاد"، کە پەناگەی بێماڵ، شێت، میسریی و میوانە ئەو میوانە هەژارانەی دێهاتەکان بوو. دوای ئەمەش لە ماڵێکدا بە تەنیا ژیام. لەو ژیانە جیاوازەدا پرسی ئازادی لە دەسەڵاتی ماڵ و دەوروبەرەوە بوو بە پرسی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و سنوورەکانی. ئەمەش تووشی جۆرە تەنیاییەکی فرەوانتری کردم. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتە وایلێکردم ڕاستەوخۆ لەو تاکەکەس و گرووپانەوە نزیک ببمەوە کە هەڵگری هەمان خەمی من بوون .

لێرەوە مرۆڤ، بە واتای هێگل، ناچارە ڕۆڵەی سەردەمەکەی خۆی بێت. لەو سەردەمە، کۆتایی حەفتاکان بۆ ئەوەی مرۆی خوێنەر یان نووسەر ڕۆڵەی ئەو ڕۆژگارەی خۆی بێت، توانای هاندان و سەرنجکێشانی خەڵک بۆ پەیامەکانی هەبێت، دەبوو خاوەن ڕۆشنبیرییەکی شۆڕشگێڕانە یان ڕاستتر بێژم، دەبوو کەسێکی مارکسیی، گیڤارەیی و هاوکاتیش لە بواری فەلسەفەی بوونخوازییەوە نزیک بێت، کە ئێستا زارقەڵەباڵغیی و گەندەڵبازیی جێگەی گرتۆوە. ئەمەش پەیوەندی بەو ڕەوتە مارکسیزم و بوونخوازییەوە هەبوو کە لەو ڕۆژگارەدا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش باڵادەستبوون. لە بواری شۆڕگێڕییەکی کردەییەوە، گیڤارا ڕوحی ئەو سەردەمە بوو، هەروەک تێزەکانی مارکسیزم و بە تایبەتیش وتەکانی هۆشی منە، ماو، ڕۆجیە دۆبرێ، ترۆتسکی و ... تاد سەرچاوەی تێگەیشتنی سیاسیی بوون و کتێبەکانی سارتەریش سەبارەت بە بەستانەوەی بوونخوازی لەگەڵ مارکسیزم، بە گوڕ و جۆشترین بابەتی ئەو خوێندکار و نووسەرانە بوون کە من وەک گەنجێک تازە تێکەڵاویان ببووم .

هەر بۆیە من ئەوکات بە هەموو ویستی ناخمەوە، وامدەزانی لەناو جەرگەی جیهان، ژیان ئامادەم؛ بە دەم شەپۆلی ویستی ڕووبەڕووبوونەوەی ماڵ، جڤاک و ڕژێمی زەبەلاحەوە، خۆم بە گیڤارا دەزانی .

بەڵێ، بابەتی سەرەکی ئەو ڕۆژگارەی کە منی لە نێوان فشاری ماڵ و دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوە سەرگەمکردبوو، گۆڕانی ئەو ئاوەزە خێڵسالارەی بزاڤی سیاسیی کورد و دابڕانی جڤاکی کورد بوو لەو دۆخە بندەستیی و نەریتییەی کە سیخنانخی کردبوو. لێرەدا کۆی ئەو جیهانبینییەی کە من و هاوەڵەکانمی

سەرقاڵکردبوو چڕ ناکرێتەوە، لێ ئەوکات ئەو تێڕوانینە، بە هۆی ئەو هەرەسە کتوپڕ و تراژیدیایەی 1975ەوە، توانی زۆرینەی گەنجی کورد بورووژێنێ .

هەرچۆنێک بێت، لەو دۆخەدا وەک چۆن لە منداڵییدا نەمدەتوانی ئەو دەسەڵاتە هارارکییەی ناو خێزان و دەسەڵاتی مامۆستا و پیاوە باڵادەستەکانی ناو گوندەکەم قبووڵ بکەم، ئەو قۆناغەش رووبەڕووبوونەوەی یەکێتی قوتابیانی سەر بە بەعس لە لە قوتابخانە و لایەنگرانی بەعس لە دەوروبەرەکەم بوو بە ئەرکێکی نەتەوایەتیی و رۆشنبیریی من. بەمجۆرە بە رێگای هاوپۆلێکمەوە، چەندان کوڕی چالاکی "کۆمەڵەی رەنجدەران"م ناسی. ئەو ناسینەش بوو بە پەیوەندییەکی سیاسیی، چونکە ئەوکاتە پەیوەندیی هاوڕێیایەتی زۆرینەی ئەو نەوەی من، لەسەر بنەمای هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر رژێمی بەعس و روحی شۆڕگێڕیی بوو. ئەوکات لە ئاستی شکۆمەندیی و ئاکارەوە، بەعسی بوون و بێ هەڵوێستی بەرانبەر سیاسەتی شۆڤینی بەعس بە دژی کورد بوودەڵەیی، سەرشۆڕیی و خیانەت بوو. بەمجۆرە من بە سەرگەرمییەکی زۆرەوە کەوتمە چالاکی سیاسیی لەگەڵ ئەو بزاڤە نوێیەوە. لێرەدا ناکرێ کاریگەریی ئەو کوڕە بێدەنگ و سیاسییە ئیدیالە لە یاد بکەم، کە بۆ من وێنەی شۆڕشگێڕییەکی بەڕاستی، لە خۆبووردوو و خاوەن کتێبی بەهاداری رۆشنبیریی و سیاسیی ئەو رۆژگارەی لاویەتیی من بوو. موحسین سیاسیی، رۆژانە بە رووخساری جیاواز و بڵاوکراوەی کۆمەڵە و هەندێک جار بە دەمانچەوە لە هەولێر دەسووڕایەوە. کاتێک کە لە ژوورێکدا لە گەڕەکی "کوران" بە تەنیا دەژیام، ماڵەکەم بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو کۆمیتەی کۆمەڵە کە موحسین سیاسیی بەرپرسیی بوو. ئێواران لەگەڵ موحسین، رۆستەم حەمەدەمین، هەندێک جار بەڕێز حەوێز، سەباح شوکریی و ئەوانی تر کە ناویانم لە یاد نەماون دەچووین بۆ "چایخانەی مەچکۆ"، "عەبۆ" و ئێوارانیش لە "گازینۆی لیالی" کۆدەبووینەوە. رۆژانە موحسین سیاسیی لەگەڵم دەهاتەوە ماڵەکەم، کە ئەوکات ئەو بە تەنیا ژیانە، بوونی ماڵێک کە تۆ بە تەنیا تێیدا بژی، دەگمەن بوو. بۆیە لەگەڵ موحسین سیاسیی بەرنامەمان دانا چەندان خەڵکی سەر بە رژێم بدزین و لەو ژوورەی مندا حەشاریانبدەین. مخابن، لە سەرەتای پاییزی 1981دا موحسین سیاسیی (کە بەداخەوە ناوی باوکیم لە یاد نەماوە) لەگەڵ ناسر کرێکار، کە ئەویش یەکێک لەو کوڕە جەربەزانەی ئەوکاتی کۆمەڵە بوو لە هەولێر، بە مەبەستی کوشتنی پارێزگاری هەولێر، کە ناویم لە یاد نییە، بە خۆیان و دەمانچەوە دەچنە ناو پارێزگای هەولێر و لەوێدا ئاشکرا دەبن و دەگیرێن. حەفتەیەک دوای گیرانی موحسین، بە هۆی ئەوەی من ئەدرێسی ماڵە نوێیکەم نەدابوو بە مەکتەب، بەڵکوو هەمان ئەو ئەدرێسی "هوتێل خانزاد"م لە مەکتەب مابوو، بۆیە ئەمنی بەعس بە دوای من و رۆستەم حەمەدەمینەوە هاتبوون بۆ قوتابخانە. بەڵام ئێمە بە هۆی گیرانی موحسین سیاسییەوە نە دەچووینەوە مەکتەب. پاشان ئەمنەکانی بەعس داوایان لە کوڕێکی هاوپۆلم بە ناوی نەجات، کە یەکێک بوو لە یەکێتی قوتابیانی مەکتەبەکەمان، کردبوو ئەدرێسی من بدۆزێتەوە، کە ئێستا، وەک بیستم لە "گەڕەکی کرێکاران" عیادەی خۆی هەیە، ئەویش بە رێگای هاوڕێیەکی هاوپۆلمەوە پەیامی بۆ ناردم کە ئەمن ئەویان راسپاردووە ئەدرێسی بدۆزمەوە، بۆیە داوای کردبوو کە من خۆم رزگار بکەم. هەروا ئەمنەکان بە نەجاتیان وتبوو ئەگەر من ئەو کارە نهێنییە بزانم، ئەو لە جێگەی من دەگرن. بەهەمە حاڵ، من چیتر نەچوومەوە مەکتەب. وێڕای هەراسانی بە دەست ئەو قەدەرەی ئاشکرابوونەوە، لێ وەک گوتم، هەستم دەکرد تارماییەکی جەربەزەم لە هەولێردا دەسووڕێمەوە. بەمجۆرە نزیک یەک مانگ لە رەوشێکی نیگەران و سەرمەستانەدا لە هەولێردا مامەوە. هەندێک جار دەچوومە ماڵی بەڕێز حەوێز یان رۆستەم حەمەدەمین، کە ئەویش ئێستا لە هەولێر دەژی، کە ئێمە هەردووکمان سەر بەو کۆمیتەی "کۆمەڵە" بووین کە موحسین سیاسیی بەرپرسیی بوو. بەمجۆرە من و رۆستەم بڕیارماندا ببین بە پێشمەرگە.

ڕاستییەکەی ئەو ساڵە، واتا 1981 بە شێوەیەکی سەیر ڕێکخستنەکانی "کۆمەڵە" لە کوردستاندا ئاشکرا دەبوون. پاشان بانگەشەی ئەوە هەبوو کە یەکێتی بە مەبەست ئەو ڕێکخستانە ئاشکرا دەکا تاکوو ڕیزی پێشمەرگەی زۆر بکا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ بەرەی "جود" کە تازە دروستکرابوو، یان خەریکبوو دروست دەکرا! بەڵام من ئێستاش بە شێوەیەکی دروست بەڵگەیەکم نەدیووە کە ئەو بانگەشانە پشتڕاستبکەنەوە. بەهەمە حاڵ، چونکە ئێمە لە کۆمیتەکەمان دابڕا بووین، بۆیە نەمدەزانی چۆن بگەینە ناو ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەی یەکێتیی لێ بوون. بۆیە بە هۆی بەڕێز حەویزەوە، کە ئەویش سەر بە کۆمیتەیەکی تری کۆمەڵە بوو، بە کوڕێکی ناساندین کە ناوی شاخەوان بوو، ئەو کوڕە ئەرکی بردن و ڕێنیشاندەری ئەو ئەندام و لایەنگرانەی کۆمەڵە بوو بۆ ناو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەمجۆرە من و ئەو ڕۆستەمە لە بەیانییەکی زوودا، کە شەوەکەی لە هوتێلێکی نزیک لە "نەقلیاتی هەولێر"دا خەوتین، بە ئوتومبێلێکەوە بە ڕێگای شەقڵاوە بۆ خەلیفان ڕۆیشتین و لەوێشەوە بە سواری پیکابێکی "تویتا"ی سپیەوە لەگەڵ گوندنشینەکانەوە بەرەو "بالیسان" ڕۆیشتین. ڕاستییەکەی ئەوکات ئەو جۆرە ڕۆیشتنە سەرکێشییەکی مەترسیدار و هاوکاتیش بە چێژ بوو. مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی لە "بالیسان" بوو، کە نەوشێروان مستەفا سەرپەرشتی ئەو مەفرەزەیە بوو. لەوێ بۆ یەکەم جار شەڕی نێوان سۆسیالیست و یەکێتییم بینی. لە یادمە بە هۆی ئەو شەڕەوە، بناری چیای "هەورێ" گڕی گرتبوو. چەند ڕۆژ لە "دۆڵی بالیسان" و "مەلەکان" ماینەوە. پاشان ئەو مەفرەزەیە داوای لە من کرد لەگەڵ مەفرەزەیەک کە "هاوڕێ کاوە" بەرپرسیی بوو بچم بۆ "ناوزەنگ". لەو ڕۆژەوە لە ڕۆستەم حەمەدەمین دابڕام. دوای ماوەیەک مانەوە لە "ناوزەنگ"، ڕۆژێک ئەو هاوڕێ کاوە هاتە لام و داوای کرد دوای حەفتەیەکی تر بە "خەت مایل" لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر بچمە ناو "لەشکری ئیسلامی"، کە ئەوکات لە ئێرانەوە چەکیان وەردەگرت، یان هێزێکی سەر بە ئێران بوو. ڕاستییەکەی ئەوکات ئەو کارە بۆ من زۆر سەخت بوو. چونکە من زۆر دژی ئیسلامی و ئیسلامی بووم، بۆیە لەبەر کاری سیاسییش نەمدەتوانی ئەو یارییە تێبگەم. بەمجۆرە زۆرم هەوڵدا لەو ئەرکە سەختە ڕزگارم بێت، بەڵام بێسوود بوو. هاوڕێ کاوە وتی ئێمە بڕوامان بە ئەندامانی کۆمەڵەوە هەیە، بۆیە کە ئەو ئەرکەمان پێ سپاردن نابێ ڕەتیکەنەوە و کەسیش بەوە بزانێت. من تا هاتنی ئەو ڕۆژە لە نیگەرانییەکی گەورەی ناوەکییدا دەژیام. هاوکاتیش لەو دەمەدا وەفدێکی ڕژێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی هاتبوو بۆ دەوروبەری ناوزەنگ، کە بە ڕوانگەی ئەوکاتی من، گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لە تێگەیشتن بەدەر بوو. من لە بارەگایەکدا لەگەڵ چەند دکتۆرێک و کەسانی تر دەژیام، کە ئێستا تەنیا ئەو دکتۆر زریان عوسمانەی وەزیری تەندروستیم لە یادە، کە زۆر دژی گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ بەعسدا. لە یادمە دکتۆر زریان دەیگوت نابێ کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەگەڵ ڕژێم گفتوگۆ بکا. هەرچۆنێک بێت، من ڕۆژێک پێش وادی چوونم بۆ ناو "لەشکری ئیسلامی"، بە بێ ئەوەی کەسێک لە یەکێتی ئاگادار بکەمەوە، چووم بۆ ناو حیزبی شیوعی. هەرچەند ئەو ڕۆژە ئەو کارە بۆ من زۆر سەخت بوو. بەمجۆرە من لەو ڕۆژەوە لە ئاستی ڕوحی و جیهانبینییەوە، وەک جاران، بڕوام بە پێشمەرگایەتیی و سیاسەت نەمایەوە. لێ ئەوکات من هیچ ڕێگایەکی دیکەم نەبوو، بێجگە لە مانەوە لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕێگایەکی دیکە نەبوو. چونکە نە بڕوام بە تەسلیمبوونەوە هەبوو نە دەشمتوانی بیر لە چوونە ئێران یان ئەورووپا بکەمەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، وێڕای ئەوەی کە لای من پێشمەرگایەتی ئەرکێکی ئێتیکی نەتەوایەتیی یان بەرهەڵستکارییەکی جوانناسیی بوو، هاوکاتیش واتای پاراستنی شکۆمەندی ئەو خودە بوو کە لە منداڵییەوە بوو بە شێوازێک لە ژیانم. دەمەوێ بێژم، هەر لە سەرەتای بوون بە پێشمەرگە لە بری ئەوەی

رووبەڕووی ڕژێم ببمەوە، کەچی لە چوارچێوەی ئەرکەکانی حیزبدا تووشی شەڕکردنێک بووم کە پێی دەڵێن "شەڕی براکوژی"، لە کاتێکدا هەر سەرەتای ئەو شەڕە بەناو براکوژییەی شاخ بوو کە ئاکامەکەی بوو بە درێژترین دیاردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. مرۆ ناکرێ ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە من بە دژی ڕژێمێکی کوردکوژ ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵبژێرم، کەچی لەو شاخانەدا یەکەم تەقەکردنم بە رووی حیزبێکی تری؛ بە رووی خودی کوردەوە دەستپێبکا! بێ بەرنامەیی و کارەساتی ئەو بزاڤە چەکدارییە هەر تەنیا لە شەڕە بەرژەوەندیی و خێڵەکی نێوان ئەو حیزبانەوە نەبوو کە کۆی وزە و توانایەی ئەو نەوەیەی بە سەنگەرگرتن لەو شەڕە شوومە خۆکوکژییە بە هەدەر دا ، بەڵکوو ئەو بزاڤە هەڵگری هیچ جۆرە پرینسیپ، پرۆژەیەکی نەتەوایەتی نەبوو کە بتوانێ ویست و توانای ئەو نەوەیە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزە لە خەباتێکی بزۆک و سەردەمییانە جۆشبدا. لێرەوە دۆزەخێکی تر لە ژیانی من دەستی پێکرد کە لە دۆزەخی نەریتەکانی ماڵ، ئاسۆیە داخراوەکانی جڤاک و ژێر دەسەڵاتی بەعس ئاڵۆزتر بوو، چونکە لەو وێستگەی پێشمەرگایەتییەدا، ئاسۆیەکی تر نەما بۆ ئازاد بوون. بەمجۆرە پێشمەرگایەتیی ئەو جیهانە داخراوەبوو کە بۆ من دەربازبوون تێیدا مەحاڵ بوو. ئەگەر پیشتر پێشمەرگایەتی جۆرە ئومێدێک بوو بۆ ڕزگاربوونی خود و جڤاکی کوردی لە دەست ئەو بندەستیی و قەتیسمانەوە، کەچی لە راستییدا ئەو پێشمەرگایەتییە بوو بە کوشتنی هەموو خەونەکانی منداڵیی و هەرزەکاریم. لەوێدا کێشەکە هەر سەختی ئەو ژیانە و بێمانایی ئەو خەباتە نەبوو، بەڵکوو کێشەکە مانای ڕۆشنبیریی، خوێندنەوە و نووسین؛ واتا بیرکردنەوە و خۆ پەروەردەکردنێکی جیاواز بوو گاڵتەجاریی.

هەر بۆیە ئەگەر پێشتر نەریتی هارارکیی خێزان و سنوورەکانی جڤاک و ملهوڕییەکانی دەسەڵاتی بەعس هۆکردگەلی ئیفلیجکردنی ویستی سەربەخۆیی تاکەکەسگەلی وەک من بن، کەچی لەو قۆناغەی پێشمەرگایەتییدا پێکهاتی حیزبە بەناو ڕزگاریخوازەکانی کورد و ئەو شوێنگەیەی شاخ مەرگی کۆتایی ئەو تاکەکەسگەلە بوون.

راستییەکەی ئەوەی کە زەمینەی پێشمەرگایەتی خۆشکرد، بوونی پرۆژەیەکی نەتەوایەتی نەبوو لە کن کۆی حیزبە کوردییەکاندا، بەڵکوو ئومێدەواربوونی ئەو حیزبانە بوون بە شەڕی ئێران-عێراق. ئاشکرایە ڕێککەوتنی یەکێتیی و پارتی لە هێنانی سوپای ئێران بۆ ناو خاکی کوردستان و سەرقاڵکردنی هێزی پێشمەرگەی ئەو دوو حیزبە بە تایبەتیی و بەشێک لە حیزبەکانی دیکەی کوردستان، ئەڵبەت تەنیا حیزبی شیوعی راستەوخۆ بەشداری ئەو هاوپەیمانییەی سەربازییەی لەگەڵ ئێران نەبوو، هۆکردێکی سەرەکی بوو بۆ ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم ڕژێمی بەعس کە ئەو سیاسەتە شۆڤینییەی خۆی دژی خاکی کوردستان و هاوولاتییە گوندنشینەکان پێڕۆ بکا، ئاکامی ئەو سیاسەتە وابەستەییەی حیزبی کوردیی لەگەڵ ئێران، کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستان و هەڵدێرانی بزاڤی پێشمەرگایەتیی بوو. ئەمڕۆ ناوەندی سیاسیی و ڕۆشنبیریی روحی خوێندنەوە و راڤەکردنی مێژووی دۆڕاندووە، ئەگینا هەموو دەزانین کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاکوو وەستانی شەڕی ئێران-عێراق یەکێتیی و پارتی، یان راستییەکەی کۆی ئەو بزاڤە چەکدارییەی ڕۆژگاری هەشتاکان، چارەنووسی خۆیان و کوردیان بەو شەڕەوە مارەکردبوو. هەر بۆیە کاتێک ڕژێمی عێراق و ئێران ئەو شەڕەیان کۆتایی پێهێنا، ئیتر ڕژێم دەستی کرد بەو هێرشە رقئەستوورە کرد کە بە "ئەنفال" ناودێری کرد. ئەو حیزبانە چونکە لە بنەڕەتدا هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئەگەرەکانی دوای وەستانی ئەو شەڕە نەبوو؛ چونکە ئەو بزاڤە شێوەیەک نەبوو لە شێوە یان تاکتیکی پرۆژەی شۆڕشێک، بەڵکوو تەنیا بەرتەکێکی هەستەکی یان جەڵەبیی بوو بەرانبەر ڕژێمێکی وەک بەعس. ئەو بەرتەکەی

بزاڤـی ئـەو حیزبانـە هێنـدەی هـۆکردی ملهوڕییـەکانی بـەعس و هەڵگیرسـانی ئـەو شـەڕە دۆزخەییـەی دژی ئێـران و کورد بوو، ئەوەندە بەرنامەیەکی دارێژراوی تۆکمە، پشتئەستوور بە گوتارێکی نەتەوایەتی نەبوو.

بۆیـە لەگـەڵ سـووتاندن و کـاولکردنی ئـەو دێهاتانـەی کـە بنکـە سـەرچاوەی ژیـانی خـەباتی پێشـمەرگایەتیی بـوون، لـە هـەڵاتن بـەرەو ناوزەنـگ و ئـاوەرەبوونی پێشـمەرگە لـە ئێـران و تورکیـا هـیچ ئاسـۆیەکی تـری بـۆ نەمایەوە .

بـەڵێ، ئـەو بابەتـە بـە سـفت و سـۆیە ئاخـاوتنێکی بێنـدرێژی گەرەکـە، کـە لێـرەدا مەیسـەر نابێـت. ئەوەنـدە بەسـە کـە ئامـاژەی پێبکـەم، کـە مـن بـە چـاوی خـۆم بینیـنم، هـەر کاتێـک سـوپای ئێـران لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی پـارتیی و یـەکێتیی دەهاتنـە ئـەو دەڤەرانـەی کـە چەنـدان سـاڵ بـوو بنکـەی ئـارامی پێشـمەرگە و دێهاتنشـینەکان بـوون، کـەچی دوای حەفتەیـەک لـە هـاتنی سـوپای ئێـران، دەبـووە ئـاگر و ژیـانی لـە پێشـمەرگە و دێهاتییـەکان دەکـردە دۆزەخ. مـن بـە چـاوی خـۆم لـە دەڤـەری لـۆلان و خواکـوورک، بـەرزان و دەڤـەرەکانی دیکـەدا، ئـەو راسـتییەم بینـی. لـە کاتێکـدا بـەر لـە هـاتنی سـوپای ئێـران ئـەو دەڤەرانـە هێـورترین دەڤـەری پیشـمەرگە بـوون. بەڵام دوای جێگیربوونی سوپای ئێران، رژێمی بەعس ئاگربارانی دەکرد.

لێـرەوە نکـوولێکردن لـەو سیاسـەتـە وابەسـتەییەی پـارتیی و یـەکێتیی نـەک هـەر تـەنیا بـۆ داهـاتووی کـورد و خۆناسـین هەژەندهێنـەرە، بـەڵکوو بـێ ئەمەکییـە بەرانبـەر مێـژووی ئـەو بزاڤـەوە. راسـتییەکەی ئـەو دۆخـە دارمـاوە، دەرهاوێشـتەیەکە لـەو نەریتـەی فەرامۆشـکردن و خۆگێلکردنـەوەی کـورد لـە هەمبـەر مێـژوو و یادەوەرییەکەی.

لێـرەوە، بـە کـورتی ئـەو گەندەڵسـاریی ئـابووریی، ئـەخلاقیی و سیاسـیی و بێماناببوونـەوەی پرسـی نەتەوایەتیانـەی کـە ئـەمڕۆ جڤـاکی کـوردی داهێزرانـدووە، ئاکامێکـە لـەو خەباتـە چەکدارییـە جەڵەبییـەی هەشـتاکان. ئـەو خەباتـە خـەونی نەوەیـەکی ئـازادیخواز و ویسـتخوازی لـە گۆڕنـا. چونکـە ئەوەنـدەی مـن لـە ویسـت و توانـەکانی ئـەو نەوەیـەی حـەفتاو هەشـتەکان تێگەیشـتبم، لـە پێنـاو ئـەو ئاکامـە هەژەندهێنـەرە نـەبوو کە هۆیەکی سەرەکی بەرپرسیارانی ئەو بزاڤە رزگاریخوازە بوون .

کەواتە نەبوونی بەرنامەی ئەو بزاڤە، کە تۆ سۆراغی دەکەی، لای من لەوەدا چڕ دەبێتەوە:

"راسانێک، کۆڕەوێک، لە دەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و

چڕنوکێک لە ناوەکیدا بیرهاتنەوەکانت دەئەنجنێ.

مانایەک لە زاردا هەڵدەگەڕێتەوە و

نەوەیەک لە زماندا غەوارە دەبێ،

شوێن پێییەک لە شۆڕش، لە یەکاتییەکی رماودا ،

هەڕاجی رادەگەیەنێ.

مێژوویەک بەدەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا،

ئیرادەی زڕاوە." (باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم رووتبوونەوەی هەنارەوە، بڕوانە نیگای دەست، 2004")

هەر چۆنێک بێت، ژیانی پێشمەرگایەتی من لەگەڵ هێرشی ئەنفالی دۆڵی بالیسان، کە وابزانم ئەنفالی 6 و 7 بوو، دوای نزیکەی نیو ساڵ لە هێرشی تۆپ و فڕۆکە و سوپایی، دواجار بە هێرشی چڕی زەویی و ئاسمانییەوە خەتم بوو. نزیک مانگی هەشت کاتێک رژێم کۆی هێزەکانی بەرەو "دۆڵی بالیسان"، "باڵەکایەتی-دۆڵی گەرەوان" و "دۆڵی سماقولی" هێنا، دوای بەرەنگارییەکی زۆری هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی و شیوعی و سۆسیالیست، کە راستییەکەی ئەوکات، من پەشمەرگەی پارتیم لەو شەڕانەدا نەبینیوە، چونکە پارتی هێزێکی کەمی لەو دەڤەرەدا ئامادەبوو، دواجار دوای چەندین مانگ شەڕ لەگەڵ هێزی ئاسمانیی و سەر زەویی بە دژی هێرشەکانی رژێمی بەعس و جاشەکان، "بەرەی جوود" بڕیاری کشانەوەی بەرەو "ناوزەنگ" و سەر سنوورەکانی ئێران دا، منیش لەگەڵ مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بەرەو دەڤەری بادینان رەوانەکرام، بەو ئامانجەی لەوێوە بەرەو سووریا بچین. لێ لەگەڵ گەیشتنمان بە "بەری گارا" کە بنکەیەکی بچووکمان لەوێ هەبوو، دوا هێرشی ئەنفال، ئەنفالی 8، (لە پۆلێنکردنی ژمارەکان دڵنیا نیم!" بۆ سەر ئەو دەڤەرە دەستی پێکرد. جێگەی سەرنجە، هەرچەندە دەڤەری بادینان زۆرینەیان سەر بە پارتی بوون، کە دێهاتەکانی، بە هۆی سەختی جۆگرافییەوە، لە زۆر دەڤەری دیکەی کوردستان زیاتر بوو، کەچی ئەو هێزانەی پارتی یەک رۆژیش، وەک هێزێکی پێشمەرگە، بە رووی سوپای بەعسدا هەڵنەشاخان. لە کاتێکدا، بە هۆی سەختی شاخ و داخەکانی ئەو دەڤەرەوە، دەکرا باشترین بەرەنگاری ئەنجامبدرابا. لەوەش زیاتر، پارتی دێموکراتی کوردستان نەک هەر ئەو بەرەنگارییە چاوەڕوانکراوەی رانەپەڕاند، بەڵکوو هەر زوو بەشێکی زۆر لە بەرپرسەکانیان بە هۆی هاوخێڵیی یان خزمایەتیان لەگەڵ سەرۆک جاشەکانی ئەو دەڤەرەوە، خۆیان رادەستی رژێم کردەوە و ئاپۆرەیەک لەو گوندنشینانە سەرگەردان و لەو شاخانە مانەوە، دواجاریش رژێم بە دڕەندترین شێوە گەمارۆی دان و دوای هەتکردنی ژن و کیژانیان، رەوانەی ئوردوگا سەربازییەکانی دەڤەڕی شێخانی کردن .

ئێمەش، وەک مەفرەزەیەکی هیلاکی نەشارەزا، کە بە هۆی چاوەڕوانی ژن و منداڵی پێشمەرگەکانی لقی شێخانی حیزب، بە دەست ئابلۆقەی هێزەکانی رژێمەوە، وێڵ، برسی و تێنوو، بە رێککەوتێکی سەیر دوای یەک مانگ گەیشتینە گوندێکی کوردستانی باکوور، کە نیوەی ئەو گوندە سەر بە کوردستانی باشوور بوو و نیوەکەی تریشی سەر بە باکوور، تەنیا رووبارێک لێکیجوودا دەکردنەوە .

بەڵێ، ناکرێ ئاماژە بەوە نەکەم، کە شەوێکیان بە دەم رێوە لە دۆڵێکی ئەو چیایەی بەرانبەر بارزان شۆڕ دەبووینەوە، کیژێکی حەوت هەشتساڵەی ئێزیدیی بەناوی "ئیوان"نمان دۆزیەوە. ئەو کیژە لانەوازە وەک کەروێشکێکی تەنیا بەو دۆڵەدا بەرەو روی ئێمەوە هەڵدەزنا. "ئیوان"، وەک زارۆکێکی تەنیا، بەو شەوە و دۆزەخییە نەک هەر نەدەگریا، بەڵکوو، وەک ئەوەی دەمێک بێت ئێمە بناسێ و لێمان هەڵەتە بووبێ، بە چرپەوە کەوتە ئاخاوتن لەگەڵماندا. ئەو کیژە بوو بە هاوسەفەرمان و دوایش هاوڕێیان بە کۆمەڵە جاشێکیان سپارد کە بیگەیەننە کەس و کاری لە دەڤەری شێخان. بەمجۆرە ئەو جاشانە ئەو ئەرکە جوامێرانەیان راپەڕاند و "ئیوان"یان بە ماڵباتەکەی گەیاندبوو .

پێشهاتی "ئیوان" رووباری ژانێکە، خوێنێکە هەمیشە بێدەنگ لەناومدا گنگڵدەدا، بێ ئەوەی ئاراستەیەکی بۆ دەرچوون لەو بێدەنگییە هەبێت، چونکە ئەو کۆستانە لە ماڵێکدا سارێژنەکران. بۆیە رەوشی بێماڵی، مەیلی شێتبوون و خۆکوشتن، تاکە ماڵێکە پەنام نادا !

بەهەمەحاڵ، دەبوو من ماڵێک لە وێنەی "زێی بادینان" بۆ "ئیوان" چێبکەم، چونکە ئەو "زێی بادینان"ە "ئیوان"ی لانەوازەکرد، لێ لەوکاتەوە تا هەنووکە لەو بێماڵییەی خۆمدا، تەنیا توانیوومە لە پەیڤگەلێکدا "ئیوان" لە یادەوەریی خوێنلێبەربووی خۆمدا پەنا بدەم:

"هێشتا هزرم

وەک ئەو شەوەی (رۆژەی)،

مەرگ لە گەرووی شەپۆڵدا

تاوی بۆ دەهێناین،

کە "ئیوان"ی لانەوازە بوو

بێباکانە دوا داستانی نسکۆکانی

بۆ دەبێژاین!" (شیعری، ئیوان، 1989، ئۆردوگای خۆی)

بەهەمە حاڵ، ئێمە شەوانە نابەلەد بەرەو تورکیا، بێ ئاو و نان بەنادرێکەزی رەبییە و مۆڵگەکانی سەرباز و جەشەکاندا بەرەو تورکیا رێماندەکرد. دواجار لەسەر چیای "شیرین" تەریفە و تێنوویەتیی زارمان بە میزی خۆمان شکاند. ئای لەو تێنوویەتییە، ئێستاش تامی ئەو میزەم بەیاد دێتەوە، دۆشدامان دەمگرێت! کاتێک گەیشتینە ئەو گوندەی باکووری کوردستان، کە گوندنشینەکان هەموویان جاش بوون، وەک پیشمەرگەی پارتی دێموکراتی کوردستان خۆمان ناساند، چونکە نەدەکرا وەک پیشمەرگەی حیزبی شیوعی خۆمان رادەستی تورکیا بکەین. هەر چۆنێک بێت، نانێکی باشیان داینێ و شەویش ئێمەیان داڵدەدا و سپێدەکەش رادەستی قەرەقۆلی توررکانیان کردین. دوای ماوەیەک بە دەست بەسەری لە سەربازگەکانی تورکیا، رۆژێک بە زیلێکی سەربازی ئێمەیان لەسەر سنووری ئێران فرێدا. هەڵبەت ئەو دەڤەرە دەکەوێتە نزیک سێگۆشەی سنووری ئێران و تورکیا و عێراق، نزیک خواکوورک. لەوێش خۆمان رادەستی پایەگایەکی سەرسنووری ئێران کرد. سەربازە ئێرانییەکان ماشێنیان نەبوو، ناچار بە پیادە بەرەو "زێوە" رۆیشتن. ئێمە حەوت هەشت پێشمەرگە بووین، چونکە لە نیوەی رێگا بە هۆی سەختی پەڕینەوە لە "زێی باهدینان"ەوە لێکدابڕاین، ئەو مەفرەزەی کە من لەگەڵیدا چوومە ئێران، نیوەی عەرەب بوون. بەمجۆرە لە زێوەش وەک پارتی دێموکراتی کوردستان خۆمان بە پاسداران ناساند و ئەمانیش ئێمەیان بە بارەگایەکی پارتی سپارد. دواجار دوای نزیک دوو ساڵ مانەوە لە ئۆردوگای "خوی" و "کەرەج"، کە حیکایەتی ئەو ئۆردوگایانەش درێژە، حیزبی شیوعی بە ناسنامەی ساختە ئێمەیان وەک گرووپی بچووک تا سنووری تورکمانستان، کە ئەوکات هێشتا سەر بە سۆڤییەتی کۆن بوو، برد و لەوێشەوە بە پیادە خۆمان گەیاندە سەربازگەیەکی رووسی.

لەوێش نزیک دە رۆژێک لە سەربازگەیەکی رووسی لە تورکمانستاندا زیندان بووین و پاشان ئازاد کراین. بەمجۆرە دوای ماوەیەک مانەوە لە پایتەختی تورکمانستان، "چوارجوو" و پاشان مۆسکۆ. شەوێک پێیان وتم بەیانی زوو خۆت ئامادە بکە. بەیانییەکەی زوو من و چوار پێنج هاوڕێی تریان گەیاندە فرۆکەخانەی مۆسکو. لەوێش بێ پاسەپۆرت سواری فرۆکە بووین، بێ ئەوەی بزانین بەرەو کوێ دەچین. لێ کە چووینە

ناو فرۆكەكە، وتیان كە گەیشتن بلیتەكەتان لەناو فرۆكەكەدا بدڕێنن و فڕێبدەن. بەمجۆرە لەگەڵ فڕینی فرۆكەكەوە، دەستم بە ڤۆدگا، ویسكی و شەراب خواردنەوە كرد. سەرەتای شەوێكی سەرەتای كۆتایی مانگی 10ی 1990 بە سەرخۆشی گەیشتینە پایتەختی سوێد، ستۆكهۆلم .

بەڵێ ئەمە تیرێژێك بوو لە دەستپێك و كۆتایی ژیانی سیاسیی، پیشمەرگایەتی، پرسی شێتبوون و خۆكوشتنی من. كەواتە :

"لە ناوەكەمدا: لە نێوان ئێرە

ئەوێدا،

شوورایەك لە زەردەواڵەی نامۆیی؛

هەرەسێك لە شۆڕشێكی بێشووناس؛

لوورەی گەن...

دەڵێی،

لێرەشدا لە ناختا ئاڵاون .

"سەفەری مەحاڵ"ی هەنگاوی رووبارمە.

بێماڵیت زمانتە؛

زمانت ماڵەكەی:

بێماڵی هەندرێنتە.

**ئەرسەلان مەحمود:** واتێدەگەم قسەكردن، یان هەستكردنی تۆ بەزەمەن، جیاوازی زۆری لەخوێندنەوەو، تێگەیشتن و، هەستكردنی زۆرێك لەئەوانی دی ( نووسەران و رۆشنبیرانی كورد ) سەبارەت بەدوێنێ و، ئێستاو ئایندە هەبوونی و هەیە، لای تۆ مەسەلەكە هەرچییەك ببێت، دواجار یەكسانە بەهیچ، هەروەك ئەوەی ( براونینگ ) ی شاعیر دەیگووت" ئێستا، چركەساتی هەرەسی ئایندەیە لەرابردوودا" ئایا دەشێ چركەساتەكانی تەمەن و زەمەن لەیەك كاتدا ڕابردوو ئێستاو ئایندە لەخۆ بگرن ؟.. ئیزن بدەن لێرەوە دەمەوێ باسەكەمان بەرینە نێو دنیایی ئەدەب، كەئێوە لەپێنجی سەرەتاییەوە عاشقی بوون و شیعرتان نووسیووە...

**هەندرێن:** هەرچۆنێك بێت، ئێستای مێژووی تاكی مرۆڤێك یان نەتەوەیەك بریتییە لە ئاكامگیریی یان دووبارەكردنەوەیی رابردوو، ئێستا و ئاییندە. بێ رابردوو نە ئێستا و نە ئاییندەش لە گۆڕێدا نییە، هەروەك ئاییندەك بێ رابردوو و ئێستا لە گۆڕێدا نییە. ئەگەر پێناسەكردنی من بۆ رابردوو، ئێستا و ئاییندە، یەكسان بێت بە "هیچ"، پەیوەندی بە نەگۆڕی ئەو جوولەی كات لە ژیان و مێژووی كوردەوە هەیە.

تـۆ دەبینـی ، بـە لای کەمییـەوە، سـەدەیەک زیـاترە، وێـڕای ئـەو هـەموو قوربانییـە مەزنانـەی کـە مـرۆی کـورد بەخشیویەتی، کەچی لە گەوهەردا ئایندەی کورد هەمان ئەو ئاییندەیە کە لە رابردوودا دەیناسیینەوە.

لـێ دیـارە لەگـەڵ لـە دایکبـوونی مـرۆڤ، تێگەیشـتن لـە کـات دەسـتپێدەکا. مـرۆڤ هـەر لەگـەڵ ئـەو تێگەیشـتنەوە بـە دوای ماڵێـک یـان گرێـدراو بـە هـاومرۆڤ، نەتەوەکـەی بـە دوای مێـژووەک دەگـەڕێ، ئـەو گەڕانـە، کـە هاوکاتـە لەگـەڵ جوولـەی تەمـەن و کاتـدا، وەک مـەیلێکی مرۆڤانـە خـۆی بـەدیار دەخـات. مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بـوونی بەرجەسـتە بکاتـەوە، لـەو مەیلـەڕا هەوڵـدەدا خـۆی بدۆزێتـەوە. ئـەو ویسـتە بـۆ دەرکـەوتن، خـۆی لـە خۆیـدا، لـە روح و توانسـتی مرۆڤـدا جێنشـینە. ئەمـەش مـرۆڤ هانـدەدا کـە لـە ژیـانی خۆییـدا بهزرێـت. هـزرینیش بـزوان و رێکردنـە بـەرەو بـوون. خـودی بـوون لـە رێگـای ئـەو جووڵانەیەوەیـە دەبێتـە هـزرین. ئـەو جوڵانەوەیـە، لـە رەوتـە هێڵەکییەکەیـدا، دەنـگ و ئـاواز بـەناو کاتـدا پـەرژ دەکاتـەوە. ئاکـامی پەرژبوونـەوەی پرۆسـەی ئـەو جوڵانەوەیـە دەبێتـە پـەیڤین. پـەیڤینیش گفتوگۆکردنـە لەگـەڵ ئـەو دەوروبـەرەی کـە مرۆڤـی تێیـدا جێنشـینە. لـەو دەوروبەرەشدا هەموو چەشنە شتێک هەیە و ئەو شتانەش بۆ مرۆڤ دەبنە دەروازەیەک بۆ بانگهێشتنی مرۆڤ .

گشـت ئەمانـە لـەناو زمانـدا جێنشـینن و زمـانیش بـۆ خـۆی ناولێنـانی ئـەو یادەوەرییـەی مرۆڤـە کـە لەگـەڵ کاتـدا دەڕسـکێ. بۆیـە رابـردوو، ئێسـتا و داهـاتوو ئاکـام یـان رەنگدانـەوەی خـودی تاکەکـەس یـان کـۆی مـرۆڤ، نەتەوەیەکـە لـە هەنووکـەدا. ئـەو مێـژووەی مـرۆڤیش بـێ زمانێـک لـە ئـارادا نییـە، چونکـە ئـەوە زمانـە کـە ژیـانی مرۆڤ بەرجەستە دەکاتەوە، بە گۆ دێنێ .

لـەوەش بتـرازێین، تـۆ "قسـەکردن" یـان "هەسـتکردن"ی مـن "یەکسـان بـە هـیچ" یـان دەسـتەواژەیەکی دیکـە پێناسـە بکـەیت، کـەچی دواجـار مـن کـوڕی ئـەو رابـردوو، ئێسـتا و داهـاتووەی خـۆم و بـە تێگەیشـتنەکانی خۆشـمەوە ئـەو پرسـیار و چارەنووسـەی داهـاتووی خـۆم و هاوزمانـەکانم دەخوێنمـەوە کـە دەرەنجـامی ئەزموونـەکانی رابـردوو و ئێسـتای مـنن. بـەمجۆرە ئەگـەر مـن تەمـەن، رابـردوو، ئێسـتا و داهـاتووی خـۆم و ئـەوانیتر لـە "هـیچ"دا جێنشـین بکـەم یـان نـا، لـێ مـن لـە شـوێنێکی دیکـەدا، بـە واتایـەکی بەرهەڵـدراو گوتوومـە و ئێسـتاش جـەختی دەکەمـەوە: کـە مـن بوونـەوەرێکی دەروشـاوەم، تـا ئـەم بۆشـاییە رۆشـن بکەمـەوە، کـە لەبـەر چاومـدا پەرژبۆتـەوە، لـەناو ئـەم بۆشـاییە شـلەژاوەدا دەمـەوێ مانایـەک بـەم بوونـەوەرە ببەخشـم، کـە ئـەوە مـنم، پەرێشـانییەکی کۆنینـە لـە ناومـدا دەژی. خەونێکـە خـەونم پێـوە دەبینـێ و دەخـوازێ شـوێنێک لـە کـەناری ئـەم جیهانەدا دابهێنێ.

بـەدەم ئـەم خەونـەوە لـە لێوارەکـەی ئەوبـەری جیهانـدا بـەرەو رووی رووبـارێکی شـلەژاو رێدەکـەم بەمـە دەمـەوێ بە هێمنی لەم بوونەدا بژیم.

ئـەم بوونـەش شـیعرە، شـیعریش ناسـنامەیە، ناسـنامەش زمانـە، ئـەم زمانـەش خـەیاڵ، بیرڕۆیـی، تەقینـەوە و ئاوازەکانی ناوەکییە.

وەک ئـەوانی تـر دەخـوازم لـە ئاوێنـە ناوەکییـەکانی زمانـدا خـۆم ببیـنم، کـە زایەڵـەی رۆح و زرینگانـەوەی یادەوەرییە.

دەخـەوم تـا خـەون ببیـنم، دەپرسـم تـاکو خـۆم و ئـەوانیتر بناسـم. سـەفەر بـۆ دۆزینـەوەی خـۆم و زانیارییـەکان دەکەم.

ئێستا من لێرەم، لێرەی بێ- شوێندا، کە نە رابردوو، نە ئێستا و نە داهاتووی من ناسناکا. شوێنێک کە وەک ئەوانیتر و وەک خۆی بانگم ناکات. پەیوەندی نێوان من و ئەو شوێنە، پەیوەندییەکی سومبلییە، یان بە زمانێکی نەبیستراو لەگەڵمدا دەپەیڤێ.

کاتێک "ئێستا دەبێتە چرکەساتی ئایندە لە رابردوودا"، کەواتە مرۆڤ و ژیان، کۆی مێژوو جوولەیەکەی بە خۆیەوە نەبینییوو، یان بە واتای هێگلیی، رابردوو لە خۆیدا دەرنەچووە .

بەمجۆرە من ئێستا لەسەر رووی بۆشاییدا وەک سەراب دەجمجێم، نەبینراوانە گنگڵ دەدەم و لە گوتنێکی نەبیستراودا جێگیریم، واتا بە زایەڵەی زمانەوە لە نێوان رابردوو، ئێستا و داهاتوودا جێنشینم، کە هەمان چرکەساتە .

لێ سەبارەت بە شیعر نووسینم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، بەشێکی پەیوەندی بە مەیلە رەمەکییەی من بوو، کە خۆی کاریگەرییەکە لە دۆشدامان بەرانبەر بە نهێنییەکانی سروشت و گەردوون، کە هەر لە کاتی منداڵییەوە دۆشداماومان دەکا. بە دیوێکی دیکەوە، بە رای من، پەیوەندی بە چوونە ناوخۆوە هەیە. هەندێ کەس لە سروشتی خۆیدا دەرەکییە و هەندێکیش ناوەکییە. بەجۆرە ئاشنا بوونی من لەو تەمەنەدا بە شیعر، لە سەرەتادا کاریگەریی ئەو مرۆڤ و ژینگەیە نەبووم کە تێیدا چاوم کردەوە، بە پێچەوانەوە خوێندنەوە بە گشتی لادان بوو لە نەریتی ماڵەوە و گوندەکەمان. هەروەک ئێستا کاری رۆشنبیریی وەک کردەیەکی هی دڵیی، ریسواترین کارە لە جڤاکی کوردییدا. بە گشتی بە هۆی ئەو پێکهاتە خێڵەکیی و رەوشە سیاسییە ئاڵۆزەی کە هێشتا لە ماسوولکە، پێوانەی خزمایەتی، خێڵەوە قەتیسماوە، بەهای رۆشنبیریی مانایەکی نییە. چونکە راستییەکەی لە بنەڕەتدا حیزبی کوردیی و کاری سیاسیی گواستنەوەی نەریتی خێڵە. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا کردەی نووسین، لە کالایەکی لاوەکی سیاسەت زیاتر بەهایەکی دیکەی نییە.

بە هەند وەرگرتنی کردەی رۆشنبیریی هی جڤاکێکی بیرکەرەوەیە. لەوێدا پایەی مرۆڤ لە جیاوازی توانای تاکەکەسەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە. لە جڤاکێکی بیرکەرەوە یان تاکەکەسییدا واتای رەهەندی رابردوو، ئێستا و ئایندەی مرۆڤ بە دەسەڵاتی هەتا هەتایی سەرۆک خێڵ و مەزەندە نەگۆڕەکانییەوە گرێندەراوە، بەڵکوو بە ئەفراندن و وزە بزۆک و جیاوازەکانی تاکەکەسەکانەوە دەبەسترێتەوە. بەمجۆرە تا هەنووکەش لە جڤاکی ئێمەدا، بە هۆی ئەو قەدەرە ئەبەدییە بندەستییەی کوردەوە، مرۆی کورد ناچارە لە ناو چوارچیوەی ئاراستەیەکی بە کۆمەڵییدا وزەکانی خۆی تەرخان بکا. کەواتە ئەوەی لە جڤاکی کوردییدا رابردوو، ئێستا و ئایندەی تاکی کورد دیارییدەکا، خودی ئەو ئەو رەوتە بە کۆمەڵییەیە کە بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردەوە ناودێر دەکرێت. جێگەی سەرنجدانیشە، هەرچەندە هێشتا کەم کەس هەیە سەرنجبدا، بە هۆی مانەوەی ئەو پێکهاتە گشتییەی کوردەوە تا ئێستاش ئەو سەرچاوە و کەسایەتییانەی کە ئاراستەکانی ئەو ئەو بزاڤە دیارییدەکەن، نەریتی باوی خێڵ و مرۆڤە ئاکار خێڵەکانن .

لەوەش بترازێین، سەبارەت بە سەرەتای تێکەڵبوون بە شیعرەوە، رەنگە من سەرەتا وەک بەرتەکێک بەرانبەر ئەو دژە نووسین و نەریتە باوانەی خێزان و ژینگەکەمەوە، هانام بۆ شیعر بردبێت. رەنگە بە هۆی ئەوەی کە من لەو ژینگەیەدا هەستم بە تەنیاییەکی ناوەکی قووڵکردبێت، بۆیە وەک منداڵێکی بێماڵ خدووم بە شیعرەوە گرتبێت. رەنگە لەو تەمەنەدا هەراسانبوونم بە دەست گەرمای هاوینی ئەو دەڤەرە و گەردەلوو و خۆڵبارانەکانی، کە بۆ من لە نەریتە قورس و غەدارەکانی خێزان و ئەو ژینگەیە دەچوو، یان

ڕەنگە لە داخی ئەو سەرئێشانەی کە دوای هەموو هوڕەبایەک لە هاویندا تووشی دەبووم، یان ڕەنگە بە هۆی مەراقی نەبوونی قەڵەم ڕەنگ، کە بۆن و ڕەنگەکانی پاکەتی قەڵەم ڕەنگ چێژێکی لە ڕادەبەدەری پێدەبەخشیم، یان دۆشدامانم بەرانبەر سەرهەڵگرتنی گەردەلوول بێت کە تا چاوبڕکا سەیرم دەکرد، ڕەنگە بە هۆی حەز نەکردم بە تێکەڵاویی و گەمە نەکردن لەگەڵ منداڵانی ئاوزەی خۆمەوە بێت، کە دواجار لەو تەمەنەدا دەبوو شتێک هەبێ خۆمی پێکەوە بخافڵێنم و ... تاد، پەنام بۆ شیعر نووسین بردبێت. نازانم!

وەلێ وێڕای ئەمانەش، شیعر کردەیەکە لە دۆشدامان بەرانبەر بە پرسیارەکانی ژیان و گەردوون، یان بوونایەتییدا لە دایک دەبێت. هەروەک شیعر زایەڵەی زمانە. شیعر لە بێدەنگیی زماندا، سەفەرێکی ناوەکییە. لێرەوە من لە سەرەتاوە، هەروەک ئێستاش، لە نێوان ئەو ژیانە رووکەشەی کە مرۆڤە سروشت دەرەکییەکان و نەریتە باوەکان باڵادەست بوون و دەبن، لەو بێدەنگییە زایەڵەدارە جێنشین بووم .

وێڕای ئەمەش، وەک لە پێشتر گوتم، لەو تەمەنە منداڵیی و ژینگە دژە ڕۆشنبیرییەدا، شێواز و ئاکاری مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە وروژاندنی مەیل و هەستی خۆشەویستی من بەرانبەر بە شیعر. بێنە بەر چاوت، لە گوندێکی دوورە دەست و داخراو بە نەریت و سنوورە خێڵەکییەکان بۆ یەکەم جار، بە پێچەوانەی نەریتی رووشکێن و ترسناکی مامۆستایانی کورد، لە جیاتی دار حەیزەران و مرو مۆچییەوە، مامۆستایەک ڕۆژانە لە بری خوێندنەوەی وانەیەکی بێتام و سەپاندنی ئەرکی بەیانی بەسەرماندا، سەرەتای وانەکانی بە زمانێکی شەپۆڵداری دڵبزوێن بە خوێندنەوەی کۆپڵە شیعری وروژێنەر دەستپێبکا، چتۆ شادییەک بە خوێندکارانی ساوا دەبەخشێ؟ بەڵێ، ئەوکات بۆ من و بگرە چەند هاوپۆلێکی تر، مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی، بە ڕەخنەگرتن و پووچکردنەوەی نەریتە چەوتەکانی خێزان و جڤاک بەرانبەر منداڵ و خودی خۆیان و پاشانیش خوێندنەوە چەندان شیعر، وەک ئەفسانەیەک وابوو. هەر بۆیە ئەو مامۆستایە تاکە مامۆستایەک بوو کە وایلێدەکردم ڕۆژانە بە جەستەیەک لە خەیاڵ و سۆزەوە بچمە مەکتەب. بە کورتی ئەو مامۆستایە لەو ماوەی کە لەو گوندەدا مایەوە، بە باسکردنەکانی لەسەر شیعر، خوێندنەوەی شیعر، ئەو کتێب و شیعرە دەستنووسانەی کە بە ئێمەی خوێندکار دەدا، زیاتر بەرەو جێنشینبوون لەو بێدەنگییەی شیعری بردم. لێرەوە ستایشێکی منداڵانە بۆ مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی .

**ئەرسەلان مەحمود:** بوونەوەرێکی درەوشاوە؟..یان باڵندەیەکی بەختەوەر، ئەو باڵندەیەی هێلانەیەکی شوێنگیری نیەو مەیلی چ جۆرە فڕینێکی مەودا دیاری نیەو، بۆ کوێ بچێ ڕێگاکان لەبەردەمیدا ئاوەڵان، ئێ ئەوەی کامەرانی ئێوەی تەڵخ کردوەو دەکات چییە؟..ئەو مانایە کامەیە هەندرێن دەیەوێ بەبوونی ببەخشێ و، چ خەونێکە خەون بەتۆوە دەبینێ؟ دەبێ ئێوە چییەکتان لەم مەملەکەتی درۆو دەلەسەو بێ ئەمەگی و، حزب و فەرمانڕەوایەتیەکی وەک ئەوەی دەڵێن هیچوپووچ، ستەم و زۆری کەسانێکی چەقبەستو ...، شاری بێ جەژن، ئاهەنگی بێ خۆشی، جێهێشتبێت؟ ئێوە پێتان وایە لێرە( کوردستان ) ناهێڵن خۆشەویستی هەناسەبدات، باشە، کوڕێژگەیەکی یاخی، بەڵام شەرمن و، تاڕادەیەکی زۆر گۆشەگیر، ڕاوی ماسی و باڵندەی چجۆرە کەنار دەریایی جیهانێک دەکات؟

**هەندرێن:** مرۆڤ کە هەر لە منداڵییەوە لە شوێنێکی تر و کەسێکی تردا جێنشین بوو، هەمیشە لە باڵەفڕێ و جوولەیەکی ناوەکییدایە. بەمجۆرە لە ئاستی زماندا بوونە ئەویترێکی ئایدیالی، دۆخێکە لە نێوان خەونبین بە جیهانێکی تژی لە چرپە و ساتمەکردن لە جیهانێکی مردۆخدا، کە لەوێدا کۆت و بەندەکانی

نەریت و "ستەم و زۆری کەسانێکی چەقبەستووی شاری بێ جەژن" روحت پەلبەست دەکەن. کاتێکیش ئەو تەرزە بوونە بوو بە بوونەوەرێکی زەمانیی، ئاوێزان بە زیاڵەی پەیڤ، روح دەبێتە کوانووی سووتانی حەسرەت و خۆزگە لە بن نەهاتووەکان. ئەو چەشنە بوونە قەدەری وایە کە دۆخی هەنووکەی ژیانی ببێتە شەپۆلێک لە پرسیار، دڵەڕاوکێ، گنگڵدان، بێزاریی و هاوکاتیش چێژی لە هیکرا. بەمجۆرە خۆ نواندنی وەک "بوونەوەرێکی دەرەوشاوە" و "باڵندەیەکی بەختەوەر" لە نەبوونی ئەو ماڵە دایە کە ئەو بوونە درەوشاوەیە یان باڵندە بەختەوەرە لەوەتەی هەیە بەرەو دۆزینەوەی لە سەفەرێکی ناوەکییدایە. منێک کە هەر لە تەمەنی منداڵییدا هەستم کردبێت کە وێنەی منداڵی من لە شوێنێکی تر، ماڵێکی ترە و ئەمەش لەگەڵ تەمەنی مێردمنداڵییدا بەرەو ئەو گەڕانێکی گاڤ وێڵی فڕاندم و دواجاریش بەرەو شاخ و لەوێشەوە ئەو هەراسان لە ژینگەی منداڵ دایە دەبێتە "درەوشانەوە"یەک کە سەرچاوەکەی لە گەڕانی بەرەو ئەو شوێنەدایە کە منداڵی فرچی پێوە گرتووە. لێرەوە ئەوە بوونەوەرە"درەوشاوە" و باڵندە "بەختەوەر"ە، لە لە ئامادەیی ئەو دۆخەی بووندایە کە هەمیشە لە خەونی ئەو وەرزەدایە کە ئەو شوێنەی بەرایی خۆی، کە تەنیا لە بێدەنگی زماندا ماوەتەوە، شکۆمەند بکا.

کەواتە بوونی من لە نێوان بێداربوونەوە و خەونبینیندا، تەنیا لە "درەوشانەوە"ی ئەو چرکەساتەدایە کاتێک زمان ئەو شوێنەی منداڵیی، خاکی یادەوەرییە لە نمایشێکی کتوپڕدا دەسازێنێ و ئاوەڵای دەکاتەوە. جێگیربوون لەو جیهانییە زمانییەدا، خۆکردنە بوونێکی "درەوشاوە"یە لە زیاڵەی زماندا .

بۆیە لێرەدا ئەو مەملەکەتەی کە تۆ باسی دەکەی، وێنەی ئەو جیهانە واقیعییە کە تەنیا شوێنێکی زمانییە، خاکی یادەوەرییە. گەڕانەوە بۆ ئەو "مەملەکەتە"ش تەنیا بۆنکردنی شوێنپێیەکانی یادەوەریی منداڵی، خاکی وێران، تاڵانکراو و نیگەرانی هەوەڵین چاوکردنەوەی زمانە. بەمجۆرە، لە کن من، ئەو "مەملەکەت"ە، جیهانێکی هاوردەیی، شوێنێکی زمانییە، نەک ماڵی کۆتایی زمان. دواجار ئەو "بوونەوەرە درەوشاوە" لە نێوان ئەو شیعرییەتە بۆرژان، وەنەوزەی زمان، "مەملەکەتە چەقبەستووە"دا، لە نێوان باڵگرتن و سەنگرانەوەدا، تەنیا ژنە دەبێتە کەنار، شوێنی خەونەکان.

یاخیبوونی لەو "مەملەکەت"ە بێ ماڵە، پرسیارکردنە لە ناسنامەیە نادیارییەکەی ئەو شوێنەدا. بەمجۆرە من لەناو خەونی زمان، خاکی یادەوەرییدا، وەک سەراب بوونێکی "درەوشاوە"م. وەک شوێنێکی سەرابیی نەبینراوانە گنگڵ دەدەم و لەگوتنێکی نەبیستراودا جێگیریم، واتا بەزایەڵەی شیعرەوە بەرەو مەوداکان خلۆر دەبمەوە. بەشیعر لەناخی شەپۆڵەکاندا دەژیم. شەپۆلی ماوەکانی نێوان دەرەوە و ناوەوە، یان لەدیار و نادیاردا دەژیم.

لەو نامۆبوونە، گەڕان بە دوای شکۆمەندی شوێن، خاکی یادەوەرییدا، تەنیا ژن بوونی هەیە. ژن و شیعریش ویستێکەبەرەو شوێن تەکانم پێدەدا و بۆنی بوونم پێدەبەخشێ. لێرەدا ژن: مێیایەتی شوێنە و نەرمی رۆناکیم پێدەبەخشێ. شیعر بەرجەستەکردنەوەی ئەم جەستەیە.

بەواتایەکی تر شیعر بەرجەستکردنەوەی مێینەیی شوێنە. کەواتە ژن و شیعر لەسەر خاکێکی بێ شوێندا عەدەمێکی ترە... ئەم خاکەش بێ رۆناکی جەستەی ژن نابینرێ. ژن، لێرەدا راکێشانی نەرمییەکەکە ناخی نامۆییم دەبزوێنێ. ئەمەش ئازارێکی بەردەوام، چرپەچرپی تاراوگەیە و بەچوونەناو ئەو جەستەنەرمەنەبێ ناوەستێ، کەجەستەی ژنە.

بەمجۆرە پەرۆشخۆری بۆ ئەو "مەملەکەت"ە تالانکراوە، مەیل و حەسرەتی ئەو روحە منداڵییەیە کە لە زماندا جێنشینە. بۆیە دەستبەردار نەبوونی زمان، خەونبینینی ئەو روحە منداڵییەیە لە باڵەفڕێی پەیڤدا. بە دەم بێداربوونەوە لەو خەونەدا، شیعر دەبێتە پەیقین لەگەڵ شوێندا: نێرینە لەگەڵ مێینەدا. دواجار "بوونەوەرێکی دەروشاوە" یان "باڵندەیەکی بەختەوەر"، زایەڵەی خودە لەگەڵ خاکی یادەوەرییدا، زرینگانەوەیە لە شەبەنگی شوێندا. بەمجۆرە کاتێک من لە مەودا وەرگرتنێک لەو "مەملەکەت"ەدا لە "دەروشانەوە"دا جێنشین دەبم، خەونیش ئەوها لە زماندا باڵەفڕێ دەکا :

"باڵێک لە رۆح و

جەستەشم رۆناکی هەنار.

من چیتر بە راڤەی سەرهاتی هەبوونێک سەرقاڵ نیم

ماڵەکەم دەنگێکە،

لە سروودی باڵندە و زایاڵەی ئەزموونێک".

**ئەرسەلان مەحمود:** وا تێناگەی شیعر ئازاراویترین و، هەمیش جوانترین ئەو سەفەرە بووبن بۆ هەندرێن کەدواجار ئەو ئارامیەیە شپرزەیەی دابێتە رۆحتان و، بەدونیای "پرسیارو گومان، بێهوودەیی، عەشقێکی قوڵا، تەنهاییەکی بکوژ"ی ئاشناکردبێتن، باوەڕناکەی ئەو ڕوانگەو دونیا بینینە هێزی دیتن لەچاو بسەنێتەوە، ئەگەر ئەوە سروشت و دونیای ئێوەو شیعری ئێوە بێت، دەتانەوێ مرۆڤ بکەنەوە بەگژ خۆیدا؟

**هەندرێن:** شیعر کردەکەی هەمیشە دووانەییە: خەوتن لە زمان و ئامادەبوون لە واقیعدا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی نائاسایی، ئالۆزە. چونکە شاعیر وەک بوونەرێکی شیعریی هەمیشە لە دۆخی ئێستادا نیگەرانیی، لە شوێنێکی تر و لەناو کەسێکی تردا دەژییت؛ کەسێکی ترە. لەبۆیە بوونی من لە نێوان ئەو دۆخەی خەون و واقیعدا، هەمیشە ئارامییەکی رووکەشیی و شپرزەییەکی قووڵ بووە .

لێ سەبارەت بە "هێزی دیتن"، لە کن ئەمە تەواو بە پێچەوانەیە: شاعیر بە چاوێکی ناوەکیی لە بوون و گەردوون دەڕوانێ، تاکوو، ئارتور رامبۆ واتەنی، ئەودیو یان نادیارییەکانی بوون، زمان ببینێت. هەر بۆیە شیعر زمانی بێدەنگیی، چراپاندنە. بەمجۆرە شیعر خەون نابینێ، بەڵکوو خەون لە ناویدایە، هەروەک شیعر باسی واقیع ناکات، بەڵکوو خودی خۆی واقیع، ژیانە. ئەگەر شیعر کردەی "دیتن" بێت یان بووایە، کەواتە دەبوو ئەو واقیعەمان بۆ بگێڕێتەوە کە بریتییە لە دۆخێکی وەستاو، زانراو، گوتراو. لێرەوە زیندوویەتی، ئاکاری ئیرۆسییانەی شیعر لەوەدایە، کە واقیعگەڵێکی شاراوە، گەردوونێکی کۆرپەیی لە زماندا دەدۆزێتەوە و ئاوەڵا دەکاتەوە. بەڵام، ئۆکتاڤیۆ پاز واتەنی، کاتێک شاعیر یان مرۆڤ پێی خستە ناو ئەو جیهان و گەردوونە، یەکسەر دەبێتە خۆڵەمێش، تاکوو شیعر هەمیشە لە سەفەر و رامانی چڕ، ناوەکیی خۆیدا بە دوای جیهان و گەردوونە نوێیەکانی ناو زماندا ناسرەوێت.

بەڵێ، کاتێک لە دۆخی خەونیی شیعر دەژیم، هەست بە تریوە، زرینگانەوەیەک لە ئەڤین و پەنگدانەوەیەک لە ئامادەیی خۆم دەکەم، کاتێکش دەکەومە ناو ئەو ژیانە گەمارۆدراوە بە بوودەڵەییە، هەست بە شەپۆلێک لە ئازار، شپرزەیی، ژیانێکی بێروح دەکەم. لێ هەستکردن ئەو ئازار، شپرزەییە هی

ئەوەیە کە تۆ وەک بوونەوەرێکی شیعریی، زمانیی، پرسیار و گومانت لەو رەوشە وەستاو، دابڕاو لە خەون هەیە. بۆیە بێ بوونی ئازار، گومانێک نییە. هەروەک بێ بوونی پرسیار، نە سەفەر، بینێکی ناوەکی، ئیرۆسی شیعریی و نە پرۆسەی بوونیکی زایەڵداریش هەیە.

لەو دیدەوە، پەرۆشی من ئەوەیە، کە مرۆڤ هەمیشە بە گژ ئەو رەوشەی خۆیدا بێتەوە کە تێیدا مردۆخانە دەژێت. پەرۆشی من ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە بە سەرگەرمیی، سەرمەستیی و دڵەکوتێیەکی چێژدارەوە، بە نێوان ئەو خەون و جیهانەدا ئاوێزان بێت، یان بگوزەرێنێ، تاکوو هەمیشە بە دەرکەوتنی دیمانەی جیهان و گەردوونە نوێیە تازە چاوترووکاوەکانی زمانی شیعر و شیعرییەتی بوون شاگەشکە بێت. پەرۆشی من ئەوەیە، مرۆڤ بە ویستێک لە مەیلی گەڕان بە دوای هەمیشە شکۆمەندکردنی بوونەکەیەوە، بە گژ ئەو رەوت و رەوشە بینراو و گوتراو؛ ئەو تەرزە ملەکچبوونە بەو ژیان و جیهانە مردۆخە بێتەوە، کە بە هۆی قانوون، نەریت، ترس لە دەسەڵات و ... تاد خدووی پێوەگرتووە .

**ئەرسەلان مەحمود:** بەڵام زۆرێکی تر لەئاشناو نووسەرو شارەزایانی دونیای شیعر دەڵێن رێگەیەک، رەچەتەیەک، میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ شیعرو نووسینی شیعر نیە، وەک ئەوەی من لەوڵامی ئێوە تێگەیشتم، ئایا شیاوە شیعر قسە لەسەر کردنی جوداو جیاواز تر هەڵبگرێ ؟

**هەندرێن:** ئەزیزم، من مەیلێکم بۆ پەڕ و باڵکردن یان پێشنیازکردنی رێنماییەک بۆ شیعر و شیعر نووسین لە زەین و خەیاڵدا نییە. بۆیە دەخوازم روونیبکەمەوە، کە ئەوەی من لە ئاستی ئاماژەکردندا سەبارەت بە شیعر دەریدەبڕم، تەنیا چرپە یان ئاماژەکردنە بۆ ئاراستەگەلێک، ئاقارگەل و رێگاگەلێکە بەرەو شیعر و زمانی شیعر، تێگەیشتن لە کردەی شاعیر بوون .

لەوەش بترازێین، ئەوەی کە لە زمانی کوردییدا، وەک هەمیشە، لە ئاستی گواستنەوەی رووکەشی نەک گۆکردنێکی ناوەکییدا سەبارەت بە نەبوونی دوا پێناسەیەک یان هیچ پێناسەیەک یان چوارچێوەیەک و قسەگەلێکی لەو تەرزە بۆ ناساندنی شیعر دەگوترێنەوە، بنەمایەکی لەوە قووڵتری هەیە. بە کورتی سەرچاوەی ئەو قسەی کە شیعر لە پێناسەبەدەرە ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا کردەی شیعراندن خۆی بە جۆرە تیۆریی و ماریفەیەکی دیاریکراو و جێگیردا گرێنادات، وەک ئەوەی کە کردەکانی تری نووسین لەمەڕ سیاسەت، جڤاکناسیی و ... تاد بەوەوە راهاتوون، بەڵکوو شیعراندن بە رووی هەموو جۆرە زانین و "رەچەتە"یەک یاخێ دەبێت. هەر بۆیە کردەی شیعریی و خودی شاعیربوونیش، هەمیشە لە دۆخێکی رووبەڕووبوونەوەدان. بنەمای ئەمەش پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە شیعراندن بریتییە لەو گومانکردنەی کە لە بری ئەوەی چنینەوە و نمایشکردنی زانیاری حازربەدەست، خولیای گەڕانە بەناو ڕاڕەو و کون کەلەبەرەکانی ژیان و بوون. شیعر بەرەو ئاقاری ئەو بوونە تەنیایەی مرۆڤ بەڕێوەیە کە وەک گەردوونێکی تەنیا چاوەڕێی راچەڵەکینە بە ئاوەڵاکردنەوەی جولەیەک، ئاسۆیەک یان دیمانەی یەکەم گزینگی هەتاوی بوون، تاکوو شوێنە رووتەنەکەی بە جمەی بوون ئاوەدان ببێتەوە. کەواتە شیعراندن شەبەنگێک، رەنگەگەلێک لە بوون و جوانییەکانی روحی مرۆڤە، کە بە بەدەم پەنگدانەوە و پرژانی پەیڤگەل و نەوای زمانەوەroومەتی ژیانێکی کۆرپەلە ئاوەڵادەکاتەوە و بە گۆی دێنێت .

لێ، وەک ئەوەی لەسەر زاری ئاخێوەریی کوردییدا باوە، شیعر تەنیا بریتی نییە لە هەست و سۆز و وشەئارایی و دوور لە تێڕامان، بەڵکوو شیعراندن بریتییە لە هەڵکۆڵینی ئەو خاکەی کە گەوهەرەکەی

تژییە لە چرپەی زانین و شەپۆلی روح و زایەڵەی بوون. لەوەش زیاتر، شیعراندن، نە ئەمە و نە ئەویهێشە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەو شیعرانەی هەندرێن دەیاننووسێ، چۆن و لەچییەوە سەرچاوە دەگرن، بەواتایەکی تر، رەنگدانەوەی ئەزموون و تێڕامانی تایبەتین یان ئەوەی خەڵک دەیانەوێ لەبارەیانەوە چێژ وەربگرن و بخوێننەوە، بابزانین خوێنەرەکانی ئێوە کێن، ئەوەی زۆر خۆی دووبارە دەکاتەوە لەشیعری ئێوەدا چییە، ئایا هەرگیز بەسەرساماییەوە لەکارە ئەدەبی و شیعریەکانی خۆتان ڕوانیوە؟

**هەندرێن:** دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە لک و پۆدارە، بە کتێبێک یان وتارگەلێکەوە کۆتایی نەیێت. لێ سەرەتا رێگام بدە، بەر لەوەی بەرسڤی پرسیارەکەتان بدەمەوە سەرنجێکی خێرا لە مەڕ گرفتی رەخنەی کوردیی بخەینەڕوو، چونکە گرفتی ئەو پرسیارە لەو رەخنە بێدەمار و پاشکۆیەی کوردییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

ئاشکرایە چونکە تا ئێستاش بیرکردنەوەی مرۆی کورد روح و مجگێزی وابەستەیی خێڵ—حیزب-دەڤەر؛ پاشکۆیی- پێرگریی و ... تاد سەرچاوەکانیەتی، لەبۆیە زۆرینەی ئەو نووسەر و شاعیرانەی کورد، جا بە هەر هۆیەک بێت، کە بەشێک نەبوونە و نین لەو پۆلێنکردنە مێگەلێنراوەی کە وەک نەریتێک، رەوتێک لە ژیانی کورددا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، یان دەبێ لاتەریک لەو رەوتە مێگەلییەی رۆشنبیریی کوردییدا بژین یانیش دەبێ جار جارە خۆیان بینە رەخنەگر و داکۆکیکردن لە نووسین و شیعرەکانیان. ئەو دیاردەیەش دەرهاوێشتەیەکە لەو پەیوەندییە مێژوویی، کولتووریی و ...تاد کوردییەی کە ئاراستەی روحی کوردیی دەکەن. بە واتایەکی روونتر: هۆکردی ئەمە بەندە بە پەیوەندییە جڤاکییەکانی کورد، کە لەسەر بونیاتی خێڵ و حیزبدا هەڵچنراوە. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئەوەی کە پەیوەندییە سیاسیی، جڤاکیی، رۆشنبیرییەکانی کوردی جڵەوکردووە، خێڵە باڵادەستەکانن لە فۆرمی تازەی حیزبیی، توێژە باڵادەستەکانی حیزبن. ئەگەر خێزانێک یان تاکەکەسێک خێڵێک یان دەسەڵاتدارێکی حیزبی لە پشت نەبێت، کە خودی ئەو دەسەڵاتدارەش خۆی خێڵێکی لە پشتە، ئەوە لە هەموو مافێک بێبەشدەکرێت. بە هەمان شێوەش، ئەگەر ئەمڕۆ نووسەرێک یان شاعیرێک پێڕێک لە نووسەر و رۆژنامەنووسی هیچ لەباری مێدیاکانی حیزب یان پێڕێک لە بەناو نووسەر و شاعیری روح پاشکۆی لە پشت نەبێت، کەسێک نییە نەک هەر ئاوڕ لە نووسین یان شیعرەکانی بداتەوە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵدەدرێ گۆشەگیر بکرێت. زۆر جاریش، چونکە تۆ لە مێگەل دابڕاوی، بۆیە زۆر بێ شەرمانە، نووسینەکانت دەدزرێ و تاڵاندەکرێت. دیارە دابەشبوونی پەیوەندییەکانی ئەو دیاردە و رەوتە لە مێگەلاندنەی کە وەک شێوازێکی رەها لە ژیانی جڤاکیی و رۆشنبیریی کورددا لە ئارادایە، خۆی لە شێوەی جیاوازدا نماییشدەکا: بەشێک لەو پێڕە نووسەر و شاعیرانە، حیزب کۆیان دەکاتەوە، بەشیکی تریان روحی پەیوەندیی خزمایەتیی گلیاندەداتەوە، بەشێکی تریان شارچییەتی دەبێتە بنەمای کۆکردنەوەیان، بەشێکی تر ، ئەو پێڕە نووسەر و شاعیرە روح کلۆڵانەن کە خولیای بوون بە جانتا و بە کۆیلەبوونی چەند نووسەر و شاعیرێکیان کردۆتە کوێخای خۆیان، کە ئەو پێڕە باوترین و نەگبەترین پێڕی باڵادەستی نووسەرانی ئەمڕۆن. ئەڵبەتە ئامادەیی کارای ئەو بە کۆیلەبوون و وابەستەییەی نووسەران و شاعیران بە تاکە نووسەرێک و پەیوەندییە هارارکییەکانی، بەرهەمی خودی پێکهاتە خێڵسالاریی، حیزبسالاریی و بندەستیی مرۆی کوردە، کە ئەمەش بەهای یادەوەریی و بیرکردنەوەی ئەرشیفیی نووسەری کوردیی دەعەجانکردووە. بۆیە نووسەری کورد هەمیشە لە ئاستی مجگێزیی و پەیوەندییەکانی خۆیەوە زیاتر بڕ ناکات .

لە بەشێک لە ئاخاوتنەکانی پێشترمان، وتمان لاملی شیعر لە هەمبەر پێناسەکردن و لە قالبدانی بە هۆی ئەوەیە کە خودی شیعر، بە پێچەوانەی بوارەکانی تر، خۆی بە تیۆریی و چەشنە زانینێکی دیاریکراودا نابەستێتەوە. لێرە سەرچاوەی شیعرەکانی منیش لە تاکە سەرچاوەیەکەوە سەرهەڵناگرن، رێناکەن. منیش لە ئاستی شیعرییدا، چاوێکم لە ناو جیهانی خەواڵوو، بۆرژان دایە و چاوێکیشم لە ناو جیهانی واقیعی دایە. بە دەم رێکردنی ئەو بوونەوە، سەرچاوەکانی من، بەشێکی لە جمە و چرپەکانی یادەوەرین، کە ماڵی ئەو ئەزموونە هەمەڕەنگانەی ژیانی خۆم و ئەو کۆژیانەیە لەگەڵ ئەوانیتر و شوێنگەلە روحبزێنەکاندا. ئەو ئەزموونانە بریتین لە شادیی، دڵتەنگیی، تۆران، ئاشتبوونەوە، مەرگەسات، زیندووبوونەوە و ... تاد. هاوکاتیش بە دەم ئەو پێشهاتە ئەزموونکراوانەی ژیانەوە، ئەزموونگەلێک لە خوێندنەوە بە چاوی ناوەکیی و چاوەکی دەرەکیی لە بیرکردنەوەی من ئامادەییان هەیە.

بەشێکی تری سەرچاوەی ئەزموونی شیعریی من، باڵگەلێکی سۆز، هەست و شەپۆڵ و تاڤگەکانی روحی منن، کە بەرەو ئەو جیهانە خەیاڵێنراوە، خەوگرە هەڵمدەفڕێنن و هەڵمدەگرن. لە نێوان ئەو جیهانە، پێشهاتەکانی ژیان و ئەزموونی رۆشنبیرییەوە، شیعری من لە هات و چۆ، چرپە چرپ، بێدەنگیی و لەرینەوەدایە. ئەو پرۆسەیەش، سەفەری شیعرە بەرەو ئەو کەسە نامۆیە، کەسێکی تر، کە هاودەم هەم خۆمم و هەمیش کەسێکی ترە: منێکی هەمیشە سەفەرکردوو؛ بگۆڕ؛ بزواوە .

لێ شیعری من لە ئاراستەی گەڕان و ئاوڕدانەوەیەکانیدا، هەمیشە بێ ئامادەیی زرینگانەوە، تام و چرپاندنەکانی کۆی ئەو یادەوەرییەی زمان، ژیانی من؛ واتا قووڵاییەکانی شوێن، منداڵیی، ئەو زایەڵانەی کە زمان لە پرۆسەی ئاوەڵابوونەوەیدا لە سۆز، دڵ و روحمدا چاندوویەتی، مانایەکی نییە. بۆیە شیعری من هەندێک جار چڕکردنەوە و ئاوەڵاکردنەوە، یان لەرینەوەی روحی ماڵی ئەو یادەوەرییە پەرتەوازەی منن و هەندێک جاریش، پەرتکردنی بێدەنگییەکانی ئەو ئەو یادەوەرییە دۆشداماوەی منن. بەمجۆرە من لە یادەوەرییەوە بۆ ئێرە، لە ماڵی یەکەمی زمانەوە بەرەو ماڵی تاراوگەی ئێستا زماندا، بوونی خۆمەوە، رێدەکەم و بە پێچەوانەشەوە، تاکوو بوونی من، زمانی شیعر هەمیشە لە بووندا بێت.

بەمجۆرە من، وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی یان سیاسیی یان ئەخلاقیی یانیش بۆ ئامانجێک، شیعر بۆ خەڵک نانووسم. ئەوەی کەم و زۆر شیعرەکانی منی خوێندبێتەوە، وێڕای بەسەر بردنی ژیانێکی زۆر لە پیشمەرگایەتیی و ئاوێزانبوونم بە رەوشی سیاسیی کورد، دەزانێ کە من، وەک لە زمانی شیعری کوردییدا زاڵە، دۆستی ئەو جۆرە زمانە شیعرییە نیم کە بۆ هاندان یان رووداوە سیاسیی و دیاردەگەلی تری لەو بابەتانە دەنووسرێن. هەروەک من پێشتر و ئێستاش لە سرووستی خۆمەوە، هەرگیز حەزێکم تێدا نییە کە بە دوای ئەو شێوە باوانە بکەم، وەک ئێستا، شیعری کوردیی وەک مێگەل رادەدەن. هەمووومان دەزانین، کە بە پاڵەوانکردنی کۆی ئەو نووسەر و شاعیرانەی ئەمڕۆی کوردیی، وەک رەوشی سیاسیی، لە لایەن دەزگای راگەیاندنەکانی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەوە سازێنراون. ئەمڕۆ ئەگەر تۆ وەک شاعیر و نووسەرێک سەر بەو حیزبانە و ئەو پێڕە نووسەر شاعیر و رۆژنامەنووسە زمان کلۆڵانە نەبیت، کە بە رێگای حیزبییەوە کۆی مێدیاکانیان قۆرغکردووە، رەسەنترین و دانسقەترین دەقی شیعری، ئەدەبیی و هزریی بنووسیت، بێجگە لە خوێنەر و نووسەری تاک و تەرا نەبێت، کەسێک نایاینبینن. ئەوەیە بەدبەختی زمانی کوردیی.

جا منێک کە نە سەر بەو پێڕە گەندەڵانەی مێدیا حیزبیی و تشتنووسە پاشکۆیانەم و نە خزمی دەسەڵاتداریشم لەناو ئەو حیزبانەوە هەیە، بۆیە ئەو بەزمی بە پاڵەوانکردن و قسە هەلیت و پەلیتانەی

بە ناوی رەخنەوە لەسەر ئەو نووسەر و شاعیرە روح هەڵەپاسانە دەنووسرێن، بە خۆیانەوە خەریکم ناکەن .

لە کنە من، شیعر ئاماجێکی روحییە. ئەو روحەش لە زمانێکی تایبەت، شێواز و ئاوازێکی خۆکردەوە بە گۆ دێت. شیعر لە سەفەرەکەیدا بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، تاکوو لە هاتنەوەیدا یادەوەری زمان، پێشهات، ئەفسانە، هێما، شوێن و ... تاد بەرەو ئێستا و ئایندە لەگەڵ خۆیدا بهێتەوە. شیعری ئەمڕۆی کوردیی ئەو ئەرکەی فەرامشکردووە، چونکە لە وابەستەی دەرەوەی خۆیی و چاولێکەرییدا خنکاوە. هەروەک چونکە بێبەرییە لە ئامانجێکی روحیی و جیهانێکی تایبەتی، بۆیە زمانەکەی زوو لە بۆشاییدا دەچقێ. بۆیە دەبینی، شاعیری ئەمڕۆی کوردیی، بە مێگەل بە مۆدەی "ئەشق"ێکەوە نووساون، کە خۆیان بێبەریین لێی، چونکە لە روحەوە عاشق نین .

لێرەوە پەرۆشی من، باسکردنی ئەو جیهانەیە کە لەناو مندایە. ئەوە زمانی شیعرە کە ئەو جیهانە ناوەکییە رادەگەیەنێ. شیعری من باس لە شتێک ناکا کە لە ناومدا رووناداا، بەڵکوو زرینگانەوە و چرپاندنی ئەو زمانەیە کە لە لە جیهانی روح و بیرکردنەوەمدا دەژیت.

راستییەکەی من نازانم خوێنەری من کێن! چونکە هێشتا بۆم نەبۆتە پرسیارێکی گرنگ. چونکە من، وەک سروشتی خۆکردی خۆم، مەیلێکم بۆ بە جەماوەری بوون نییە. من پێم خۆش نییە، وەک ئێستا بۆتە مۆدەیەکی بە هەرمێن، رۆژانە شیعرەکانی خۆم بۆ ئەو و ئەم بنێرم، تاکوو دەرۆزەی خوێنەر بکەم. من سەرگەرمم بە جیهان و ئەو تشتگەلەی ژیان و یادەوەرییانەوە خۆمەوە، کە خۆی لێوانرێژن لە جمە، بۆیە حەوسەڵەی ئەوەم نییە کە بزانم کێن من دەخوێننەوە. ئەگینا بۆ منیش ئاسانە، وەک ئەمڕۆ باوە، رەخنە و خوێنەر بە رادان بدەم و داوایان لێبکەم لەسەرم بنووسن و لەسەریان بنووسم. یان بچمە رێزی ئەو پێڕانەی کە باون. من حەزم لە جەماوەری بوون نییە. هەروەک خەمێکم نییە کە کێ لەسەرم دەنووسێ یان نا، چونکە دەزانم ئەوەی کە ئەو نووسینە بوودەڵانەی کە بەناوی رەخنەوە لەسەر ئەم و ئەو رۆژانە لەو بڵاوکراوانە بڵاودەکرێنەوە، سەرچاوەکانیان چین و کێن. بۆیە ئیرەییان پێ نابەم. ئەو گەمەیە تا بڵێی، لە کردەی شیعر و شاعیریی بە دوورە؛ کاسبییەکە لە هێلکە فرۆشی دەچێت .

بۆ من کافییە جار جار خوێنەرێکی بێدەنگ یان نەناسراو، یان کتوپڕ بە چەند وشەی سادە و هیدڵی شادیی یان دڵتەنگیی بەرانبەر شیعرەکانم دەردەبڕێت. من بەو خوێنەرە خەنی دەبم کە لە گۆشەنیگایەکی جیاواز یان بێ راسپاردە و داواکردن، دەست خۆشی یان رەخنەت لێدەگرێت.

رەنگەی ئەوەی لە شیعری من دووبارە دەبنە پەیڤگەلێکی بارگاویکراو بە روحی خۆم، تامی شوێن و زایەڵەی یادەوەریی خۆم بن. لەوانە: شەبەنگ، پەنگدانەوە، زایەڵە، تلانەوە، و ... تاد بن کە رەنگە ئەوانە لە چوونە ناو جیهانی خەواڵووبووندا هەڵقوولابن. دەمەوێ بڵێم، ئەوەی لە شیعری مندا هەمیشە دەلەرێتەوە، بێداربوونەوەی یادەوەریی، باڵفڕەی شوێنە.

بەڵێ، من بە زۆرینەی شیعر و نووسینەکانی خۆم سەرسامم. شیعری "سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور"، دەڵێی چڕکردنەوەی کۆی پێشهات و یادەوەری زمانی منن. هەروەک ئەو شیعرە، شەپۆڵدانێکی هەدادان و سەرچڵی مەتەڵ، دۆشدامان، هێماکانی زمانیی یادەوەرییین کە لە سەفەرەکەیدا هەڵگری ئامانجێکی روحییە. شیعری، "باڵەفڕەی پەیڤەکان بە دەم رووتبوونەوەی هەنارەوە"، "تامیانی باڵەکان"،

"گمەی چیایەکان"، "هەندرێن" و ... تاد، ئەزموونی نامۆن لە شیعری کوردییدا. هەروا، بۆ نموونە، وتارگەلی وەک: "ئیرۆسی گەڕان بە دوای دەنگ ..."، قەدەری کورد لە چەپرۆییەوە بۆ راستڕەوی، بوشگەرایی"، "بزاڤە نەگۆڕەکانی جڤاکیی کوردیی"، "کورد لە نێوان بەرداشی ئیدیۆلۆژی رەهاگەرایی و تەکنیکدا"، "پێرگری رەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵیی"، "مەسعود محەمەد؛ ئێستێتیکای هزرێنکی خۆکرد" و دەیان نووسین و وەرگێڕانی تر ، کە تژین لە زمانی ویست و ئێتکیی من .

بۆیە من، لەو کەسانە نیم، نەزانم چی و چۆن دەنووسم، هەروەک وەک ئەو جۆرە نووسەرانە نیم، کە لە لایەک خۆم بە کوێخوای شیعر و نوێخواز بخەپێنم و هاوکاتیش بە هەستێکی قوربانیانەوە خۆم بە مەغدوور بزانم. نا، من لە ناخەوە دەمەوێ بەرەو ئاقاری خودە ناوەکییەکەم، ئەو منە رەسەنەوە بڕۆم کە لە زماندا ئاوەڵا، رووتدەبێتەوە .

ئەرسەلان مەحمود: شیعری کوردیی بۆ ئەوەی زمانەکەی لەو بۆشاییە چەقبەستووەی ئێوە باسی دەکەن، بۆ ئەوەی لەو وابەستەیی و چاولێکەرییەی خستۆتانە روو دەربازی بێت و، بگاتەوە بەئامانجە رۆحی و جیهانی تایبەتی خۆی، چیبکرێ باشە، دەبێ لەچی و لەکوێوە دەست پێبکرێ؟..شاعیرانی کورد چۆن لەنوسانی ئەو مێگەل بەمۆدەی ئەشقەوە کە پێت وایە لەڕۆحەوە عاشق نین رزگاریان دەبێت؟

هەندرێن: ئەڵبەتە سەرچاوەی ئەو دۆخە شیعرییە وابەستەیەی کوردیی و رێگاچارەکردنی، ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگرێ، لێ لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژەیەکی خێرا بە کۆمەڵێ رەهەند بکەین و لەوێشەوە پێشنیازێکی سووکەڵە بۆ وروژاندنی ئەو کۆئاگاییە بکەین، کە دەتوانێ بەرەو گومانی پەلکێش بکا .

بەڵێ، لە ئاستی مەیلی گشتیی و رووکاریی زماندا، کردەی شیعر و شاعیربوونیش، وەک هەر کردەیەکی دیکەی کولتووریی جڤاکێک، ئاوێنەبوونەوە یان شەبەنگی ئەمدیوی بوونی ئەو مرۆڤەیە کە زمانەکەی رایدەگەیەنێت. لێ لە ئاستیی ناوەکیی و گەوهەریی زماندا، کردەی شیعر و شاعیربوون، وەک دڵێک لە زمان، خستنە ژێر پرسیار و چرپاندنی گومانە لەو دۆخە رووکەش و جێکەوت و خودووگرتووەی مرۆڤ، زماندا .

لێرەوە، ئەو رەوشە تەکنۆکرات، رۆبۆتیی، دیگیتالیی، پچڕ پچڕ و مۆدە بێکاکلانەی کە جڤاکی کوردیی جڵەوکردووە، شیعریشی تەنیوەتەوە. چارەسەرکردنی ئەو زمان و مۆدە بە ئەشق بۆیەکراو، حیکایەت ئامێزی وابەستەیەی شیعر بە ویست و خواستی دەرەوەی خۆی، پەیوەندی بە بوونی گومانێکی بە کۆمەڵی رەخنەگر، خوێنەریی کوردیی و ناوەندە رۆشنبیریی و جڤاکییەکانەوە هەیە. لە جڤاکێکی وەک کوردستاندا کە کۆی کردەی نووسین، پەیامی مێدیا و سیاسەتی کولتووریی کە ئەمانەش چالاکیی زمانیی کوردیین، رووکەشێنراو، بێکاکڵە کراون، ناکرێ چاوەڕوانی بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی کولتووریی و زمانێکی شکۆمەندیی نووسین و ئاخاوتن بکەین. بە کورتی کاتێک ئێمە گەوهەری زمانمان بۆ ئاستی ئاخاوتنی سەر زارەکیی نەک هزریی یان هۆشەکیی کورتبکەینەوە، ئەوکاتە ناتوانین بە تەنیا شیعری کوردیی ئەمڕۆ بۆ ئەو خۆکردییە، هەڵگریی یادەوەریی زمانی خۆیی، نەریتی رەسەنی خۆیی و ئامادەبوونی ئەو خودەی بە جیهانێکی گۆڕاو لە ئێستادا بگەڕێنینەوە .

تۆ دەزانی ئەمڕۆ زمانی کوردیی، بە تایبەتیی لە باشووردا، لە رەوشێکی سەرگێژدا دەژیت: لە لایەک روحی زمانی کوردیی، شیعر تا هەنووکەش بە برینی گۆران و دارمانە قووڵەکانی نەوەدەکاندا دەناڵێنێ، لافاوی

ئازادیی زمان دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، نغرۆبوونی ئەو ماوە کورتە لە ئازادییە بە شەڕی نێوان حیزبەکان، کە لەوێدا قووڵترین برین لە روحی زمان، شیعر درا. دواجاریش دوا رمانی سەدام و رژێمەکەی و نقوومبوونی زمان، بوونی کورد لەناو ئاوماڵکی کاڵا هەمەجۆرەکان، لەوانە ئینتەرنێت، مۆبایل، سەتەلایت و تیڤییە داگیرکراوەکان بە ریکلام، کلیپی پەرپووتی ستران، دیمەنە رووکەشەکانی رۆژئاوا و ... تاد، بە گواستنەوەی نووسینی کوردیی بۆ ئاستی رۆژنامەگەریی، واتا ئاستی زمانیی هەواڵیی، خۆشداکەنیی، ریکلامیی، کە ئەمەش بەرهەمێکی گەندەڵیی و ئاکامی هاتنی ئەو ژیانە تەکنۆکراتییە بوو کە تەکنیک سەرچاوەیەتی. لێرەوە ئیتر زمانی کوردیی، روحی کوردیی، بێ هیچ بنەمایەکی ئاگایی، کەوتە ژێر رکێفی بالادەستی ئەو مۆدە تەکنۆکراتییەوە. لەوێدا وەک ئێستا لە ئارادایە، مرۆی کورد وەک ئامێرێک، بۆتە دیلی ئەو وێنە بزۆک و جیهانە دیگیتالەی شاشەکانی تیڤیی، ڤیدیۆ، مۆبایل و دیمەنە جەنجاڵەکانی ماسمێدیا و ریکلامە هەست وروژێنەرەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکان. هاوکاتیش رۆژنامەکانی کوردیی، کە هاوکات لەگەڵ ئەو رەوشە تەکنۆکراتییەوە، بوون بە رووبەری ئەو ریکلام و نووسینە تەکنۆکراتییەکان. تۆ دەبینی لە کۆی رۆژنامە کوردییەکان بوو بە مۆدە، بێ ئەوەی خوێنەر بپرسێت و رۆژنامەکانیش رایبگەینن، کە لاپەڕەی دواوە بە جەستەی سەیر و سێکسی و ریکلامیی وێنەیی پڕ بکرێنەوە. لە دووتوێی رۆژنامەکاندا ریکلامکردن بۆ کۆمپانییە بازرگانییەکان لە نووسێک زیاتر قەبارەکان داگیر دەکا و گرینگیی پێدەدرێن. چاپکردنی رۆمانە خەیاڵاوییەکان، کۆشیعری بەرگ رازەوەی بە وێنەی کچێکی مەیلەو رووت و ... تاد، دواجاریش زەقکردنەوەی ئەو تەرزە کتێبە بەرگ سێکسیی و ناونیشان زەقانە لە لایەن کتێبفرۆشەکانی سەر شەقام و نمایشکردنیان بۆ خەڵک، هاوکاتیش گرینگدانی رۆژنامە و گۆڤارەکان بەو تەرزە کۆشیعرە سێکس وروژێنەر و رۆمانە وەرگێڕدراو و خۆماڵییە تژیی لە زارقەڵەباڵغیی و وڕێنانەوە، خوێنەر و نووسەریی بەو ئاستە رۆشنبیرییە رووکەش و ترسناکە، کە وێنەیەکن لەو ژیانە سێکسێنرا و تەکنۆکراتییە، فرچکدا .

ئێستا ئەو خوێنەر و رۆشنبیرییە بۆش و رووخۆکە، کە دەسەڵاتێکی تەکنۆکراتیی، پچڕ پچڕ و سێکسی و رووکەش ئاراستەی دەکا، زمان ئاراستە دەکا، بۆتە مۆدەیەکی بە هەڕمێن. بۆیە دەڵێم، بە هەڕمێنبوونی شیعری "ئاشق"انە و شاعیری بە رووکەش "ئاشق"، بەرهەمێکە لەو جیهانە دیگیتالیی، تەکنۆکراتیی، سێکسیی، فیلمی هیندییە ئاسایەی کە بە هۆی شاشەی ماسمێدیا بینراوەکانەوە حکومی هەست، ئاگایی، دڵ و دەروونی جڤاک بە گشتیی و نووسەر و شاعیری ئەمرۆ بێ ئاگا، مۆدەخواز دەکەن. جا دەبینی، وەک چۆن ئەو جیهانە سێکسیی و سیخناخ بە خەیاڵەی ئەو جیهانە دیگیتال، تەکنۆکراتییە بنەمایەکی نییە، تژییە لە ساختە، بە هەمان شێوەش کۆی ئەو هەموو شیعرە بە ناوی "ئاشقانە"، "دڵداریی"، "یار" و شاعیرە بە قسە "ئاشق" و "سۆفی" و ... تاد، راستیی نین، بەڵکوو هەموو جیهانێکی دەرکیی و سازکراون. ئەوەی هەیە لاساییکردنەوە، یان بەرهەمێکە لەو جیهانە دیگیتالیی، تەکنۆکراتییەی کە لە هەوڵی ئەوە دام پێناسەی بۆ بکەم.

لێ، لەوەش مەترسیدارتر خودی ئەو جیهان، کولتووورە رووکەشەی دیگتالیی، تەکنۆکراتییە نییە کە جڵەوی ئاگایی، روح، زمانی کوردیی کردووە، بەڵکوو هەستنەکردن و بێئاگایی مرۆی کورد، شاعیر و نووسەرانە لە هەمبەر تەشەنەکردنی ئەو مەترسییەوە.

کەواتە ئەوەی دەتوانێ زمانی کوردیی، شیعری کوردیی لەو ژیانە تەکنۆکراتییە، بێ ئامانجە روحیی و رووخۆکە رزگار بکا، سیاسەتێکی کولتوورییە کە بتوانێ بە رێگای نەخشەیەکی رۆشنبیریی، چاپکردنی

زنجیره كتێبی هەمەجۆری باڵا، ماسمیدیایەكی بینراو و خوێنەراوە و بیستراوی زانینیی نەك رووكەشیی، كۆڕ و دانووساندنێكی بەردەوامەوە، ئاگایەكی تۆكمە و چێژێكی ئێستێتیكیی رۆشنبیرییەكی رەنگاورەنگ لە روحی خوێنەر و جڤاكدا بچێنێت. لە تەك ئەمەش سازكردنی بزاڤێكی رەخنەیی رەسەن و كارا، ماریفیی و ئێستێتكیی، خاوەن رۆشنبیرییەكی نەریتیی و نوێباو، هەڵكۆڵێنەر، نەك وەك ئەو رەخنە مجگێزخواز و رووكەشەی ئەمرۆمان، دەتوانێ ئاسۆیەكی تر بۆ چارەسەركردنی ئەو دۆخە مردۆخەی شیعریی كوردیی ئاوەڵابكاتەوە، بەمەش ئەو ویستە بۆ شیعریی كوردی بگەڕێنێتەوە كە بتوانێ بۆ ناو زمان، یادەوەریی كوردیی رۆبچێ و هاوكاتیش روحێكی نوێ بەو زمانە شیعرییە ببەخشێ كە ئەو روحە نوێیە، جیهانە نوێیە لە ناو خودی زمانیی كوردییدا ئامادەیی هەیە.

گەلۆ لەو دۆخەی كە نووسەر، شاعیر، رەخنەگر و خوێنەرانی بەختەوەرن بەو زمانە تەكنۆكراتییە، بینراوە پچڕ پچڕ و هەوەسە سێكسییەی ژیانەوە، دەكرێ ئەو بزاڤە لە دایك بێت؟ ئەەی بۆ گومانەكانی خودی زمان بەجێدەهێڵین !

ئەرسەلان مەحمود : بەڵام پێویستی ئەو گۆڕانە هزریە ڕاستەقینەیەی ئێوە باسیدەكەن، بەرپاكردنی شۆڕشێكی درێژخایەنی گەرەكە، توانابینی و هێزی ئەدەبی هەندرێن لەكوێی ئەو جیددیەتە دایە، ئایا ئێوە ئەم هێزە لەنوسەرو ڕەخنەگرو شاعیرو ئەدیبانی ئەمڕۆی كورد دا دەبینن؟.

هەندرێن: راستییەكەی من دەتوانم نەخشەی پرۆژەیەكی بزۆكی رۆشنبیریی و رێگا و میتۆدگەلی جیاواز بۆ ئەو "گۆڕانە هزرییە راستەقینەیە" دابڕێژم و پێشكەشی ئەو هەموو ناوەندە رۆشنبیریی و هونەرییانەی بكەم كە ئەمرۆ لە كوردستاندا بە ناوی مجگێزخۆشكەر و دڵكێش قووتكراونەتەوە. لێ گەلۆ، وەك خۆت دەپرسی، ئەو هێزە مایەكیی، ویست و ئامادەییە بۆ پیادەكردنی ئەو پرۆژەیە لەناو ئەو ناوەندە رۆشنبیریی و هونەرییە هەیە؟ دیارە وەرامی ئەوە ئەگەر نەخێریش نەبێت، لێوانرێژە لە گومان. چونكە لە لایەك، كە بە جۆرێك لە جۆرەكان، لە بەرسڤی پرسیارەكەی پێشووماندا ئاماژەمان پێكرد، لەو دۆخەی ئێستای كوردستاندا هاوشان لەگەڵ رەوتی جیهانگیرییدا، زمانێك لە نووسینی كاڵاگریی و كاڵا بەرهەمهێنا و كاڵاسازیی بەرهەمدەهێنێت. وەك دەرهاوێشتەیەك لە ئاوابوونی پەرۆشی رۆشنبیریی و ئامانجی روحی ئەدەبیی و هونەریی لە بواری زماندا، ئەدەب و هونەر، كۆی كردەی رۆشنبیریی بوو بە ئامرازێك بۆ گوتنەوەی حیكایەتە تڕوهات، رووكەش، وێكچوو، دێجیتالیی، مۆدەخوازیی و ... تاد. ئەو تەرزە مۆدەیەی نووسین هاوشان لەگەڵ لافاوی كاڵاخوازیی، تێرنەبوون لە كاڵاكڕین و فرۆشتن، زمان و ئاخێوەر و نووسەری كوردییشی تەنییەوە. بەمجۆرە وەك چۆن دیمەنی ناوەكی شار، بێ بوونی زەمینە و ئاگاییەكی تۆكمەی جڤاكیی، شەقام، كۆڵان، گەڕەك و پارك و گۆشە، ماڵ و دائیرەكان بوون بە شانۆگەلی بازاڕی كاڵای تەكنیكی هەمەجۆر، ئامێریی رۆبۆتیی، مۆبایل، خواردنی لە قووتووكراو، مۆدە زۆرەكانی جل و بەرگ، خواردنی بەسەرچوو و ... تاد، بە هەمان شێوەش، رووبەری بڵاوكراوەكان، دەم و زار، مێشكی مرۆی كوردیی، بێ بوونی سیستەمێكی پەروەردەیی و ئاگاییەكی رۆشنبیریی كارا، بێ، بوون بە عەمبار و تاقیگەی وتەی لێكترازاو، چەمك و تیۆریی و هزرە رۆژئاواییەكان و هەندێ مۆدەی رۆشنبیریی عەرەبیی و فارسیی، بێ ئەوەی نووسەری كورد و ناوەندە رۆشنبیرییەكانی ناوكۆیی (كۆنتێكست) و سەرچاوەكانی ئەو وتە، چەمك، تیۆریی و هزرانە لەبەرچاو بگرن. بەمجۆرە وەك چۆن كاڵای تەكنیكیی، مۆبایل، سەتەلایت، ئوتۆمبێل و كۆمپیوتەر مرۆی چەپێنراوی كورد دەغەزار و دەعەجانكرد، بە هەمان شێوەش، ئەو تەرزە

رۆشنبیره رۆشنبیریی و هونەریی کوردیی تووشی بارێکی رووکەش و هەڵەکسێ و بێ ئاراستە کرد. بە واتایەکی تر: زمانی کوردیی کرد بە کاڵایەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی کاڵاسازیی .

بەمجۆرە لەو رەوشەدا بۆ ئەوەی زمانی کوردیی و روحی کوردیی لەو خودفەرامۆشییە رزگار بکرێت، دەبێت بە رۆشنبیرییەک فرچکبدرێت کە هەم روحی بەرهەڵستکاریی تێدا زیندوو بکاتەوە و هەمیش روحی نوێکردنەوەی زمانەکەی، یادەوەریی رۆشنبیرییەکەی. رزگار بوون لەو رۆشنبیریی و هونەرە بە کاڵاکراو و رووکەشە و بە گەڕخستنی ئەو رەوتە، دۆزینەوەی ئەو ئاراستەیە بەرەو ئامانجێکی هاوبەشی داهێنەر و مرۆڤخوازە، دەخوازێ هەر لە سیستەمی پەروەردەوە لە خوێندگا سەرەتاییەکانەوە تا دەگاتە زانستگاکان و "وەزارەتی رۆشنبیریی" (ئەو وەزارەتە بنکەیەکی زۆر بەدە بۆ ئەو کاڵاسازییە هونەریی و رۆشنبیرییە، بۆیە لە نێوان کەوانەمان داناوە) و یەکە یەکەی گۆڤار و وەشانخانەکان و ... تاد هەڵبوەشێنەوە و بە بەرنامە و نەخشەی رۆشنبیرییەکی کارای بیرلێکراوە سازبکرێنەوە. دیارە ئەمەش دەستەمایەکی ئابووری کراوە و هێزێکی مرۆیی و رۆشنبیریی: تیۆر و مێتودیی تەتەڵەکراو و کوردێنراوی فرە رەهەند و فرە دەنگ و پسپۆڕیی دڵسۆز و ئیدیالیی، مامۆستای لەخۆبوورد و لێبووردە و ئەڤینداری زانین، زمانناسیی زمانخواز نەک دەڤەرخواز و توێژەریی کارا، راوێژکاریی زرینگ و سەرڕاست و نووسەری فرەزان و ... تاد گەرەکە. ئەگەر کۆی ئەو توانا مانەویی ماددییە فەراهەم نەبن، دەبێ هەوڵدەین مەیسەریان بکەین، کە ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە .

بەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕان بنەچەکییە بەسەر پێی خۆی بکەوێ، دەبێ لە بنڕا، ئەو سیستەمە پەرتەوازە، رۆشنبیرییە گشتێنراوە، سیمبۆلپەرست و تاکەنووسەر پەرستە رووکەش و بێ شوێنپێیە، ئەو دیدە ئاسۆییەی رۆشنبیرییە کوردییە، کە رەگەکەی لە ئەقڵی خێڵەوە داکوتاوە و خۆی بە فۆرمە رووکەش، چەمک و ناوە زلەکانی ئەمڕۆدا شاردۆتەوە، هەڵوەشێنرێنەوە و پاشان دووبارە لەسەر بنەمایەکی فرەرەهەندیی، بزۆک، هەمیشە شیاو بۆ نوێبوونەوە سازبکرێتەوە. بەمجۆرە پێویستە زمانی کوردیی، رۆشنبیریی و هونەریی کوردیی لە بری قەتیسمان لە سازکردنی یەک دوو پاڵەوان و کردنی بە بوونەوەرێکی پیرۆز، پەرستگایەک و دوا داهێنەری سەر زەویی بە پەسندانە بێتامە رۆژانەییەکانی، خۆیی و خوێنەر و کۆی جڤاک بە مەیلی کولتوور و دیدی بە هەند وەرگرتنی توانایە رۆشنبیریی و هونەرییەکانی تاکەکەسە جیاواز و بێلایەنەکان فرچک بدەن. رۆشنبیریی، هزر و هونەرێکی کارا و بەرهەمهێن، بە پیرۆزکردن و پەرستنی تاکە نووسەرێک یان شاعیر یان هونەرمەندێک لە دایک نابێ، بەڵکوو بە بیرکردنەوە لە کۆی هێز و توانای تاکەکەسە جیاوازەکانەوە بەرهەمدێت. ئەو دیدە گشتگیر و نووسەر پەرست و دەروێشایەتییەش کە وێنەیەکی باوە لە ژیانی نووسینی کوردییدا، یەکێکە لە ئاستەنگەکانی ئەو بزاڤە چاوەڕوانکراوەی کە ئێمە پەرۆشخۆرینە. ئەوەندەی گوتمان کافییە بۆ ئەوەی سۆراغی پرسیارەکەتان رازی بکەین .

ئەرسەلان مەحمود: لەگەڵا ئەوەی ناتوانم کۆی ئەو پرسانەی ئێوە باسی دەکەن بەئاسانی بەسەریاندا تێپەڕم، ناچاریشم پرسیارەکانم چڕ بکەمەوە، ئەوەی نووسیوتانە و بڵاو کراوەتەوە، ئەوەی تائێرە وڵامی منتان داوەتەوە، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم هاوسەنگیەکی تەواوەتی هەیە، لێرەدا دەمەوێ بپرسم ئێوە بەردەوام لەسەر هەندێ شتی ئایدیال و خەیاڵی پێداگری دەکەن، ئەو دونیایەی ئێوە موژدەی دەدەن، دونیایەک نیە لەتەنیشتی خۆماندا ببینین، بەڵکو دونیای پێکهاتە تیۆری و فکریەکانە، وڵامی ئێوە چییە؟

**هەندرێن:** من لەودیوی وێنەی ئەو ڕەوشە پەنگخواردوو، گێژخواردوو و پەشۆکاوییەی ناو گەردوونی زمانی کوردیی، بوونی کوردیی، ڕۆشنبیریی و کردەی کوردییدا پرسیارێک، دۆشدامانێک و تارماییەک دەبینم، بۆیە ڕێکردنی من ئاگایانە بەرەو ئەوێیە. ئەگەر بەدەم ئەو ڕەوتەوە وێستێک، لاسەنگییەک، ونبوونێکی ناچاریی و هاودژییەکی بیرلێکراوە یان سافیلکانە هەبێت، ئەوە پەیوەندی بە زایەڵەی دەنگەکانی دەوروبەر و ساتی چوونە ناو خەون و خەیاڵاندنەوە هەیە، وەک پێشتر وتم، لە خودی زمانی شیعرییەتدایە. بۆیە "هاوسەنگی" پەیڤینەکانمانیش جووڵە و کردەیەکە لەو پرۆسەیەی کە خودی زمان سەرچاوەکەیانە.

لێ، دەرهەق بەوەی کە من "لەسەر هەندێ تشتی ئایدیالی و خەیالی پێداگیری دەکەم"، کردەیەکی نائاگایانە نییە. بەڕاست، ئەفراندنێک هەیە لە "واقیعێک" بهزرێ، هەڵگری"مژدە"ی جیهانێک بێت، کە "لە تەنیشتی خۆماندا ببیینین"؟ ئەگەر خودی ئەو "واقیع"ە بۆ هەمووومان بینراو، زانراو، گوتراو بێت، ئەرکی زمان، هزر و داهێنانی ئەدەبیی چییە، پێداگریی لەسەر بوونی بکات؟ لەوەش زێتر، ئەگەر کۆی کردەی ئەفراندن، بە هزر و تیۆرییشەوە پەرۆشخۆریی بۆ ژیانێکی "ئایدیالی" نەبێت، گەوهەری زمان، ئەبەدییەتی مرۆڤ، چتۆ بەهایەکی دەبوو؟ بۆیە ئەوەی بەهای زمانی ئەفراندن و کرۆکی مرۆڤبوون هەمیشە بە سەرنجکێش و هەرمان دەهێڵێتەوە، بوونی هەمیشەی ئەو پرسیار، سۆراغ و ژیانە "ئایدیالی"یە. بۆ ئەوەی ئامادەیی هەمیشەی ئەو پەرۆشخۆرییە بۆ ژیان و جیهانێکی "ئایدیالی"ی کە، وێدەچێ تووشی پرینگانەوەیەکی کردەیی لە هەمبەر ئاخاوتنەکانماندا، پێویستە ئاوڕێک لە یادەوەریی زمانی خۆمان و زمانە جیهانییەکانەوە بدەینەوە. هۆمیرۆس بە شاکارەکەی، "ئەلیادە و ئۆدیسە"وە جیهانێکی ئایدیالیی لەو واقیعە بەرچاوەی ئەودەمی گرێکدا دەترنجێنێ، تاکوو هەموو گەردوون، بە خواوەندەکانیشەوە پەرۆشییەکانی خۆیان بۆ ئامادەبوونیان لە زماندا بە گۆ بێنن. هەروەک هەردوو کتێبەکەی پلاتۆ (ئەفلاتوون) و ئەریستۆ، "کۆمار" "سیاسەت" لێوانڕێژە لە وێناندنی مرۆڤ، جڤاک و سیستەمێکی سیاسیی "ئایدیالی". جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، تا ئەمڕۆش وێناندنەکانی ئەو دوو فێلەسووفە لە مرۆڤ، سیستەمی سیاسیی، تیۆریی دەوڵەت، شێوە و مێتودی بەڕێوەبردن. پەروەردەکردنی جڤاک و ... تاد سەرچاوەیەکی هەمیشە دانسقەن. لە کاتێکدا ئەو مرۆڤ و جڤاکە و سیستەمە سیاسییەی کە ئەو دوو فێلەسووفە گرێکییە خەونیان پێوە دەبینی، بوونەتە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی هەزاران ڕاڤەی جیاواز و مۆدێلی سیاسیی، وێدەچێ هەرگیز ئەو مرۆڤ، جڤاک و سیستەمە سیاسییە "ئایدیالی"یانەی کە ئەو دوو فێلەسووفە وێنایان دەکرد، کتومت بەرجەستە نەبنەوە. ئەمەش نەمری کرۆکی ئەفراندنێکی ئۆرگینال و دانسقەیە. بۆیە چ مرۆڤ یان خودی تیۆریی یان ئەدەب هەڵگری پەرۆشیی و جیهانێکی "ئایدیالی"ی نەبن، زوو کاڵ دەبنەوە .

لێ بۆ ئەوەی بە سەهو نەچین پێویستە بێژین، کە ئەو بەها "ئایدیالی"یەی کە ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە، هەر تەنیا "خەیاڵاندن"ێک نییە تاکوو لە داخی ئەو "واقیع"ەی کە لە تەنیشت خۆمانەوەیە، وەک سێبوورییەک پەنای بۆ ببەین. نەخێر، مەبەستمان لەو "واقیعە ئایدیالی"یە، هەوڵدانە بۆ هەنگاونان بەرەو نیشتەجێبوون تێیدا. ئەو واقیعە ئایدیالییە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لەناو ئەو واقیعە بەتاڵکراو لە مانا و بەختەوەریی و یەکسانی نێوان هاووڵاتیان و گەندەڵسالارییەدا دەستەوەستاو خۆی بە دەست مەرگەوە نەدا یان لە دەستی نەقووچێنێت .

کەواتە ئەو واقیعەی من لەسەری دەدوێم هەر تەنیا لە خەیاڵدا نییە، بەڵکوو واقیعیکی پەی پێنەبراوە، فەرامۆشکراوە کە لە خودی بوونی ژیان و خۆماندا هەیە. ئەگەر چەشنە واقیعێکی ئایدیالیی بوونی نەبێت، بۆچی زمان پرسیاری لە بارەیەوە دەکا؟ بۆچی ئێمە بەو "واقیعەی کە لە تەنیشت خۆماندا هەیە"، کە

تێیــدا دەژیــن رازی نــین؟ ماشــەڵڵا چونکــە  واقیعــی کــوردی زۆر نــازادەرە، بۆیــە پێویســتمان بــە واقیعێکــی تــری ئایدیالییەوە نییە!

بــەمجۆرە ئــەوە مانــای نییــە ئــەو واقیعــەی کــە ئێمــە وێنــەی دەکێشــین یــان بــە گرینگــی دەزانــین بــە کۆویســتێکی خــەملێوو بــەرەو بەرجەســتەکردنەوەی هــەنگاو بنێــین، کتومــت ئــەو واقیعــە بێــت کــە ئێمــە بیرمــان لــێ کردۆتــەوە. بۆیــە دۆزینــەوە و تێــدا نیشــتەجێبوون لــەو واقیعــە "ئایــدیالی"ییــەدا کــاری هــەرەوەزیی، تاقیکردنــەوەی تیــۆریی و هزری جیاواز و لەباری دەوێت .

لــە کۆتاییــدا دەبــێ بێــژین، کــۆی "واقیــع"یــەکان، ئــەوەی کــە ئێســتا ناڵــە ناڵمانــە بــە دەســتییەوە و ئــەو "واقیعــە ئیــدیالی"یــەش کــە مــەیلی بەرجەســتەکردنەوەمان بــۆی هەیــە، بەرهــەمی تیــۆریی، هــزر و فەلســەفەکانن. بۆیــە نــە بــێ تیــۆریی، هــزر و فەلســەفەکان، واقیعێکــی گەنــدەڵ و نــە واقیعێکــی دڵفــڕێن، یەکســان، بەختــەوەر، دادپــەروەر؛ "ئایــدیالی"یــش هەیــە. هــەروەک بــێ مــرۆڤ؛ زمــان، نــە تیــۆریی، هــزر و فەلســەفەکان هەیــە و نــە واقیعێکی بوودەڵە، گەندەڵ و نە واقیعێکی "ئایدیالی"یش هەیە .

بــە ســادەکردنەوەیەکی کوردییانــە: ســەدان، ئەگــەر نــەڵێین هــەزاران ســاڵە خــودی دەوڵــەتێکی مــەزن، ســەروەریی خــاکی کوردســتان و مــرۆی کــورد، بریتیــی بــووە لــە "واقیعێکــی ئایــدیالی"ی، لــێ بــۆچی مــرۆی کــورد، ئــەو هــەموو رابــوون و تێکشــکاندنەی لــە پێنــاوی بــەدیهێنان، بەرجەســتەکردنەوەی ئــەو "واقیعــە ئایــدیالی"یــە بــە خۆیــەوە بینییــووە؟ بــۆچی کــورد بــەو "واقیعــەی کــە لــە تەنیشــت خۆیــدا هەیــە" رازی نابێــت؟ کەواتــە مرۆڤــەکان لــە ئاســتێکی جیــاواز و لــە جڤــاکێکی جیــاوازدا، هەمیشــە بــە دوای ژیــانێکی بەختــەوەرتر، بــوونێکی ئــازاد و شــکۆمەندتردا دەگــەڕێن، کــە لــە بنەڕەتــدا لــە ئــاوەز و ئاگــایی مــرۆڤ و لــە خــودی جیهانەکانیانــدا بــوونی هەیــە، بەڵام پیادەنەکراوە .

لێــرەوە کــردەی ئــەدەب، ســەرچاوەیەکی هەمیشــە لــە بــن نــەهاتووە بــۆ گــەڕان و پرســیارکردن یــان چرپانــدنی ئــەو جیهانــە ئیدیالییــە بــە گــوێی مرۆڤــدا. کەواتــە بــە جەختکردنەوەیــەک لــە کــۆی ئاخاوتنــەکانمان، ئەگــەر رەهەندی مرۆڤ رەهەندێکی "ئایدیالیی" نەبووایە، دەمێک بوو کۆتایی هاتبوو   .

ئەرســەلان مــەحمود: زۆرێــک لــە ڕەخنــەگرانی بــواری شــیعر، لــە توێژینەوەکانیانــدا لــە گەوهــەرو ئامــانجی شــیعر ســڵا دەکــەن و بــەلوت بەرزییەکیشــەوە دەیانــەوێ هــەرێمی دەنــگو ڕەنگدانــەوەی شــیعر بگــۆڕن، بــە واتایــەکی دی دەیانــەوێ زەمینــەی کۆمەڵایــەتی شــیعر بگــۆڕن، ئایــا جیاوازیــەکانی ڕەخنــەی کۆمەڵناســی و ڕەخنــەی ڕواڵــەتی چین، بابزانین ئەم تێگەیشتنە لەلای هەندرێن چ خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێ؟

هەنــدرێن: دیــارە لــە هــەر قۆنــاغ و رۆژگارێکــدا، وەک دەرهاوێشــتەیەک لــەو گــۆڕان و پرســیارانەی کــە لــە جڤاکــە جیاوازەکانــدا ســەرهەڵدەدەن، رەخنــەی ئــەدەبیی و لەوانــەش شــیعر ئاراســتەی تیــۆریی و میتــۆدی جیــاواز دەگرێتەبــەر. لــێ لێــرەدا دەخــوازێ بپرســین: گــەلۆ ئــەو "توێژینەوانــە" ی کــە لــە رابــردوو و ئێســتادا لــە "رەخنــەی کــوردیی"دا لــەو نموونــە باوانــەی کــە بــۆ خوێنــەر ئاشــکران، ســەرچاوەیەکی خۆماڵییــان هــەبووە و هەیــە؛ ئــەو جــۆرە رەخنانــە دەرهاوێشــتەیەکن بوونــە لــە پرۆســەی ئــەو گــۆڕان و پرســیارە جڤــاکیی، رۆشــنبیریی، ئــابووریی و ... تــاد؟ بــە واتایــەکی وردتــر: ئــاخۆ ئــەو "توێژینــەوە"ی کــە ئــەمڕۆ لــە بــواری"رەخنــە"ی کوردییــدا لــە ئارادایــە، دەرهاوێشــتەی گــۆڕانێکی بونیــادیی کولتــووری کوردییــە؟ گــەلــۆ ئــەو تیــۆریی و میتــۆدە تایبەتمەندییانــە کامانــەن کــە "رەخنــەگریی کــوردیی" لــە رابــردوو و ئێســتادا بــە شــێوەیەکی بەرجەســتەکراو و کــارا پیــادەی کردبێــت و بکــا؟

بەمجۆرە ئەو پرسیارەی تۆ ناچارمان دەکا ئەمانە و پرسیارگەلێکی لەو تەرزانە ئاراستەی خۆمان بکەین، کە بە دڵنیاییەوە لە هەڤپەیڤینێکی ئەوهادا ناتوانین بەرسڤێکی فرەی چاوەڕوانکراویان بدەینەوە .

لێ بە کورتی، بە تێگەیشتنی من، "رەخنەگریی کوردیی"، بە گشتی، چ لە رابردوو و چ لە ئێستاشدا داهێنەری روانگە، تیۆریی و میتۆدێکی خۆیەکی نەبووە و نییە. دیارە مەبەستم لەو چەشنە شێواز و روانگە رەخنانەیە کە دوێنێ و ئەمڕۆ لە بواری رەخنەی کوردییدا باون. هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئەوە جەختبکەینەوە، کە لە سەدەی رابردوودا، بە تایبەتیش لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە بواری رەخنەی کوردییدا چەن هەوڵێکی رەخنەی رەسەنی کوردییمان هەیە، کە مخابن بە هۆی ئەو شێوازە رەخنەیەی کە سەرچاوەکەی ئایدیۆلۆژییەکی تەسکبین بوو ، مەبەستم ئەو چەشنە رەخنەیە کە بە "ریالیزمی سۆسیالیستی" باو بوو، ئەو چەشنە رەخنە رەسەنەی کە سەرچاوەکەی لە ناوکۆیی دەقی کوردییدا، پەیوەندییە جڤاکیی و رۆشنبیرییەکانی هەناوی جڤاکیی کوردییدا هەڵقووڵابوو، نەک هەر بە هۆی باڵادەستی ئەو ئایدیۆلۆژییە وشکەڕۆیەی کە لە بواری سیاسییدا باڵادەستبوو، نەبووە سەرچاوەیەک، بۆ فراژانی رەخنەی ئەمڕۆی کوردیی، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ باڵادەستی رەهای ئەو ئایدیۆلۆژییە پەراوێزکرا. مەبەستم لە نموونەی ئەو رەخنە رەسەنەش، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعود محەمەدە لە جیهانی شیعری نالی، "چەپکێک لە گوڵزاری نالی"، "حاجی قادری کۆیێ" و زیندووکردنەوە و شرۆڤەکردنی هۆنراوەکانی شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردیی بوو لە لایەن ماڵباتی مەلا عەبدولکەریم مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و چەند خەمخۆری. لێرەدا داوای لێبووردن لەوانی تر دەکەم کە کەم و زۆر هەوڵی جوانیان داوە و لێرەدا ناویانم نەهێناوە. دیارە بە گشتی ئەو تەرزە رەخنەیەی سەدەی رابردوو گرینگی بە رەهەندی واتاسازیی، ئاهەنگسازیی، مانا و شوێنکاتی شیعر دەدا .

لێرەوە سەرچاوەی کێشەی ئەو چەشنە "توێژینەوە رواڵەت"ییەی کە تۆ لێی دەپرسی، بەردەوامییەکە لەو پاشخانە رەخنەییەی کە لەسەر وابەستەبوون و چاولێکەریی دەرەکییەوە قەتیسماوە. دەخوازم بڵێم، ئەو دیمەنەی کە ئەمڕۆ بەناوی رەخنەوە لە بواری ئەدەبی کوردییدا لە ئارادایە، روانگەیەکی خۆکرد نییە، بەڵکوو گواستنەوە کۆمەڵێ وتەی هەڵبزڕکاو و بیرلێنەکراون نەک کۆنتێکست "ناوکۆیی" کە بە هۆی وابەستەیی نووسەری کوردیی بە زمانی عەرەبیی و فارسیی و ئەو چەشنە وەرگێڕانە پاشەگەردانەی کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردییدا لە ئارادایە بوونەتە مۆدە لە بواری رەخنەی کوردییدا .

لەوەش بترازێین، بە کورتی رەخنەگری ئەدەبی، بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی ئەکادیمییدا، کار لەگەڵ راڤەکردن و پۆلێنکردنی دەق و کردەی ئەدەبییدا دەکا. بە واتایەکی روونتر: بەر لە سەرهەڵدانی رەخنەی کۆمەڵناسیی ئەرکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی ئەوەبوو کە شاعیر و دەق لە شوێن و رۆژگارەکەی خۆیدا پۆلێنبکات .

لێ ئەرکی سەرەکی رەخنەی کۆمەڵناسیی کارکردنە لەگەڵ دیاردە و ناسنامەی گروهە جیاوازەکان و نامۆبوونیان لە جڤاک و ئاوڕدانەوەیە لە ئەدەبی گشتی و کاریگەرییەکانی لەسەر جڤاکدا. لێرەوە دەستەواژەی "رەخنەی کۆمەڵناسیی"، کە یەکەم جار لە سەدەی رابردوودا لە فەرەنسا و ئەلمانیا و پاشانیش لە ئینگلستاندا هاتە کایەوە. لە سەرەتادا کۆمەڵناسیی و مارکسیزم کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە هەبوو. ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە لە لە دەقە ئەدەبییەکاندا زیاتر ئاوڕی لە رەفتاری و ئاکاری مرۆڤ و نەریتی خوێندنەوەی لای خوێنەر دەدایەوە. لێ لەو پەیوەندییەدا رەخنەکانی هۆرکهیمەر و

ئەدۆرنۆ سەبارەت بە کولتووری کارگەسازییەوە، رۆڵێکی گرینگی هەیە لە بواری ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە. ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر جەختیان لەوە دەکردەوە، کە کولتووری کارکەگەسازیی توانی ئاگایی و غەریزە و هەستی مرۆڤ لە قاڵب بدا. ئەو دوو کۆمەڵناسە مارکسیستە رۆژئاواییە، کە دیارترین بونیاتنەرانی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" بوون، وایاندەبینی کە کولتووری کارگەسازیی لە سەرەوەڕا ئاپۆرەی خەڵک مشتوماڵ دەکا. بۆیە پەیوەندی نێوان کولتووری کەرگەسازیی و کریارەکانی ئەو کولتوورە، پەیوەندییەکی نادێمۆکراتییە، کە ئەمەش ئاڵوگۆڕییەکی ساختەکارانەیە، چونکە کارگە کولتوورییەکان ئەو کولتوورەی کە خۆیان بەرهەمهێنەرینە بەسەر خوێنەردا دەسپێنێت .

بەهەمە حاڵ، لێرەدا بوارمان نییە باس لە وردەکارییەکانی رەخنەی کۆمەڵناسیی ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر بکەین کە لە 30ەکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا و لە 50 و 60ەکاندا بە شێوەیەکی بەرفرە تەنییەوە بۆ زۆر بواری هونەریی، مێدیا و ئەدەب و ... تاد، هەروەک لە حەفتەکان بە دواوە ئەو روانگە رەخنە کۆمەڵناسییە، بە رەخنەی ئێستێتیکی "پۆست ئەدۆرنۆ" ئاقارێکی تری گرتەبەر. دیارە ئەو تەرزە رەخنەیە لەمڕۆی کوردستاندا گرینگی خۆی هەیە، چونکە هاوکات لەگەڵ بەهەرمێنبوونی مەسمێدیا و سەرهەڵدانی تۆڕێک لە بڵاڤۆک و بڵاوکراوەی کارگەیەیی- یان بە واتای ئەدۆرنۆیی، هاتنەکایەوەی ئەدەبێکی کارگەیی لە کوردستاندا، ئەو تەرزە رەخنەیە بەهای خۆی هەیە. هەڵبەت مەبەست لە بەهای ئەو رەخنەیە، گواستنەوەی لینگاوقووچی ئەو روانگانەی ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر نییە، بەڵکوو بە خەملاندنی کوردییانەی ئەو روانگەیە.

دیارە رەخنەی کۆمەڵناسیی، هەوڵدەدا بە رێگای زمان، بابەت و رەهەندە جووداکانی دەقەوە، چەشنە خوێندنەوەیەکی هزرووژێن فەراهەم بکات. بەمجۆرە ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە هەوڵدەدا خوێنەر هەمیشە ئەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە وەک بابەتێک بۆ فێربوون، فرچکدان و سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەو و تێڕامان سەیر بکات. دیارە ئەو چەشنە خوێندنەوەیە پەیوەندی بە بوونی توێژێکی بە ئاگا هەیە لە جڤاکدا. مەبەست لەو توێژە خوێنەرە، خوێنەرێکی کارای بێدەنگە، کە دواجار خودی ئەو خوێنەرە لە ژیانی جڤاکییدا دەبێتە رەخنەگرێکی ئەدەبی. ئەو جۆرە رەخنەگرە کۆمەڵناسییە دەقی ئەدەبی تەنیا لە شێواز و چەمکگەلێکدا کورت ناکاتەوە، بەڵکوو دەقی ئەدەبی وەک ئاوێنەیەک لە ژیانی ناوەکی تاکەکەسەکانی جڤاکدا سەیر دەکا. بەمجۆرە دەقی ئەدەبی دەبێتە سەکۆیەک بۆ نمایشکردن و بە گۆهێنانی بوونی دەنگە جیاواز و تایبەتەکانی تاکەکەس و گروهەکانی ناو جڤاک. لێرەوە رەخنەی کۆمەڵناسیی تەنیا بە دوای رەهەندی ئێستێتیکییەوە سەرقاڵمان ناکات، بەڵکوو خوێنەر بەو دیاردە و رەوت و ئەو جیهانە جیاواز و نەگوتراوانەی کە دەقی ئەدەبی بەرجەستەیان دەکاتەوە ئاشنا دەکا و فێری رەخنەگرتن و بیرکردنەوەمان دەکا. کەواتە رەخنەی کۆمەڵناسیی بە خوێندنەوەی دەقێک، جیهانە نادیارەکانی ناوەوەی دەقێک بە گۆدەهێنێ. لەو دیدەوە، کردەی رەخنەگری کۆمەڵناس ئەوەیە، کە بە خوێندنەوەی دەقێک فێری گفتوگۆمان دەکا، گفتوگۆیەک کە هانماندەدا بهزرین. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو رەخنەگرە پێویستی بە فێربوونی بیرکردنەوە نییە، نەخێر. رەخنەگر بە خوێندنەوەی دەقێکەوە هەم خۆی فێری بیرکردنەوە دەکا و هەمیش خوێنەر و مرۆڤەکان. بەمجۆرە ئەو چەشنە خوێندنەوە دەبێتە پەیڤین و رەفتارێکی جڤاکیی. بە کورتی رەخنەی کۆمەڵناسیی هەوڵدەدا بە رێگای خوێندنەوە دەقەوە کاریگەرییەک لەسەر ئاگایی خوێنەر، جڤاکدا بسازێنێت و بەمەش هانیبدا بیربکاتەوە تاکوو گۆڕانێک لە ژیانەکەیدا فەراهەم بکات و ببێت بە مرۆڤێکی کارا و ئازاد یان جڤاکێکی بەرهەمهێن و نوێ. بە دەربڕینێکی چڕتر، لە کن من، رەخنەی

کۆمەڵناسی ئارمانجی ئەوەیە مرۆڤ بەرەو هزراندن و بە ئاگابوون هانبدا. دەکرێ ئەو تەرزە رەخنەیەش بە هیچ ئایدیۆلۆژییەکەوە نەبەسترێتەوە، یان بە ئاوێتەکردنێک لە دیدی ئێستێتیکیی و ناوەرۆکەوە، دەق وەک جیهانێک لە دیاردەکانی جڤاک، روانگە جیاوازەکان، مەیلی تاکەکەسەکان، رەوتە نوێیەکان، تەنگژە دەروونیی و هزرییەکانی جڤاک و ... پێناسەبکرێت. مخابن ئەمڕۆ بە دەگمەن ئەو چەشنە خوێندنەوانە لە بواری رەخنەی کوردییدا بەرچاو دەکەون. کەواتە ئەوەندەی من تێبگەم، ئەو رەخنە "رواڵەت"ییە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و شێواز و بابەتێکی بینراوی ئامانجە، کە خودی ئەو دەقانە پیش ئەو رایانگەیاندووە. بەمجۆرە ئەو شێوازەی کە رەخنەگر باسی دەکا، شتێکی شاراوە نین لای خوێنەر و خودی نووسەردا، بەڵکوو جۆرە لاسایکردنەوە یان گوتنەوەی ئەو تشتە رووکەشانەن کە پێشتر دەقەکان نمایشیان کردووە .

**ئەرسەلان مەحمود** : مەبەست لە شۆڕشی لۆژیکی کۆمەڵناسی ئەدەبیدا چیە، ئەمە لەکوێوە دەست پێدەکات، ئایا پێتان وایە بەرهەمی ئەدەب و هونەری رەنگدانەوەی دۆخی گروپە کۆمەڵایەتیەکانن یان بەشێوەی خولیایی داڕێژەری ڕاستیەکانن و پەیوەندییەکی دیالکتیکییان هەیە؟

**هەندرێن**: راستییەکەی بە باشی "لە شۆڕشی لۆژیکی کۆمەڵناسی ئەدەبی" تێناگەم، لێ سەبارەت بە ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە، دەکرێ مەبەست لەو بزاڤە جڤاکییانە بێت کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لە رۆژئاوادا هاتە کایەوە؟ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لەگەڵ دەرکەوتنی چینی بۆرژوازییدا ئاخاوتن لەمەڕ "ئەدەبێکی نوێ" دێتە ئاراوە. مەبەست لەو ئەدەبە نوێیەش، سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ نەبوو لە بواری ئەدەبییدا، بەڵکوو مەبەست لە سەرهەڵدانی چینێکی نوێش بوو کە لە بواری سیاسییدا دەسەڵاتی هەبوو. هاوکاتیش ئەو ئەدەبە نوێیە بە روانگە و مشتومڕ وەرچەرخێنەرانەی ئەو چینە بۆرژوازییەوە دەبەسترایەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بە هەرمێن بوو. ئەو ئەدەبە نوێیەش تەنیا لە ئاستێکی رۆشنبیرییدا نەبوو، بەڵکوو پەیوەندیشی بە پرسی جیهانبینی، شێوەی سەیرکردنی مرۆڤەکان بە ئایینەوە هەبوو. بەمجۆرە لەوێد ئەو چینە بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرە نوێیە بە هۆی گەشەسەندنی رۆژنامە، بزاڤەکانی خەڵک و بزاڤی سیاسیی کرێکارانەوە گوزارەی لە سیاسەتی ئەو چینە بۆرژوازییە دەکرد کە وەک هێزێکی دەسەڵاتدار بەرهەمهێنەری ئەو گەشەکردنە بوو. هاوشان لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو ئەدەبەی چینی بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرانەی کە سەر بە چینەکانی تر بوون بە خۆ کەوتن. بە کورتی لەو رۆژگارەدا ئەو بزاڤە ئەدەبیی و جڤاکییانە بە "پرۆسە بە دیمۆکراتیزەکردن" ناودێر دەکرێت. بە واتایەکی روونتر، دەکرێ بێژین کۆی ئەو بزاڤانە ئارمانجیان بە مەدەنیکردنی جڤاک و دوورخستنەوەی رۆڵی ئایین بوو لە سیاسەت و کاروباری جڤاکدا. هەر بۆیە ئەو ئەدەبە نوێیە وەک ئەدەبێکی وشیارکردنەوەش دەناسرێتەوە. لەوێدا ئەو بزاڤە جڤاکییانە کاریگەرییەکی فرە لە ئەدەب دەکەن. لەوێدا پەخشانی کورت دێتە ئاراوە، کە بە "پەخشانی کرێکار" ناودێر دەکرا. ئەو بابەتانەی کە ئەو ئەدەبە نوێیە کاری لەسەر دەکرد، کاریگەریی بێکاریی بوو لەسەر خێزاندا. وردەکارییەکانی ئەو ئەدەبە گرینگی بە پرسی ئەلکهەلویستبوو، زۆر خواردنەوەی ئەلکەهول، رمانی نەریت، دیاردەی بە تەنیا ژیانی ژن، دایکە تەنیا و منداڵ لەباربردن دەدا، کە ئەمەش، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە رەوشی ئێستای جڤاکی کوردیی دەچێت. هەڵبەتە ئەو ئەدەبە ئەو دارمانە ناوەکییەی جڤاک وەک دەرهاوێشتەیەک لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەیر دەکرد و هاوکاتیش جەختی ئەوە دەکردەوە، کە ئەوە ئەرکی تاکەکەسەکانە کە رووبەڕووی ئەو دۆخە دارماوە جڤاکییە ببنەوە. لەوێدا روانگەی چین بنەمایەکی مۆڕالی

هەبوو کە رووخساری ئەو ئەو ئەدەبەی دەچنییەوە. بۆیە لەو ئەدەبەدا دەستپێوەگرتن بە پەیوەندییەکی تۆکمەی خێزان وەک کرۆکی مۆڕالێکی جڤاکیی و هاریکاریی چینەکان هەمیشە ئامادەیی هەبوو.

لێرەوە رەنگە سەرچاوەی ئەو "شۆڕشی لۆژیکی ئەدەبی کۆمەڵناسی"یەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی پەیوەندی بە بونیاتنانی ئەو کولتووره بۆرژوازییەوە هەبێت کە لە سەدەی نۆزدەدا دەستی بە فراژان و رسکان کرد و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا گەیشتە لووتکە. بۆیە لێکۆلەرەوانی رۆژئاوایی ئەو قۆناغە بە قۆناغی لە دایکبوون و فراژووتنی کولتووری بۆرژوازیی لە رۆژئاوادا ناودێر دەکەن. دیارە ئەو چینە بۆرژوازییە نوێیە بوو کە رووبەڕووی شێوەی ژیان و کولتووری دەربەگایەتی و ئەریستۆکراتی بووەوە کە تا ئەوکات بەسەر هزر و رەفتارەکانی جڤاکدا باڵادەستبوو. چەمکی تاکەکەس (ئیندیڤید)یش بەرهەمێک بوو لە دەسەڵاتی ئەو چینە بۆرژوازیە. بۆیە لەوێدا چەمکی تاکەکەس (ئیندیڤید) بوو بە بناغەی بابەتی کولتووری ئەو چینە بۆرژوازییە .

**ئەرسەلان مەحمود:** بەکێ دەگوترێ نووسەر، هەندرێن پەیوەندی نێوان نووسەرو بەرهەمەکەی تا چەند بە پێویست و بابەتی دەزانێ ؟

**هەندرێن:** لە کن من، بەر لە هەموو تشتێک نووسەربوون شێوازێکە لە ژیان. نووسەر ئەو بوونەوەرە پەرۆشخۆرەیە کە بە ئاگاییەکی ناوەکیی تەنیایە و هیچ پەیوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو رەوشە باوەی دەوروبەرەکەیدا نەماوە؛ لە رووبەڕووبوونەوەی هەمیشە ئەو رەشە قەتیسما و باوەدایە کە تێیدا دەژیت. نووسەر ئەو کەسەیە کە لە ئۆنتۆلۆژییەکی نامۆدا دەژیت. بۆیە ئەو کەسەی دەنووسێ هەمیشە لە دۆخێکی بەرهەڵستکارییدا دەژیت. چونکە نووسەر ئاوێزانی جیهانێک و ئاییندەیەکە کە هەمیشە لە بزواندایە، تاکوو ئەو جیهان و مرۆڤە هەمیشە لە شکۆمەندیی و ویستی ئەفراندندا بێت. نووسەریی ئامانجێکی ماتریالیی؛ واتا کاڵابەرهەمهێنان نییە، بەڵکوو ئامانجێکی روحییە؛ ئامارمانجی ئاخاوتنە لە پەیوەندییە جڤاکییەکان و دەستپێوەگرتنی بەهاکانی ئەو پەیوەندییانە و هاندانی مرۆڤە بەرەو ژیانێکی بەرهەمهێنەر و ئازاد. بۆیە پەیوەندی نووسەر و بەرهەمەکەی، پەیوەندییەکی ئیرۆسییە، پەیوەندییەک کە لە گەڕان بە دوای جیهانێکی روحیی باڵادا بەرجەستە دەبێتەوە. لێ پەیوەندی ئیرۆسیانەی نووسەر و بەرهەمەکەی، گرێبەستییەکی سازشکارانە نییە، بەڵکوو وادەیەکی ناوەکیی و روحی خۆ بە خۆ و ئازادە لە نێوان نووسەر و بەرهەمەکەیدا. کەواتە نووسەر بە رێکردنی بەرەو ئەو دۆخە روحییەوە لە رووتبوونەوەدایە، تاکوو لەگەڵ بەرهەمەکەیدا ئاوێتە بن. بە دیوێکی تر، پەیوەندی نووسەر و بەرهەمەکەی، کردەیەکی ئێتیکییە. کەواتە نووسەر بەرپرسیارە لەوەی کە چۆن لەگەڵ خۆیی و بەرهەمەکەی مامەڵە بکات. چونکە بەرهەمی نووسەر بریتی نییە لە بەخشینی دەق، بەڵکوو نووسەر بە رێگای بەرهەمەکەیەوە، گەوهەری خۆی رادەگەیەنێت. ئەمەش شێوازێکە بۆ نیشاندان و چاندنی جۆرە ئاکار و رەفتارێکی ئایدیالی، کە ئامانجی خودی نووسین و نووسەرە. کەواتە کردەی نووسەر تەنیا وەعزدانی جوان نییە، بەڵکوو بەرپرسیاریشە لەوەی کە رایدەگەیەنێ. کردەی نووسەر وەک چون هەمیشە جوانکردن و شکۆمەندکردنی زمانەکەیەتی، بە هەمان شێوەش خۆشی بە ئاکارەکانییەوە پەرۆشی گۆڕین و جوانکردنی ئەو شێوە ژیانەیە کە لە جڤاکەکەیدا قەتیسماوە. بەمجۆرە کردەی نووسەر، شێوازێکە لە بەرهەڵستکاریی، هەڵوێست وەرگرتنە لەو ژیانەی کە لە ئارادایە .

**ئەرسەلان مەحمود:** لە تیۆری مارکسیستدا کۆمەڵگەی سەقامگیر وەک فاکتێکی بزۆز و بگۆڕ ڕاڤە کراوە، بۆچوونێکی تر ئەوەیە سۆسیالیزم وەک وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر دەنرخێنێو پێی وایە لەودا مرۆڤەکان خاوەن ئازادی و ئاسایشی زیاترن، سەرنجی ئێوە لەم بارەوە چییە ؟

**هەندرێن:** بە کورتی تیۆری مارکسیزم ئامانجێکی مێژوویی هەیە. ئەو ئامانجەش لە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیی، کۆمەڵگایەک کە جیاوازی چینەکان کۆتاییان دێت تەواو دەبێت. کۆمەڵگا لەو پرۆسەیەدا ئاسۆیی بەرەو ئەو ئامانجە، کۆمەڵگا کۆمۆنیستە، دەبزوێت .

ئەوەندەی من بزانم، مرۆڤ نەک هەر لە کۆمەڵگای سۆسیالیستییدا نابنە خاوەن ئەو ئاساییش و ئازادییەی کە تۆ باسیدەکەی، بەڵکوو لە هیچ سیستەمێکدا بەو دۆخە رازی نابێت کە تێیدا دەژیت. بەمجۆرە مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی هەمیشە لە گۆڕان و جیاوازییدایە و ویستی خاوەندارییەتی هەیە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەسەڵات و نۆرمە سەپێنراوەکاندا لە ململانێدایە .

لەو روانگەیەوە، بیرۆکەی سۆسیالیزم، بە هۆی قەتیسمانی لەناو کۆمەڵێ چەمک و سیستەمی بیرکردنەوەی رەهادا، لە جیهانبینی ئایینی نزیکدەبێتەوە. هەربۆیە سیستەمی لیبرالیی توانی ئەو شەڕە لە بەرەی سۆسیالیزم بباتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیی لیبرالیزم ئەو تایبەتمەندییەی تاکەکەس و مەیلی خاوەنداریی مرۆڤی لەبەرچاو گرت. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە سیستەمی لیبرالیزم توانیبێتی دەردەسەرییەکانی مرۆڤی بنەبڕ کردبێت. لێ بە هۆی ئەوەی پرۆسەی پێشڤەچوونی ئابووری سەرمایەداری توانی ئەو مەیلەی مرۆڤ بۆ خاوەنداریی ئاراستە بکا، بۆیە لە دواجاردا مرۆڤ لەو مۆدێلەی کۆمەڵگای سۆسیالیستییدا نەک هەر ئەو "ئاساییش و ئازادی"یەی فەراهەم نەکرد، بەڵکوو تووشی ژیان و بوونێکی دەعەجانیشی کرد. ئاکامی ئەوەش ئەو دۆخەیە کە ئەمڕۆ ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە کۆی مرۆڤی کردۆتە کۆیلەی کالاکانی. بەمجۆرە ئەمڕۆ کاڵاکانی سەرمادارایی بوونەتە خاوەندی مرۆڤەکان. تۆ سەیرکە لە کوردستاندا مۆبایل، ئۆتۆمبێل، کامێرا و... تاد بوونەتە مایەی بەختەوەرییەکی پلاستیکی مرۆڤی کورد و کۆی جیهان. هەر بۆیە سیستەمێک دەتوانێ بوار بۆ ئاساییش و ئازادی مرۆڤ بڕەخسێنێ، کە لە روحی مرۆڤ تێبگا، سیستەمێک کە لە نێوان ویستی خوانداریی و بەهای مرۆڤدا هاوسەنگییەک مەیسەر بکا. ئەمەش، بە کورتی، لە دادپەروەریی و ئازادیی و یەکسانییدا بەرجەستە دەبێتەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** مرۆڤی کورد لەهەر کاتێک زیاتر دەرفەتی سەرکوتکردنی خۆی ڕەخساو تر کردووە لەئێستادا، لەڕاستیەکان خۆی دەبوێرێت، تۆ پێت وایە ئەم هێزو تواناو خولیاو خەیاڵاتانەی کەدەشێ پێچەوانەبن چۆن دەپشکوێن؟

**هەندرێن:** ئاخاوتن لە مەڕ ئەو دۆخەی کە ئەمڕۆ کورد خۆی تێیدا دەنوێنێ، راڤەکاری هەمەتەرزی لە روانگەی مێژوویی، جڤاکناسیی، ئەنسرۆپۆلۆژیی، جیۆسیاسیی و... تاد گەرەکە. هەروەک رەخساندنی بوار و خاکێک بۆ دۆزینەوە و چاندن و موتربەکردن و خەمڵاندنی "ئەم هێز و توانا و خولیا و خەیاڵاتانە"ی کە لە هەناوی بوونی کورددا هەن، بەرنامە و کار و مرۆگەلی جوامێر و ویستی شۆڕگێڕانەی گەرەکە. راپەڕاندنی کۆی ئەو ئەرکانەش پێویستی بە پرۆسەیەکی بێندرێژەوە هەیە. چونکە ئەمڕۆ لەو دۆخەی کە مرۆڤی کورد خۆی بە دەستەکەوتە رووکەش و کاڵا روحکوژەکانی بازاڕی سەرمایەداریی خەپاندووە، لەوکاتەی کە سیاسەتی گەندەڵسالاریی و بازاڕاندنی بەها رۆشنبیریی و نەتەوایەتییەکان لە لایەن حیزبی کوردییەوە هاووڵاتیانی رادەستی بێمتمانەیی و رەوشێکی بێهوودەیی کردووە، راپەڕاندنی ئەو ئەرکە کارێکی

ئاسان نییە. لەو روانگەیەوە لە ئێستادا زیندووکردنەوەی ئەو هێز و توانا ویستخوازە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەها و ئەرکە نەتەوایەتیی و جڤاکییە لەبارچووانە، دەخوازێ لە ئاستی رۆشنبیریی و سیاسییدا کارگوزاریی بۆ بکرێت. ئەو ئەرکەش پێویستی بە بوونی کۆهێزێکی کارا و بە ئاگا هەیە لە بواری رۆشنبیریی کوردییدا. لێ مخابن وێدەچێ ئومێدی ئەو کۆویستە لە بواری رۆشنبیریی و بگرە سیاسییشدا لە ئارادانە بێت یان لەو ئاستەدا نەبن کە بتوانن ئەو بزاڤە بەسەر پێ بخەن .

بەهەمە حاڵ، لە پەیوەندی بەو پرسیارەی تۆوە ئەز لە دەرفەتی تردا لە چەند وتاردا ئەو تەنگژە و ئاکامەکانیی و ئاسۆکانی چارەسەرکرنەکانیم راڤە کردووە. بۆ نموونە لە وتاری "جڤاکی کوردیی و بزاڤە بازنەییەکانی لە دیدی هێگلەوە"، "کورد لە نێوان بەرداشی رەوشتی رەهاگەرایی و باڵادەستی تەکنیکدا" و لە وتارگەلی تریشدا هۆکردەکانی ئەو دۆخە روخۆکەکەم شرۆڤە کردووە .

لەوەش بترازێین، ئەوەی کە دەتوانێ ئەو کورد لەو رەوشە دڕدۆنگ، بنبەست و بێباکییە بێدار بکاتەوە و بەرەو ئاراستەی ژیانێکی بەرهەمهێنەر و سەرفراز بکا، فەراهەمکردنی سەکۆگەل، تۆڕێک لە بزاڤێکی رۆشنبیرییە. پێویستە دەنگە جیاوازە رۆشنبیریی و سیاسییەکان لە گفتوگۆ و دانووساندنێکی ئاوەڵا و دۆستانەدا لە ئاستی کۆڕیی هەمەجۆریی بینراو، بیستراو، نووسراو و چالاکی هەمە رەنگدا بە شێوەیەکی سیستەماتیکیی و بەرپرسیارانەوە سەرچاوە و هۆکردەکانی ئەو تەنگژەی کە ئەمڕۆ کوردی دەعەجان و سەرگەردان کردووە بە پاڵپشتی بەڵگە و میتۆدی فرەوە بخوێننەوە و بەمەش هەوڵبدا کۆی ئەو هێز و توانایانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لە بزاڤێکی خەملیوودا جاڕیانبدا و بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانیان ئاراستەیان بکەن. دیارە یەکێک هۆکردانەی کە وێدەچێ لەمپەرێکی سەرەکی بێت لەبەردەم ویستی نوێکردنەوە سێکولارکردنی جڤاکی کوردیی، ئەو هێزە گەندەڵانەی ناو حیزبە باڵادەستەکان و هێزە کۆنخوازەکانی جڤاکیی کوردیین. بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو بزاڤە رۆشنبیریی و جڤاکییە نوێخواز و هۆشیارەکەرەوەی کە جەختمان لەسەر کردەوە، هەوڵدانە بۆ گەمارۆدانی ئەو هێزانە. چونکە بە بێ کارکەنارکردنی ئەو هێزە هاوپەیمانە کۆنخوازە کە ئەمڕۆ جڵەوی بیرکردنەوە و روحی جڤاکی رادەکیشێ و ویستی نوێخوازیی کوردیی خەساندووە، راپەڕاندنی ئەو کردەیە ئەستەمە .

بە کورتی ئەمڕۆ کورد پێویستی بە کۆهێزێکی ویسخوازیی شۆڕگێڕانە هەیە؛ واتا کۆهێزێک کە ئەجێنداکەی ویستی وەرچەرخاندنی ئەو دۆخە بنەبەستە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاگاییەکی تۆکمەوە بونیاتی ئەو دەسەڵاتە سیاسیی و ئابوورییە هەڵوەشێنێتەوە و دواجاریش لەسەر بنەمایەکی بزۆک، بنەمایەک کە هەمیشە بۆ نوێکردنەوە و پێشڤەچوون لەبار بێت، ئەو سیستەمە سیاسییە داڕبڕێژێتەوە. بەمجۆرە ئەو سیستەمە نوێیە دەتوانێت لە روانگەیەکی بێلایەندا توانا و ویستی کۆتاکە جیاوازەکانی جڤاکیی کوردیی لەبەر چاو بگرێت. ئەمەش زەمینە بۆ ئەوە خۆشدەکا کە تاکەکەسەکان بە کۆی روانگە و توانا جیاوازییەکانیانەوە، زەمینە بۆ ئەو دام و دەزگایە خۆشبکات کە بە مەدەنی ناودێر دەکرێت. هەر ئەمەشە کە دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە هاراركییەی کە لەسەر پەیوەندییە خێڵەکیی و حیزبییەکاندا روحی بەرهەمداریی خەساندووە بێهێز بکات و جڤاکیی کوردیی بەرەو ئاسۆیەکی نوێ، کە لەوێدا بەرپرسیاریی، متمانەی هاوبەشی لە نێوان هاووڵاتیان، کێبەرکێی داهێنەرانە لە نێوان تاکەکەس، دڵسۆزیی بۆ نیشتمان و دۆستایەتیی ئامانجی کۆی هاووڵاتییانە، ئاراستە بکات .

**ئەرسەلان مەحمود:** دوا پرسیاری ئەم گفتوگۆیەم باسەرەتا خستنە ڕووی هەندێ سەرنجی خۆمییێت لەمەڕ گفتوگۆکە، لەڕاستیدا تاموچێژێکی زۆری پێبەخشیم، ئەگەرچی دەمەویست زۆرتر بڕۆینو زیاتر پرسیارەکانم وردبکەمەوە یان لانی کەم لەدڵما بوو دواجار هەندێ بابەتی ئانی بۆ قسەکردن لەگەڵتا بووروژێنم، سەرەڕاش دڵشاد بووم بەوەی کارێکم لەگەڵتان ئەنجامدا بۆ دوور دەمێنێتەوەو لەلایەن خوێنەرەوە دواجار پێشوازی شیاو دەکرێ، هەر بۆیە ئارەزوومە ئێوە دوا سەرنجی خۆتان لەمەڕ گفتوگۆکە بڵێنو ڕونیبکەنەوە ئاخۆ چییەکمان نەپرسیو جێهێشت کەدەبوایە هەڵوێستەمان لەسەری بکردابا، یان ئێوە دەتانەوێ چیتر بخەنە سەر خەرمەنی ئەوەی باسکرا بەگشتی؟. من سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ماوە درێژەی پێتان دام، لە یادەوەریمنا، زیندو دەمێنێتەوە..

**هەندرێن:** هەموو ئەو کردە، ئەزموون و پێشهاتانەی کە لە یادەوەریی و ژیاندا شوێنپێیەک دەهێڵنەوە، بەهای خۆیان لە زماندا دەپارێزن. لە کن من ئەو گفتوگۆیەی نێوانمان، وێڕای ئاشنابوون بە هاوزمانێک، وایلێکردم بیر لە زۆر پرسیار و دیاردە بکەمەوە کە پێشتر درکم پێیان نەدەکرد. هەروەک ئەو گفتوگۆیە وەک جۆرە هاوسەفەرییەک بوو لەگەڵ تۆ کە بێ ئەوەی پێشوەخت یەکترمان ناسیبێت. ئەمەش لای من کارێکی سەرنجکێشە. دیارە خۆتان دەزانن، کە هەموو دەقێکی ئەدەبیی و غەیرە ئەدەبی، نووسینێک و هەڤپەیڤینێک...تاد هەمیشە بە ناتەواوی دەمێننەوە. کۆتایی هێنانی ئەو گفتوگۆیەی ئێمەش، وێڕای بەسەرکردنەوەی زۆر دیوی ژیان و پرسیارە ئەدەبیی و جڤاکییەکانی خۆمان، لێ، وەک پرسیارەکانی بوونی مرۆڤ، کۆتاییەکی پشوو ئاسایە. هەڵبەت لەو گفتوگۆیەماندا دەکرا زۆر فرەتر باسی وردەکارییەکانی ئەزموونی پێشمەرگایەتی: وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتیی خۆم، دیوە دەروونیی و جڤاکییەکەی ئەو ژیانە سەختە، پیشهاتە سەربازیی و سیاسییەکانمان کردبا .

هەروەک لەو سەفەردا دەکرا باسی دیوە شاراوە و دیارەکانی تاراوگە و ڕەهەندەکانی زیندبوونەوە هەستی شوێن، نیشتمان و رابردوو و ... کە تایبەتمەندییەکن لەو دۆخە تاراوگەییەدا. دەکرا باس لە سەختی کوردبوون و بکەین کاتێک کە مرۆڤ لە ئاستی ئەکادیمییدا دەژیی و ڕووبەڕووی پرسی ئایدینتیتێت، ناسنامە دەبێتەوە... لێ وەک وتمان ئەوەی دەمێنێتەوە، شوێنپێی ئەزموونێکە کە ئێمەی بە ڕێگای زمانەوە ئاشناکرد. من بەوە دڵخۆشم کە هاوزمانێکی وەک تۆ، بێ ئەوەی لە نزیکەوە یەکترمان دیبێت و ناسیبێت، پەرۆشخۆرییەکی رۆشنبیریی وامانلێدەکا دانووساندن بکەین، کە خودی زمانە هاوبەشەکەمانە ئەو ئاگاییەمان پێدەبەخشیت .

بەو خواستەی کە ئێمە لە گفتوگۆکەماندا کۆمەڵێ پرسیار و زانیارییمان ئاراستەی خوێنەر کردبێت، کە بەلای کەمییەوە هاندەر بن بۆ هەڵوەستە لەسەر کردنیان و بە دواچوونیان. وەکی تر، ئەگەر کردەی دەق، وەڵامدانەوە و گەیشتن بێت بە کۆتایی بابەتێک یان نهێنییەکان ژیان یان کێشە ئاڵۆزەکانی بوونی کوردیی، دەبوو نووسین دەمێکە کۆتایی بهاتبا. دووبارە سوپاس بۆ خەمخۆرییەکانت.

ستۆکهۆلم / کوردستان

ماڵپەڕی ئەرسەلان مەحمود